هاوکاری

التضامن

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلانی
ت ٨٨٧٥٧٩٥ / ٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ ڕامەزراوە

ڕۆژنامەیەکی لەفتانەیە
٨ لاپەڕە بە
٥٠ فلسە

● پێنج شەممە ١٥ کانونی دووەم ١٩٨١ ژمارە ٥٧٠ ●

● الخميس ١٥ كانون الثاني ١٩٨١ العدد ٥٧٠ ●

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر
اسماعیل ڕسول

بڕیاری میژوویمان‌دا بۆ گێڕانەوەی دەستەڵاتی تەواومان لەسەر خاکەوئاوەکەمان و بە توانای لێهاتنەوە دژی هەرکەسێ دەوەستێن بەربەستی ئەم بڕیارە میژوویە ڕەوایەبکات .
سەرۆکی فەرمانده
صدام حسین

فرۆکەوانە نەبەردەکانمان ڕاستەوخۆ سەنگەرەکانی دوژمن دەپێکن

سەرۆکی فەرمانده صدام حسین چاوی بە بەڕێز نێرراوی پادشای وولاتی عەرەبستانی سعودی دەکەوێت

سەرۆکی بەڕێز موهیب ڕۆکن صدام حسین سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکان پاش نیوەڕۆی سێشەممەی ڕابوردوو چاوی بە نێرراوی شەخسی کەوت کە بۆ لای بەڕێزی نێرراوە لە ڕایەوە خاوەند شکۆ مەلیک خالد کوڕی عبدالعزیز پادشای وولاتی عەرەبستانی سعودی بەڕێز عبدالعزیز الخویطر وەزیری پەروەردەی سعودی .

بەڕێز الخویطر نامەیەکی زارەکیی بە سەرۆکی بەڕێز ڕاگەیاند کە لە مەلیک خالد کوڕی عبدالعزیزی برایەوە بۆی نێرراوە پەیوەندیی بە پەیوەندییە دووقۆلی‌یەکانی نێوان هەردوو وولاتی بڕاوڕێگای پەرە پێدان و قووڵکردنیانەوە هەیە بە چەشنێک سوودو بەرژەوەندیی گەلی عەرەبیان تێدابێت .

لەم چاوپێکەوتنەدا بەڕێز طارق حمد العبدالله ئەمینداری نهێنیی گشتیی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار بەوەکالەت ئامادەبوو .

سەرۆکی فەرمانده صدام حسین چاوی بە بەڕێز نێرراوی پادشای وولاتی عەرەبستانی سعودی دەکەوێت

سەرۆکی بەڕێز موهیب ڕۆکن صدام حسین سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکان پاش نیوەڕۆی سێشەممەی ڕابوردوو چاوی بە نێرراوی شەخسی کەوت کە بۆ لای بەڕێزی نێرراوە لە ڕایەوە خاوەند شکۆ مەلیک خالد کوڕی عبدالعزیز پادشای وولاتی عەرەبستانی سعودی بەڕێز عبدالعزیز الخویطر وەزیری پەروەردەی سعودی .

بەڕێز الخویطر نامەیەکی زارەکیی بە سەرۆکی بەڕێز ڕاگەیاند کە لە مەلیک خالد کوڕی عبدالعزیزی برایەوە بۆی نێرراوە پەیوەندیی بە پەیوەندییە دووقۆلی‌یەکانی نێوان هەردوو وولاتی بڕاوڕێگای پەرە پێدان و قووڵکردنیانەوە هەیە بە چەشنێک سوودو بەرژەوەندیی گەلی عەرەبیان تێدابێت .

لەم چاوپێکەوتنەدا بەڕێز طارق حمد العبدالله ئەمینداری نهێنیی گشتیی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار بەوەکالەت ئامادەبوو .

سەرۆکی فەرمانده صدام حسین هیدالیای ئازایەتی بە فرۆکەوانێکی بەدجەرگ دەبەخشێت

سەرۆکی بەڕێز موهیب ڕۆکن صدام حسین سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکان نیوەڕۆی سێشەممەی ڕابوردوو چاوی بە نەقیبی فرۆکەوان محمود چاسم کەوت .

بەڕێز سەرۆکی فەرمانده لەسەرەتای چاوپێکەوتنەکەدا گوێی لە فرۆکەوان نەقیب محمود گرت تەواوی بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە کە چۆن توانیویەتی هاوڕێ بربندارەکەی خۆی ڕزگاربکات و بیگەیەنێتە کەناری پێشەوەی پارچە سوپایی‌یەکانمان لە بەرەکانی جەنگدا ئەگەرچی ڕێگاکانیش سەختوپڕ مەترسی بوون .

بەڕێز سەرۆکی فەرمانده ڕێزی لەم پاڵەوانێتییە بەرزەی ناو .. قسەی ناڕاستەی کردو ووتی .. سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان پاش ئەوەی ئەم ڕووداوەی بە دوورودرێژی پێزانی بڕیاری‌دا ساڵێکی حزمەت کردنت پێش بخات بۆ ئەو ڕەفتارکردنە باشەت بەرانبەر بە هاوڕێکەت و بەستنەوەی چارەنووسی خۆت بە چارەنووسی ئەوەوە تاگوو کاری ڕزگارکردنت بە ئەنجام گەیاندو گەیانتە کەناری پێشەوەی پارچە سوپایی‌یەکانمان .

هەروەها بەڕێزی ووتی ئەم کارە بەڵگەی ڕەفتارێکی هارسەنگە ئەگەرچی حاڵەتەکە دژوارە بەڵام پێوانەی سوپایی بۆ سەربەرزیو پێوانەی عیراقی بۆ سەربەرزیو پێوانەی مەردان بۆ سەربەرزیو لایەنگرتنی برایان لە کاتی تەنگانەدا لەلای تۆ تێکنەچوون .

بەڕێز سەرۆکی فەرمانده هەروەها ووتی .. هەروەها سەرکردایەتی بڕیاری دا میدالیای ئازایەتیت پێ‌ببەخشێت ئەویش بۆ ڕێزلێنانی ئەم بیرو باوەڕانەی کە بە گوێرەیان بەرێکوپێکی و هارسەنگی و ئاکاری و ئازایەتی هەڵسایت وەک ئەفسەرێک لە سوپای عیراق و وەک عیراقی‌یەک لە کۆمەڵگەی عیراقدا .

پاش ئەوە بەڕێز طارق حمد العبدالله ئەمینداری نهێنیی گشتیی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی

بڕوانە : ل :٧

٢٣ دەوڵەت بڕیاریان داوە لە کۆنگرەی بەرزی ئیسلامی‌دا ئامادەبن

ئەمینداریتی گشتیی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی ڕەزامەندیی ٢٣ دەوڵەتی ئیسلامیی پێگەیشتووە سەبارەت بە ئامادەبوونیان لە سێیەمین کۆنگرەی بەرزی ئیسلامی‌دا کە لە ٢٤ی ئەم‌مانگەدا لە مزگەوتی پیرۆزی شاری مەکەدا دەکرێتەوە لە ٢٥ی مانگەوە کاروباری خۆی لە شاری طائف دەست‌پێ‌دەکاتەوە .

وایش چاوەڕوان دەکرێت تا کۆتایی ئەم هەفتە وەڵامی دەوڵەتەکانی‌تر بە ئەمینداریتی‌یەکە بگات ئەوانەی ئارەزووی ئامادەبوونی کۆنگرە دەکەن .

ئارەزایی‌یەکی نوێی‌یەکێتی‌ی سۆڤیەت دژبە ڕژێمی فارس

سەرلەنوێ یەکێتی‌ی سۆڤیەت ئارەزایی خۆی سەبارەت بە هەڵویستی ڕژێمی فارس دەبڕی بۆ ئەو هێرشەی لە ڕۆژی بیست و حەوتەمی کانوونی یەکەمی ڕابوردوو کرایە سەر باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە تاران .

ئەوە لە بەیاننامەیەکدا بووەکە ڕۆژی دوو شەممەی ڕابوردوو دراوە بە باڵیۆزی ئێران لە مۆسکۆ کاتێک بۆ وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت بانگ کراوە .

ئەو بەیاننامە وا باسی هێرشەکەو هەڵویستی لایەنی ئێرانی کردووە کە کەم کردنەوەی داب و دەستووری بەیوەندی‌یەکانی نێوان دەوڵەتانەو لادانە لە ڕێککەوتننامە نێو دەوڵەتی‌یەکان و ساکارترین تێکەشتنی ئاکاری‌یانەی وولاتانە .

هەروەها بەیاننامەکە ووتوویەتی دەستەڵاتدارانی ئێران زانیویانە هێرشی دەبرێتە سەر باڵیۆزخانەی یەکێتی‌ی سۆڤیەت بەڵام هیچیان نەکردووە بۆ ئەوەی نەهێڵن ڕووبدات و داوای لێ‌کردوون دابینی ستایشی دەزگاکانی سۆڤیەت و گارگێیرەکانیان بکەن لە ئێراندا .

هێزە سەرکەوتووەکانمان ٣٣٨ کوژراو زیان بە دوژمن دەگەیەنن

سەرکردایەتی گشتیی هێزەچەکدارەکان بڕێ بەیاننامەی ژمارە ـ٢١٤ـی دەرکرد کە تیایدا هاتووە هێزەکانمان بەجەرگەکانمان لە دەستەڵاتی‌وەشاندن و سەرکوت کردنی هەوڵەکانی دوژمن بەردەوامبوون و ئەنجامی چالاکی‌یەکانیان بەسەرپێری ئێوارەوپێری بەم جۆرە بووە :

زیانەکانی دوژمن : هێزەکانمان لە ناوچە گیلانی ڕۆژئاوا ئەم زیانانەیان بە دوژمن گەیاندووە .. ٣١ کوژراو تێکشکاندنی یەک ئۆتۆمبیل .. .. تەقە کردنیش لە نێوان هێزەکانمان و دوژمن بەردەوام بووە .

هێزەکانمان لە ناوچەی سیف سەعد بەردەوام بوون لە دەست وەشاندن و سەرکوت کردنی هەوڵەکانی دوژمن بۆ شەڕ فرۆشتن بە سەنگەرەکانی پێشەوەمان و ئەم زیانەیان بە دوژمن گەیاندووە :

٢٥٦ کوژراوو .. تێکشکاندنی ـ٢٠ـ تانک و .. ـ٧ـ ئۆتۆمبیل کە دووانیان بە لە چەکو تەمەنی بوون و. یەک بنکەی مووشەکو .. خستنە خوارەوەی دوو فڕۆکە بەکێکیان جەنگی بووە لە چەشنی فانتۆم و ئەوی تریان هیلیکۆپتەرو . تەقەیش لە نێوان هێزەکانمان و دوژمن‌دا تا کاتی ئامادە کردنی ئەم بەیاننامە بەردەوام بووە .

دوو کوژراو لە ناوچەی میهران . تێکشکاندنی یەک ئۆتۆمبیل و یەک ڕووانگەی دوژمن لە ناوچەی شووش . لە ناوچەی دیزفۆلیش دوژمن ئەم زیانانەی لێ‌کەوتووە .. ـ٤ـ گوژراو. یەک تۆپخانەو .. یەک کۆمەڵ تەقەمەنی .

بڕوانە : ل :٧

جیهان لە لەفتەیەک‌دا

لە ڕاوەلبەندی یەکێک بەناوی هێزی بەرهەڵستی ئەفغانستانەوە ووتی ئەم هێزانە توانیویانە سیازدە سەربازی حکوومەت بکوژن و دەست بەسەر چەندین چەکدا بگرن ئەویش لەو هێرشەیان‌دا کە کردبوویانە سەر ناوچەکانی باکووری ئەفغانستان .

قسەکەرەکە هەروەها ووتوویەتی هێزەکانی بەرهەڵستی هەشت ئۆتۆمبیلیان تێکشاندووەوە بەنجا تفەنگیان دەستکەوت بووە لەو هێرشەیان‌دا کە کردوویانەتە سەر هێزەکانی دەوڵەت لە ناوچەی ـ بالخ ـ و لە هێرشێکی تردا چەندین تەقەمەنیان دەستکەوت بووە.

● سەرۆکی سوودان جعفر نومەیری داوای کردووە لیژنەیەکی دوازدە ئەندامی لە ڕێکخراوی یەکێتی‌ی ئەفریقیا پێک‌بهێنرێت بۆ ئەوەی لە خەرتووم کۆببێتەوەو لە بارودۆخی چاد بکۆڵێتەوە .

هەروەها سەرۆک نومەیری ووتی لەسەر ئەو پێشنیارەی لەم بارەیەوە ڕێک‌کەوتووە کە سیاکاستیفنس سەرۆکی سیرالیۆن ئەنجامی دەدات چونکە ئەو ئێستا سەرۆکی ڕێکخراوی یەکێتی‌ی ئەفریقیایە .

● محمد ملحم سەرۆکی شاڕەوانی‌ی حەلحوول لە لەبەرەی ڕۆژئاوای داگیرکراو لە ڕاوەلبەندی یەکێک بەناوی بەرهەڵستی ئەفغانستانەوە ووتی ئەم هێزانە توانیویانە سیازدە سەربازی حکوومەت بکوژن و دەست بەسەر چەندین چەکدا بگرن ئەویش لەو هێرشەیان‌دا کە کردبوویانە سەر ناوچەکانی باکووری ئەفغانستان .

قسەکەرەکە هەروەها ووتوویەتی هێزەکانی بەرهەڵستی ئۆتۆمبیلیان تێکشاندووەوە بەنجا تفەنگیان دەستکەوت بووە لەو هێرشەیان‌دا کە کردوویانەتە سەر هێزەکانی دەوڵەت لە ناوچەی ـ بالخ ـ و لە هێرشێکی تردا چەندین تەقەمەنیان دەستکەوت بووە.

بڕوانە : ل :٧

ئێران

چەکدارە کوردەکان خەریکی خۆئامادەکردنن بۆ ئەوەی شاری مەهاباد داگیر بکەن

پێکدادانی هێزان لە نێوان لایەنگران و بەرهەڵستی کەرانی بەڕێز صدر لە شاری قوم

چەکدارە کوردەکان دووشەممەی ڕابوردوو بەردەوام هێرشیان بردووەتە سەر مەڵبەندەکانی پاسەوانەکانی خومەینی و هێزەکانی لە شاری مەهابادی پاتەختی ناوچەی کوردستان .

هەواڵەکان ڕایانگەیاندووە کە چەکدارە کوردەکان خەریکن خۆ ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی خانووبەرەی ئیزگەو تەلەفزیۆنی مەهاباد داگیر بکەن .

ئەوەبوو ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو ڕۆژنامەی میزان ـ ورتبووی کوردەکان هێرشیان بردووەتە سەر ئیستگەو تەلەفزیۆن و زیانێکی گەورەیان پێ‌گەیاندووە .

هەروەها ڕۆژنامەکە لە زماری سێشەممەی ڕابوردووی خۆیدا ووتوویەتی چەند کۆمەڵە چەکدارێکی کورد چەند ڕۆژی یەک بە درای یەکدا لە شاری میاندوواوی کوردستان هێرشیان بردووەتە سەر باسەوان و هێزەکانی خومەینی بەڵام شتی‌ی سەبارەت بەو هێرشانە باس نەکردووە هەروەها پەنجەیشی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە چەندین پێکداهەڵبژان لە نێوان هاوولاتی‌یەکوردەکان و هێزەکانی ڕژێمی فارس‌دا لە نزیکی شاری ئۆمییە لە ئازربایجانی ڕۆژئاوادا ڕوویان داوە بە تایبەتی لە سەر ئەو ڕێگەیەی بەرەو نەغدەدە دەچێت .

تەندروستی خومەینی جادووگەر تێک چووە

سێ شەممەی ڕابوردوو لەتاران ڕاگەیەنرا کە خومەینی‌ی جادووگەر لەمەولا پێشوازی هیچ کەسێک ناکات و چاوی‌بە هیچ کەسێک ناکەوێت پاش دیاری کردنی کاتێک نەبێت لە سەری ڕێک کەوتبن ئەویش بە هۆی تێکچوونی باری تەندروستی‌یەوەی . . ئەمە لە بەیاننامەیەکی نووسینگەی خومەینی‌دا هاتووە کە ڕادیۆی تاران ڕاگەیاندووە .

ئەوە بوو ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی‌یەکان لە تاران‌دا هەفتەی ڕابوردوو باسی تێکچوونی باری تەندروستی‌ی خومەینی‌یان کردبوو کە باری تەندروستی‌ی بەرە بەرەو خراپی دەچێت و خەریکە ڕێ‌خۆش دەکرێت بۆ ئەوەی لە فەرەنسا یان سویسرا تیمار بکرێت.

میری (ڕاس الخیمە) ڕاوێژی‌ی میرنشینەکانی نوێ‌دەکاتەوە سەبارەت دوورگەکانی عەرەب

میری ڕاس الخیمە شیخ صقر کوڕی محمد القاسمی ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای یەکێتی دەوڵەتی میرنشینەکانی عەرەب ، لەگەڵ ئەو وەفدەی لەگەڵیدا بوو پاش سەردانێکی ڕەسمی لە بەحرەین و قەطەر گەڕایەوە ڕاس الخیمە .

پاش گەڕانەوەی ووتی گفت‌وگۆکانی سەبارەت بە مەسەلەی هەرسێ دوورگەی عەرەب و داواکردنی گەڕانەوەی بۆ نیشتمانی خۆی بووە چونکە مەسەلەی دوورگەکان مەسەلەیەکی عەرەبی‌یە بە شێوەیەکی گشتی و مەسەلەیەکی عەرەبی‌یە بە شێوەیەکی گشتی و مەسەلەیەکی تایبەتە بە دەوڵەتی میرنشینەکانی عەرەبەوە بە شێوەیەکی تایبەتی .

ڕۆژنامەیەکی یۆگۆسلاڤی داوا دەکات ئەندامێتی‌ی ڕژێمی سادات لە بزووتنەوەی بێ‌لایەنی‌دا یەکلا بکرێتەوە

ڕۆژنامەی (ڤینسیك) ی ڕۆژانەی یۆگۆسلافیا بایەخێکی زۆری بە یەکلادا خستنی مەسەلەی ئەندامێتی‌ی ڕژێمی سادات لە بزووتنەوەی بێ‌لایەنی‌دا داوە ئەویش لەکاتی کۆبوونەوەی وەزیرانی سەربە نووسینگەی ڕێکخستن لە بزووتنەوەکەدا کەلە مانگی دێدا لە نیودەلهی دەبەسرێت

لە ڕۆژنامەکەدا لە ووتارێکدا بەسەرپێری ووتوویەتی دەبێت ئەم مەسەلەیە لە کۆبوونەوەی داهاتووی نیودەلهی‌دا یەکلا بکرێتەوە ، کەوا باسی کردووە کە یەکێک لە گرنگترین کۆبوونەوەکانی بزووتنەوەکە دەبێت .

هەروەها ڕۆژنامە داوای کردووە بریاری گرنگی تریش بریار بدرێت بۆ بەهێز کردنی چالاکییەکانی بزووتنەوەکە .

Institut Kurde de Paris

عیراق یەکێتی یەکی بەهێزە کەس ناتوانێت توخنی بکەوێت

دەقی تەواوی ئەوو وتارە فراوانەی کە پاڵەوانی رزگاری نەتەوەیی صدام حسین بە بۆنەی ٦٠ ساڵەی دامەزراندنی سوپای مەزنمانەوە خوێندیەوە

* *

بەڕێز سەرۆکی فەرمانده صدام حسین سەرلە نێوارەی شەشی کانوونی دووەمی بەبۆنەی بیرەوەری شەستەمین ساڵەی دامەزراندنی سوپای نەبەزمانەوە ووتارێکی مێژوویی خوێندەوە ، ئەو سوپایەی کە سەرکەوتنی گەورە لەسەر سووری ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەب وەدەست دەهێنێت ئەویش لە جەنگەکەیدا دژ بە فارسە رەگەزپەرستە دەستدرێژی کە رەکان ، دووپاتی ئەوەی کردەوە کە لەجیاتی نەتەوەو بە ناوی بیروباوەڕو مافو سەربەرزیو .. بە نساوی مێژووەوە دەجەنگێت .

سەرۆکی فەرمانده ستایشی پاڵەوانێتی سەرکردەو ئەفسەرو سەربازەکان کرد کە هەرچیبان لە توانادا بێت لە پێناوی وەدهێنانی سەرکەوتندا کردوویانە ، بەمەیش تێکچڕژانو تیکەڵاو بوونی نێوان سوپاو بیروباوەڕەکانیان دەربڕیوە .. ئەو تێکچڕژانەی کە بووە پیشاندەرێکی ڕاستەقینەی بیروباوەڕو ڕێڕەوی شۆڕشی مەزنی حەفدەی تەموز .

ئەمەیش دەقی تەواوی ووتارە نەتەوەیی مێژوویی یەکەی بەڕێز سەرۆکی فەرمانده « صدام حسین »ە :

* *

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

ئەی گەلی مەزن ..
هاوڕێیانی چەك لە هێزە چەکدارە نەبەزەکاندا ..
جەماوەری نەبەردی نەتەوەی عەرەب

رۆژی شەشی کانوونی دووەم .. یەکێکە لە جەژنو بۆنە نیشتمانیەکە خۆشەویستەکان .. چونکە سوپا نیشانەی سەربەستیو ئەستەڵاتە هەرئەویش ئامرازو چەکی بنەڕەتیەتی .. هەروەها ئەو نیشانەی سەربەرزیو سەر بڵندی نیشتمانیە .. لە ماوەی شەست ساڵی مێژووی پیروزیدا .. سوپاکەمان ئەم واتایانەی بە شێوەکی باش ڕاندووە .. لەگەڵ ئەوەی دەستبەسەردا گرتنی ئیستعماری بە سەر عیراقدا دەیان ساڵ درێژەی کێشاو .. لەگەڵ بڵاو بوونەوەی نالەباریو بۆگەنێتی لە دامودەزگاکانی دەستەڵاتدارێتیدا لە سەردەمە جۆراو جۆرەکاندا ، ئەگەرچی ئەو ڕژێمانەی یەك بە دوای یەکدا فەرمان ڕەوایی عیراقیان کرد هەوڵیاندا سوپای عیراق وەکوو ئامرازێکی سەرکوت کردن بەکار بێنن بۆ پاراستنی فەرمانڕەوایی کۆنەپەرستو دکتاتۆریەتو بۆگەنێتیی خۆیان .. لەگەڵ هەمووئەوەدا .. سوپای عیراق وەکوو دەزگایەکی نیشتمانی مایەوە .. باوەڕی بە بیروباوەڕو ئامانجە نەتەوەییەکان هەبێتو .. بەتەنگی بەهاکانی ئاکاریو تێکۆشانو .سیفاتی شورەی سواریەوە بێت کە لە مێژووی پیرۆزی نەتەوەی عەرەبەوە وەرگیراون .

هەرکەیش هەلی مێژوویانە هەڵکەوتبا ئەوا سوپای عیراق بە ڕاشکاویو بە هەموو هێزێکەوە لایەنگیری خۆی لەگەڵو لە ئارەزووی قووڵی بەرەو سەربەرستیو ئازادیو قوربانی ڕادەگەیاند ئەویش لە پێناوی مەسەلە نەتەوەییو نیشتمانییەکاندا .

هەرگیزیش بە ڕێکەوتێکی مێژوویی دانانرێت ئەوەی کە شۆڕشی حەفدەی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ بە سەرۆکایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بەرپا بێتو .. لە گۆشەیەکی بنەڕەتیدا پشت بە سوپای نەبەزی عیراق ببەستێت .

پێکهێنراوی بیروباوەڕیو ئاکاریانەی سوپای عیراقو پەیوەندیی ڕەسەنی بە کەلەپووری عەرەبیو ئیسلامیو ئارەزووی بەهێزی بەرەو ئازادیو .. سەربەرزیو .. سەربڵندی .. لە بیروباوەڕەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو . لە ڕێڕەوە تێکۆشەرانەکەیدا پیشاندانێکی نایابو دەربڕینێکی دڵیاکانەی دڵپاکانەی تێدا بوو .. لەبەر ئەوەبوو حزب زۆرترین هێزی سیاسی بوو لە وڵاتدا لە ڕیزی سوپای عیراقدا بڵاو ببووەوە لە ساڵەکانی پەنجاکانو پاش شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨ یش .. کاتێکیش شۆڕشی تەمووزی ١٩٦٨ بەرپا بوو .. سوپای عیراق بینیی ئەو بیروباوەڕو ئاواتانەی کە هەر لەکاتی دامەزراندنیەوە ئاواتو خواستی بوون لەم شۆڕشەو بە دەستی حزبی سەرکردەی وەدیهاتن .. لەبەر ئەوە سوپا لە چەند ساڵێکدا بووبە سوپای گەلو . سوپای سۆڕشو .. سوپای بەعسی ... بە باوەڕێکی قووڵو .. قەناعەتێکی پتەوەوە .. بەمەیش تاقی کردنەوەیەکی بێهاوتا

چوار مانگی جەنگ توانا لەبوون و پاڵەوانێتی سوپای مەزنمان دووپات کردەوە

عیراق لەبەردەم دەستدرێژی و زەوت کردندا شمشێرێکی تیژو خواستێکی پۆلایینە

.. لە بزووتنەوەی شۆڕشی عەرەبو .. لە شۆڕشەکانی جیهانی سێیەمدا وەدی هات .

● سوپامان بە گیانی نیشتمان دەجەنگێت ●

سوپا .. کە سوپای بەعسە .. وەك چۆن سوپای گەلیشە .. بووە بە ڕاستیەکی قووڵو پتەو .. ئەویش بە هۆی زۆر لێکردن نەهاتووەتە دی .. بەڵکوو لەنێوان تێکچڕژانو پێگەیشتن لە گیانو .. لە ئاواتو .. لە ئامانجدا هاتووەتە دی لە ڕێڕەوی تێکۆشانی پێش شۆڕشو . لە ڕێڕەوی بنیاتنانو سەربەرزیش پاش شۆڕش .. لە ژێر سێبەری شۆڕشی تەمووزو سەرکردایەتیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست .. سیفەتەکانی سوپای عیراق درەوشانەوەو .. مەودای قووڵی خۆیان وەرگرتو سوپای گەیشتە ئەوەی کە بەدەیان ساڵ ئاواتی بۆ دەخوازرا لە بەهێزیو پێشکەوتنو سەربەرزی .

ئەو جەنگەی ئەمڕۆ سوپای نەبەزمان لە سەر سنووری ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەب دەیکات دەربڕینێکی جوانی ئەو پەیوەندییە قووڵەیە کە لە نێوان نیشتمانو گەلو حزبو سوپاو سەرکردایەتیدا هاتووەتە دی ..چونکە سوپا ئەمڕۆ تەنیا وەکوو دەزگایەکی سەربازی ناجەنگێت کە ئەو فەرمانانە جێبەجێ بکات لە چوارچێوەی یاساکانی ڕێکخستنی سەربازیدا بۆی دەردەچنو بەس .. بەڵکوو وەها دەجەنگێت لەدڵی پیاوەکانیو بازووياندا گیانی نیشتمانو .. گیانی گەلو .. گیانی بیروباوەڕەکانی هەڵگرتووە .. وا دەجەنگێت وەك بڵێیت هەر ئەفسەرێكو هەر سەربازێکی عیراقیکە بۆ خۆی .. بۆ خۆی هەموو عیراقییەکانە .. بۆ خۆی هەموو بیروباوەڕەکانی شۆڕشە .. ئەوان دەجەنگن .. وەك بڵێیت هەریەکەیان خالدو .. سەعدو .. موتەناو .. طارقو قەعقاعو صەلاحەدنێیکە بۆ خۆی .

چوار مانگی جەنگی ئازایانە دووپانی .. ڕاستیی ئەم سوپا مەزنەی کردەوە .. ئەوەبوو سەرکردەو ئەفسەرو سەربازەکان چوون بۆ مەیدانی جەنگو یەك ئامانجی مەزنیان لە بەرچاو بوو ئەویش بۆ ئەوەی بیچەسپێنن کە نەتەوەی عەرەب نەتەوەیەکی زیندووو نەتەوەیەکی بە توانایەو . دەستدرێژیو . سەرشۆڕیو.. لێرووتاندنەوە بە ئازایەتیو .. بە توانایيو فوربانیدانی بەنرخیان ئەوەیان چەسپاند .. کە خاکی عەرەب مولکێکی هەرکە بۆ خۆیی نیە هەرکەسە بیەوێت دەستدرێژیی بکاتە سەرو چەند بەشێکی لێ زەوت بکاتو .. ئەوەیان چەسپاند کە عیراق. یەکێتییەکی بە هێزە کەس ناتوانێت توخنی بکەوێت .. هەرچەندەیش شێوازو ڕووپۆشەکانی لە هەڵخەڵەتانو ڕێ لێوون کردندا زۆربێت .. هەروەها چەسپاندیان کە عیراقی .. کاتێك خاکی عیراقو . سەربەرزیی عیراقو سەربڵندیی عیراق بکەوێتە مەترسییەوە .. ئەوا عیراقی دەبێتە شمشێرێکی تیژو .. خواستێکی پۆلایین لە ڕووی دەستدرێژیکەری زەوتکەردا هەرکەسە بێت .

هەموو دوژمنانی نەتەوەی عەرەب .. لە ئیمپریالیزمو زایۆنیزمەکانو .. فارسە ڕەگەزپەرستەکان .. هەمیشە هەوڵیان داوە .. جەنگ بهێنن نێو نیشتمانی عەرەبەوە.. سوپای نەبەزمان لە عیراق .. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی هاوچەرخدا .. پاش سەدان ساڵی بەزینو شکستی .. کە تووشی نەتەوەکەمان بوو .. توانیی جەنگ بباتە نێو خاکی دەستدرێژیکەرانەوەو .. بۆ هەموو جیهانو بە توانا بوونێکی بەرزەوە دووپاتی بکاتەوە کە سوپای عیراق . ئەمڕۆ لە خزمەتی نەتەوەی عەرەبدایە داکۆکی لە خاكو لە سەربڵندیی دەکات وەك چۆن داکۆکی لە خاکی عیراقو سەربڵندیی دەکات .

● هەتاو سەرلە نوێ هەڵهاتەوە

لە جەنگەکانی ڕزگاریدا کە باوباپیرانمان ئەنجامیان دان سەرکردەکان لە پێشەوەی جەنگاوەرەکانەوە دەجەنگان .. ئەوەیش سیفەتێکی مەزن بوو سوپای پەیامی ئیسلامی هەیبوو .

لە سەردەمەکانی ڕووخانو تالەباریدا ئەم وێنە پرشنگدارە وون بوو تا وایلێهات دوژمنەکان خۆیان بە باشتر لە ئێمە دەزانیو شانازییان بەوەوە دەکرد کە ئەفسەرو سەرکردەکانیان لە پێشەوەدا دەجەنگێن ئەمەیش بوو زایۆنیەکان لە دەستدرێژی کردنە بەردەوامەکانیاندا بۆ سەر نەتەوەکەمان پێدەردەخست بە سەرماندا .

ئەمڕۆ سەرلەنوێ هەتاو لە خاکی میسوپۆتامیادا هەڵهاتەوە .. خاکی یەکەمین قادسیە .. کاتێك جەنگ هەڵگیرسا بۆ داکۆکی کردن لە بیروباوەڕو دەستەڵاتو سەربەرزی لە قادسیەی دووەمدا ئەوا سەرکردەو فەرمانده کان لە ئەفسەرە نازاکانی عیراق شانبەشانی سەربازە نازاکانیان لە ڕیزی پێشەوەدا بەرەوپێشەوە دەچوون .. بەمەیش ئەی پیاوە نەبەردەکان ڕەوشتەکانی باوباپیرە مەزنەکانتان لە جەنگدا وەرگرتەوەو ئەوەتان چەسپاند کە نەتەوەی عەرەب .. ڕاپەڕیو .. سەرلەنوێ سیفەتە مێژوویی مەزنەکانی خۆیی هێنایەوە .

پاش ئەوە ئەم ڕاستییە مێژوویییە گەورانەیش دەرکەوتن ئەوا هێزە دوژمنەکان لە هەموو شێوازێك هەوڵ دەدەن لە مەزنێتیی ئەم دەستکەوتە مێژوویییە کەم بکەنەوە .. لەگەڵ ئەوەیش کە ئاکۆکیو تێکچوونی ڕاستەقینەیان ڕواڵەتی لە نێوان چەند لایەنێکی نێو دەوڵەتیو لە نێوان فەرمانڕەوایانی ئێراندا هەیە .. ئەوا ئەم لایەنانە هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی جەنگەوە تاکوو ئێستا هیچ خەمێکیان نییە .. ئەوە نەبێت هەموڵ دەدەن لە واتا مەزنو پرشنگدارەکانی ئەم سەرکەوتنە کەم بکەنەوە .. چونکە ئەم لایەنانە بەتەواوەتی دەزانن .. لە پلەی یەکەمیشدا زایۆنیی جیهانی .. کە ئەم سەرکەوتنە مەزنە واتای هەڵگیرساندنی بڵێسەیە لە ڕاپەڕاندنی ڕاستەقینەی عەرەبدا .. هەرلە ڕۆژی چواری ئەیلوولی ١٩٨٠ وە ئەو ڕۆژەی سوپامان دەستی بەوەڵام دانەوەی ئەو دەست درێژییە کرد کە فارسی دوژمن دژ بە خاكو شارەکانی عیراق ئەنجامی دا .. هەر لەو ڕۆژەوە ئەوا مێژووی عەرەب دەستی بە سەردەمێکی نوێ کرد ..سەردەمی ئازادیو .. بەهێزیو .. پێشکەوتنو .. سەربڵندی ..

● سەرەتای سەردەمێکی نوێی ڕاپەڕین

ئەی جەنگاوەرە ئازاکان .. لە نزیکی ئەهوازو دیزفوڵو عەبادانو گیلانو خفاجییە .

ئەی جەنگاوەران .. لە ئەسری شیرینو .. میهرانو سۆمارو محەمەرەو بسێتینو مەیدانەکانی تری جەنگ .

نرخی مێژوویییانەی ئەو دەستکەوتەی بەدیتانهێنا تەنیا لە داگیرکردنی خاك یان ڕزگار کردنیداو لە تێکشکاندنی هێزی دوژمنی ڕۆرداردا نییەو بەس .. بەڵکوو نرخی مێژوویییانەی بنەڕەت بۆ دەستکەوتەکانتان ئەوەیە کە سەردەمێکی نوێی ڕاپەڕینی دەروونیو فیعلیتان لە مێژووی پیرۆزی نەتەوەکەتاندا دەست پێ کرد .

گیانی سەرکەوتن تاسەر هەر گرێکی بڵندە

دوژمنانی نەتەوەکەتان دەیانەوێ بە هەموو ڕێگەیەك گیانی سەرکەوتنتان لێ زەوت کەن .. پاشئەوەی سەرکەوتنەکەتان بوو بە شتێکی ڕاستەقینەو ناتوانرێ ژێرلێو بخرێت . بەڵام ئێوە ئەمڕۆ ساغیدەکەنەوە هەروەها سبەینەش ، هەروەکو چۆن لەم چوار مانگەی ڕابردوودا ساغتانکردەوە کە گیانی سەرکەوتن هەتاسەر هەر گرێکی بڵندەو بەسەر هەموو مەیدانەکانی شەڕدا دەردەوشێتەوە .. وە لە هەموو لایەنەکانی عیراق لەو پەڕی باکوورەوە تا ئەوپەڕی باشووریو لەوپەڕی ڕۆژهەڵاتییەوە تائەوپەڕی ڕۆژاوای .. ڕووناکیو گەرمیی گڕەکە بەسەر خاکی عەردیو لە گیانی ملیۆنان لە ڕۆڵەکانی مەزنی خوازدا ڕادەکشێ .

ئێمە کە باس لە توانای عیراقییەکان دەکەین بۆ پاراستنی گیانی سەرکەوتن ، لە هیچەوە یان لە سەرگەرمییەوە قسەناکەین ، ئێمە لە ڕاستەقینەیەکی زیندووەوە کە شەڕ ساغیکردوەتەوە قسەدەکەین .

گیانی سەرکەوتن لە دڵی دایکی شەهیدیك دایە کە ڕۆڵەکەی وەکو بۆ پەردەی زاوا هەندی بە خاك دەسپێرێ .

گیانی سەرکەوتن لای ئەو قوتابییە کوڕانەیە کە داوامانلێدەکەنو پێیلێدادەگرن تا بیانێرینە بەرەی شەڕ.

گیانی سەرکەوتن لەو پیاوو ژنە تەمەندارەکانی سەربەرزی عیراقدایە کە لە ماوەی تەنیا دە ڕۆژدا زیاد لە ٣٠ هەزار کەسیان تطوعیان کرد ، دەشتودەریان بە بانگەواز پڕ دەکردو داوایاندەکرد بچنە مەیدانی شەڕ تاکو بە بەشداریکردنی لە شەڕدا شان بە شانی ڕۆڵەو ئەوەکانیان شەرەفمەند بن .

گیانی سەرکەوتن لە مێشكو لە دەروونی ئەو عیراقیانە دایە کە بە توانایەکی سەرسوڕمێنەوە پارچەی یەدەگیان دروستکرد کە سوپای عیراق پێویستی پێیەتی .

گیانی سەرکەوتن لای جەنگوەرانە .. لە هەموو کەرتو بەرەکانی مەیدانداا . لە دەروونی ئەو کەسانە دایە کە قایلنەبوون بە بەرگری کردنی لە جێوە بەڵکو تەکانیان دەداو هەڵمەتیان دەبرە سەر سەنگەرەکانی دوژمنو زیان دوای زیان لە دوژمنیان دەدا .. تۆقینو ئاژۆمێدیان لە دڵی دوژمندا دەچاند .. ئەمان بەم کارەیان نموونەیەکی نایابی شەڕی نوێ دەربارەی شەڕی بەرگریی بەکارو لە قووڵایی خاکی دوژمندا بەدەستەوە دەدەن .

گیانی سەرکەوتن لەو جەنگاوەرە ئازایانە دایە کە لە شەڕدا بریندار دەبن لێناگەڕێن ببانگوێزنەوە بنکەکانی دواوە لە نەخۆشخانەکانو پێیلێدادەگرن کە دەبێ لە پێشەوە بیانهێلنەوە بۆئەوەی دووبارە شان بە شانی براکانیان شەڕ بکەنەوە .. جا بۆ ئەوانە سلاوو ڕێزمان .

با عیراق هەر گەشاوە بێت

گیانی سەرکەوتن لە دەیان هەزار جەنگاوەرانی سوپای میللی دایە کە پەیتا پەیتا کەرت دوای کەرت دەڕژێنە مەیدانی شەڕەوە تا لە جەنگی سەربەرزیو ئابرووداا بەشداریبکەن .

گیانی سەرکەوتن لە دەروونی ئەو ئەندازیارو کرێکارە ئازایانە دایە کە لە شکاندنی زستانی قوڕاویدا بەشداریيان کرد .. ڕێگەوبانی هاتوچۆی سوپای دلێریان بە دەیان کیلومەتر شەقامی قیرتاو سازکرد ، بەندو بەستیان سروشتکردو هەوڵی دوژمن بۆ بەکارهێنانیان لەدژی ئێمەدا .

گیانی سەرکەوتن لە چالاکیی دەزگاکانی بەرگریی شارەوانیو ئاسایشی ناوخۆدایە کە عیراقیان کرد بە قەڵاتێکی قایم هەموو هەوڵێکی دوژمنی لەسەر وردو خاش دەبێ .

گیانی سەرکەوتن لەو نموونە بەجەرگانە دایە لە شوفێری مەکینەکانی ئتارەوانی کە بە هەڵکەندنی سەنگەرو ئارامگەی دەبابەو ئامیربابەتەکان تەکلیف کراون .. کە هەندێکیشیان خۆیان دەکوتایە ناو هێزی پەلامارەدەرو لە پێشەوەی تیپە زرێدارەکانەوە هێرشیان دەبرد ، بەم کارە بەرزترین نموونەی پیاوەتیو ئازایەتیان پیشاندەدا و بە چاکترین شێوە شێوەی عیراقی نوێیان دەنواند .

گیانی سەرکەوتن لە چالاکیی ملیۆنان پیاوو ژن دایە کە لە بەشەکانی ئابووری .. خزمەتەکان .. هاتوچۆو گوێزانەوەو .. تەندروستیو .. ڕووناکبیریو لە هەموو

Institut kurde de Paris

سەدوپەنجاسانتیمەتر

چیرۆك

پێشکەشە بە زیندانییەکانی ئێران

نەبدەتوانی بە ئارەزووی خۆی قاچەکانی ڕاکێشێ ، هەر لە بەر ئەوە نا کە جێیان نەدەبۆوە ، بەڵکو هەر ئەندامێکی لەشی بیراوتایە ژانی خۆی لێ پەیدادەبوو . نەشدەژیا مردوانە بێ .

سیبەکانت بەرزو نزم دەبنەوە ، هەر هەواکەی خۆتە دوای هەزاران جار ڕێن سینەت دەگرێتەوە ، لە گەڵ هەناسەیەکتا ڕژایتە دەروونتەوە . گەڕای ، تێر گەڕای ، ناهەقت نیە . لە تەنیایی وادا مرۆ دوورترین دەماری خۆی بە سەر دەکاتەوە ، داخۆ ماوە ؟ دەتڕوانی ، بایەکی نەرم لە درەختە کەلەگەتەکانی گیانتی دەداو شەونم پژێنی دەروونتی دەکرد . شمشاڵێکت بەلێوتەوە نابوو ، خۆت سەبرانکاری خۆت بووی ، کونەکانی شمشاڵەکە بەشی ناوازی نەدەکرد ، جا بالایەکەی بووبە کون . بە دوایدا پەنجەرەکانی دڵت کرانەوە ماڵە بەهەشتی سەوزو سوور دەهاتنە دەرێ و باڵە تەپەیان دەکرد . بەبوولە و هەوری خاوی پەمەیی لە ئاسمانی ژوور سەرتا سەمایان دەنایەوە ، لاقی نەرمیان دەکەوتە سەر سەرتو دەیانشێلای تا خەم لەگۆیو چاوو ژێر نێوکە کێشراوەکانتەوە وا هەڵێ ، بەکەس نەگیرێتەوە . سەیرکە تا روانین لە چاوانت نەبۆتەوە . سەرنجت دایە بن میچەکە ، پێت وابوو بڵند دەبێتەوە یان دیوارەکان لێك دەکشێنەوە زەبن‌دە ، کە هەناسە دەدەی ئەوان لێك دەڕەونەوە . هەتاو ئاباتە ژوورەکە تانەوە ، ناهێڵن بێ هەست ڕاگرە ، گوێ بە دیوارەکەوەنێ ، سەر قەپاغی کونەکە هەڵدەوە، بەقەد کولێرە چەوردیەك دەبێ، پێ وەردیانەکان ، ئای لەو سەگە دابەستانە ! تا نەهانبرویە ئێرە نەت دەزانی مووکێشی ئەوتۆ هەیە سۆز لەدڵ دەردێنێ ،، تەپە تەپ دێ .. ـدەبێ لنگە فرتێ بێ ؟ ئەشێ ! دەنگەکانی ئێرە قامچیو دار دروستیان دەکا . وەردیانەکان ئۆرکێستن ، لە کوێوە سەیرکەم ؟ چاو بۆ وا دروست نەبووە دیواری کۆنکرێت ببڕێ ، تا هەموو دزیبەك ئاشکرا بێ . با مستێك لە دیوارەکەدەم ، دەشێ ئەویش تەنیا بێ ، ئەوەش هەر قسە کردنە .ـ

کونی ژوورەکە کرایەوە، دوو چاوی سوور دەرکەوتنو ئاوابوون

ـ با مستێکی دیکەشم بوەشێنە ، هەتا دەستم هێزی تیایە . ـ دەنگ نەبوو . تکە فرمێسکێك وەریە سەر قوماشەکەی بەرت . گورج دەستت پێدا هێناو پانت کردەوە . ئەوە بەڕێ کردنی کەزاوەیەکی سوور بوو بە نهێنی ناردت .

قاچی چەپ وڕاستت لە حاندی یەکدی ڕاهێنان دەتویست بە قەدەر یەکیان لێ بێ . برکەکانت دەیەشان، دەستی چەپ و ڕاستت پێك گرتن ، دوای شین شین ڕەڵ نیوە بازنە بە ئەستوورایی ڕانو دەستتەوەیە . دەرگاکەیان کردەوە .

ـ بێلێ . چی دەزانی. چی نازانی ؟ ئەوانەی لە دەستە چەبتەوە دادەنسیش، کێن ؟

. . . . . .

ئیشمان هەیە . خۆ هەر تۆنی ، ئەوانی دیکەشی چارەڕێن ، زۆڵ ،

. . . . . .

ـ چاوت لەو چاوانەیە ، لە دەستمایە ! ئەوی نەو دیویش وابوو ، تا بەو مەرەیە چوو ، دەی سەگباب، ؛ ؛

سەری تاشیت ، پاشان کڵاوێك مێروولەی کردە سەرت ، دەست وقاچت بەسترابوونەوە ، لە سەرقاپی دەرگاکەوە تەماشای دەکردی ..

سمێڵەکانی لوول دەدا ، ددانەکانی لە جێرەوە دەبرد ، دەتەویست دەمو ڕووت نەبینێ ، دەمارەکان کرژ دەبنەودو چرچولۆچ دەکەوتە سەریان وکابراش پێ دەکەنی. پێت وابوو مێروولەکان کازەرای سەرت کون دەکەنو بەدەم سروودێکی ڕەشەوە مێشکت دەخۆن .

ئەرێ چاوت چۆنە دەرناپەڕێ، دەت خواست مێروولەکان وەڵ بریشکە ببرژێنی . لێرە زۆر قیەم گۆڕاوە . مرۆڤەکانی گوربەن ، مێروولە وریاکان ، سۆندەو قامچیو شووشەی بەتاڵ !ـ سەری چاکی ، بیرمە بە منداڵی هێندە شکا تا چەرمەکەی وا یتەو بوو بەردی لەسەر هەڵدەبەزیەوە . مێروولەکانی چاك ماندوو کرد .ـ وەردیانەکە کڵاوە مێروولەکەتی پێچایەوە ، حەزت نەکرد جرنکە لات سوورە دەیخەنە سەری یەکێکی دیکەوە ، زاریان واماندوو بوو بوو گازیانبۆ نەدەگیرا ، بەڵام جوولانەوەشیان ناخۆشە .

ـ بێت نەوتم کێن ؟

. . . . . .

ڕۆیی ، سەری خۆت بخورێنە ، بیرتە هەوڵ ڕۆژ هاتیتە ئێرە ، نامۆ بووی هەناسەکانی خۆت بژاردن ، گەیشتیە هەزارو خەوت لێ کەوت ، بەڵام کە وەئاگا هاتیەوە لە هەزاردود ژمارەکانت تەواو نەکرد . دەتوت :

ـ تەمەن بە سەر کردنەوەی کاتە ، گرنگ ئەردیە لە ئاکاریا شەرمەزار نەبی . ئەوەتا بە نینۆك و دەنکە شقارتەو دەستی جڵکن ناوی خۆیان بە دیوارەکە نووسیوە ، تا پەنجەم گەرمە با لە جێیە ناوی خۆ جێ کەمەوە ، چاو بەناوەکاندا دەگێرم . خۆیەتی تەرمەکەیان نەدایەوە ، .. یادی بەخێر کەلانە ژیا ، کە داشیانەوە یەك پارچە سەهۆڵ بوو کەبەرەکەی خاو کردەوە جاوی دەرهاتبوو ، لەشی لە خامۆکە مشین دەچوو. وا تەواو نابن ـ پێت وابوو دەروونت کوورەیە ، لەسەرد خۆ دەگەشێتەو کەلە پشکۆکانی دێنە دەرێو چزە لە دیوارەکە دێنن و کوناودەرێ دەکەن . بۆنێکی خۆش ڕژایە هەناوتەوە . دیوارەکە بۆنە بێژنگ تۆی پێوە دەچی. باڵبگرە ، منداڵان دەبینی بەریز دەروانە باریکە ڕێی بەر دێ ، ئێوارانیش تیا جاسووس هەڵدەگیرێ ڕادەوەسنن . چاوەڕێتن ، هەموو دێکان وان . ئەوسا بە گیرفانی بێ هەواڵەوە دەڕۆنەوە ، هەست دەکەی مردن ناسباوە . دایکت دبارە ، ئەوەتا ، پرچە سپیمەکانی بوونە باوەشێن لە ماندوویت دەکەنەوە . هەستایە سەر پێ ـ بۆ لای من دێ . با خۆی نیشان دەم ـ تا ئەوە بەیانیان دەچنە کۆرستانێ . کێلە سوورەکان ڕادەوەشێنێ ، ناوی تۆ لە هەمووان دەنێ . بەراوردی دەستەکانت کرد ، دەمارە شینکە وەك و یەك بڵاونەبوونەوە ، یەکەم جارتە بەو شتانەوە ماندوو بی . ئەو جێیانەی مۆر دەچنەوە قامکت پێدا هێنان . دیسان دەنگی

ـ ژنت هێناوە گەمژە ؟!

ـ ئەی

. . . .

جەزا عەلی ئەمین
١٩٧٩ سلێمانی

زاوێ

. . . . . .

ـ دەمت درواوە ؟

شەرمەتکرد هاوار کەی ، ددانەکانت لە جێرەوە دەبردن ئەو کاتە دەنگ لە تۆدا نەدایە پێت ئۆشتر بوو تا وردت بێ ، ئەوەتا ناوەکانی سەر دیوارە فستەڤرن لەو تاریکییەدا دەئایسێن . بیان حوێنەوە . کاغەزێکی سپیو فەلەمێکیان دایێ . هەستە ،

. . . . . .

(چەند دەبێ وەهۆش خۆ هاتوومەوە ؟ کەوانە شینەکانی لەشم پتر بوون ، چاوم بە چاکی بۆ هەڵنایە ، ئەرەندەم ئاگا لێ بوو قەڵەم وکاغەزەم تووڕ دا ، تەفو بەڵغەم بەسەر جڵو دیوارەکەوەن .

ـ چەند وشەیەکی کەم دەنهێننە دەرێ ، بۆ بەر خۆر .. چ خۆشبیەك لێرەدایە ،.

ئا ، خۆم کەلەپەنجەکان دەکەمە دوژمنی خۆ ، ئێستا ئەگەر نینۆکەکانم بێنەوە دەبانخەمە بان چاو. مێروولەو کڵاوو سۆندەو شووشەو پۆستاڵەکانم وەگیر کەرنەوە لە مووزەخانەی یادا دەبان پارێزم . با

بڕوانە : ل :٧

شیعر چی‌یە ؟

شاعیری ڕۆمانیا
نیکیتا ستینسکۆ

نووسیویەتی

شیعر چی‌یە ؟ من بیروڕام دەربارەی شیعر چی‌یە ؟ لە سەرەتاوە بەوە دەست پێ‌دەکەم کە ڕەخنەگری گەورە ئەبۆجین لۆفینسکۆ بیری لێ‌دەکردەوە ، دەیگوت کە چەند جۆرێکی شیعری لێك‌جیاواز هەن ، شیعری ووشە ، شیعری کەسان ـ کە شیعرێکی دراماتیکی‌یە لەسەر شانۆ دەنوێنرێت ـ، شیعری ئەفسانە ـ کە بەخشانە ـ .

من خۆم بە قوتابیی‌ی ئەبۆجین لۆفینسکۆ دەزانم ، کە بە ڕێژەی پەرسەندنی بیرو ڕاکانمەوە سەبارەت بە جیهان ، زۆر واتا دەگەیەنێت، ڕێگایش بە خۆم دەدەم لەسەر بیروڕای مامۆستاکەم بەردەوام بم‌و ئەوەیش دەڵێم کە دەتوانرێت بە هونەری تەشکیلی بووترێت شیعر ـ شیعری باوەش بە مل‌دا کردن ، چونکە کارە مەزنەکانی هەڵکۆڵین فێری ئەوەی کردووم کە بەردە توانای باوەش بە مل‌دا کردنو دەستبازی کردنی هەیەو دەتوانێت بێتە یارو دڵدار ـ.

لەواقیعدا ئەمانە هەموویان شیعرن ، چونکە شیعر خەونە ... ئەو بیرو ڕایە تازەیش لە ناو لکەی‌دا بەرتو بڵاوە دڵم بریندار دەکات ، کە شیعر تێکەڵ بە پیشەی ووشە دەکات . ورشە کەردەستەی شیعرە ، سەرکۆتکردنو پلیشانەوەی ووشەو خستنیە ژێر باری خواستەوەو توانای هەڵستاندنی پتری دەنگەکان تیایدا لە ئەڵ هەژانە زیندووەکاندا کارێکی شکۆمەندانەیە ، بەڵام ئەمە هەموو لەوەوە دوورە کە شیعر بێت ، وەك چۆن هونەری تەشکیلی تەنیا ڕەنگ نی‌یە، هەڵکۆڵینیش تەنیا بەرد نی‌یە ، بەڵام هەموو جۆرەکانی هونەر بە چاو پۆشین لە شێوازەی هونەرمەند بە هۆیەوە روو لە خەڵکی دەکات ، ئەمانە هەموو دەربڕینی گیانن .

جارێکیان ،مالرۆ رستەیەکی زایابی درکاند : ـ وێنەکێشی تەشکیلی ئەو کەسە نی‌یە تابلۆکانی خۆی خۆش بوێت، وێنەکێشی تەشکیلی ئەو کەسەیە هەموو هونەری خۆش بوێت) .

کەچی هۆکۆسای بەم چەشنە ناوی خۆی دەبرد : (هۆکۆسای تا ڕادەی شێتبوون ئارەزوومەندی هونەری تەشکیلی) .

من عاشقی شیعرم ، شاعیران نین ، ئەمە ناکۆکی‌یەکی کۆنە ، تەنیا شیعر هەیەو بەس .

پەیوەندی‌ی نێوان شیعرو ڕەخنە چی‌یە ؟ بە بێ ڕەخنە ئەدەب نابێت . ڕەخنە .. تێڕوانینی ئەدەبە بۆ خودی ئەدەب خۆی لە لایەکی ترەوە. ئەم دووانە دوو چاون بەکبان ئەوی دی‌یان تەواو دەکەن . پرسیارم لێ‌دەکەن ناوی پێنج شاعیر هەڵبدەم کە خۆشیانم دەوێت .

وەڵام دەدەمەوە : یەکەم شاعیر : هۆمیرۆس ، دووەم شاعیر : هۆمیرۆس ، سێهەمو چوارەمو پێنجەم : دیسانەوە هەر هۆمیرۆس ! چونکە یەکەمین کەسە سنووری هونەرو نرخی هونەری لە (ئۆدیسە)دا بۆ دیاری کردین ... بێ‌گومان شاعیری تر هەن بە دڵمن . بۆ وێنە ماياکۆفسکی ، بۆچی ؟ بەم چەشنە بە ئاسانی . خۆشەویستی‌ی ڕەسەن بەبێ هیچ هۆیەکی ڕوون کردنەوە دێتە ئاراوە . یان پۆشکین کە دزستۆیفسکی‌ی بۆ ئامادەکردین ...

شیعر ، ژیانە ، نەك مردن، بە هۆی ئەم ژیانەوە دەبێت خۆشەویستی‌و هاوڕێیەتی‌و دڵسۆزی بزانین‌و وەربگرین..

ئایا زمانی شیعر بە درێژایی سەدەها ساڵ دەگۆڕێت ؟!

وەڵام : ئەم زمانە ، هیچ کات ، هەرگیز ناگۆڕێت . بۆ چەسپاندنی ئەم قسەیە دەڵێین کە ئێمەمانان هێشتاکە حەز لە شیعری پێشینیان کە حەز لە شیعری پێشینیان دەکەین‌و لە ئاستی‌دا سەرسام دەبین .

ئەم قسەیە وا وەرمەگرن کە درەختە وایە کە ئەو سێوەی من (کۆن‌وبست) یان (کۆنەپەرست) بم .

شیعر وەکوو ئەو لقە درەختە وایە کە ئەو شێوەی پێوەیە ، کە بە هۆیەوەو لە پێناوی‌دا ، ئادەمو حەوا لە بەهەشت دەرکران ، ئەو ڕووداوەی یەکەمین ڕووداوی جیهانی مرۆڤایەتیمانە .

مکرم ڕشید تاڵەبانی
کردوویەتی بە کوردی

لەبیرەوەری "ووردی" دا

چەند ووشەیەك

عبدالرزاق بیمار :

پێنج ساڵ زیاترە ، لە ڕۆژی ٢ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٥ ، ووردی ماڵاوایی لێ‌کردین ، بەڕاستی ئەوەی لە ئەنجامی ووردی‌ی ناسیبێت‌و شارەزای گیانی ئەو پیاوە بووبێت ، هەست بەوە دەکات کە شوێنەکەی چۆڵە ، شوێنێك بەو نەبێ بە کەس پڕ نابێتەوە ، چونکە شرێنێکی تایبەتی بوو ، بوچی؟ چونکە ووردی خۆی تایبەتی بوو .

ووردی تەونێکی تایبەتی بوو ، ئەگەرچی لە خۆری‌ی خۆمان ڕێسرابوو ، بەنەکەی بەنی کوردەواری بوو ، بەڵام لە سفتوسۆڵی‌و ڕەنگو ڕرودا لە هەمووان جیاواز بوو .

جیهانێکی تایبەتی بوو ، پڕ لە خەونی سەوزو سوورو بیرو ئەندێشەی سەربەخۆو بەخۆ کەوتوو .. مرۆڤێکی ساویلکەو ڕوح پەرەوەر تاڕادەی منداڵی ساکار . . منداڵێکی ئاوات پیرو دڵ ئەیرەو قسە بتوون بوو .

ووردی هەمیشە بێ شەراب مەست بوو ، مەستی خۆماوی ڕروناکبیری‌و ووشەی کوردی ، کەللە گەرمی جەنگی مەغلوبەی شیعرو شاعیری بوو ، ژیانی شیعرو هەڵس‌وکەوتی شیعرو سەروسیمای شیعر بوو .. مەستی شەرابی دەروێشانەی عەشقی کوردو پەبوولەی بەرگری چرای سۆزی ناسك‌و خەمی ڕۆژانەی داماوو هەناسە ساردانی مرۆڤایەتی بوو .. مەستی‌یەکی پڕ لە نەشئەو دروو لە خڵت‌و خاشی ماده پەرستی‌و .. رازی بە چەند دەنکە جۆیەکی ناو لەپی لاوازی فەیلەسووفێکی هیندی .

مەستی‌یەکەی لەوەدا بوو کە هەموو جیهانی دەزانی ، بە خۆی نەبێ .کاتێکیش کە لە مەستی‌یەکەی هوشیار دەبۆوە دەستی لە هەموشتی ڕدق دەبوو ، دەکەوتە پەلاماری بەیانی‌و گێژەنە دەگێژاو گەردەنوول لوولی دەخواردو ڕەشەبا هەڵی دەکرد تۆش ئەگەر لە بەرامبەری‌دا خۆت پێ‌بگیرایە ،لەدواییدا کە هەموو شت هێمن دەبوەوە دوو دڵۆپە شووشەی ڕۆشن لە سەر گلینەی چاوەکانی دەنرووسکانەوەو وەکو ئاوێزە هەموو پاکی‌و چاکی‌ی سەردەمی مەستی‌یەکەیان پشان دەدایەوە ! من دیومە بە هەردوو دەست کۆڵەمستی لە شووشەی دڵی بیرو باوەڕەکەی خۆی گرتووەو ویستوویەتی تۆڵە لە بەرامبەرەکەی بستێنێ کە نەفیزەی تێوە ژەندووە ،بەڵام کاتێ کە تیژبی ئازارەکە گەیشتۆتە سەر دەماری ئاگایی ، لە جیاتی ئەوەی بڵێ (دەست خۆش) وەکو منداڵێك بە دەست‌و پەنجەی بریندارییەوە کەوتۆتە گرین‌و باوکەڕۆ .

زۆر کەس نەبان دەناسی ، ساکاری‌یەکەیان بە گێلی‌و مۆبی‌یەکەیان بە پیاوخراپی‌و خۆپارێزیەکەیان بە بێ‌دەسەڵاتی لێك دەدایەوە . بەڵام هەڵە بوون ، چونکە ووردی قەت نەبدەتوانی بیێتە ئەو شەیتانەی کە وەکو فرشتە پێ‌بکەنێ‌و قەت ئەو هەورە نەبوو لە باتی بارانی فەڕ ئاگرو تریشقە ببارێنێ .

لە نێوان مەستی‌یە شاعیرانەکەی‌و ئاگایی‌یەکەی ووردی‌دا پردە سیراتێکی زۆر باریك‌و تەنك هەبوو ، ئەگەر یەکێك شارەزا بوایە دەیتوانی بە سەریدا بپەڕێتەوەو بە پێڵاوەوە بگاتە ئاو ناخ‌و کرۆکی گیانی ، بەڵام ئەم جۆرە کەسانە کوان‌و لە کوێ چنگ دەکەون ؟ هاورێن، باوکن ، بران ، ژنن ؟! .. بۆیە ئەو مەستی‌یە وەکو چاوەڕوان دەکرا ئەهاتە بەر ، بەرهەمەکەی کە سەرچاوەی کردوکۆشی ساڵانی چڵ‌و بەنجاکان بوو وا نەبوو کە لە جەند نامێلکەو پەڕاوێ‌یەکی پەڕپروت بەولاوە ئالێم دەبوو بە پەڕی تاووس‌و نەغام ئاوەشین بکراباو بە گوڵی ئاوریشم ئاوچەوانی لە گەرد پاك بکراباوەو دەنگو هەوای پەری‌یان بە ئاگا بهێنرابا .. ئەجا .. دەیتوانی بەرهەمی پێگەیشتووی بە هونەر بەروەردەو بە تووش‌هاتی ژیان ئاووس پێش‌کەشی بکات‌و لە دەردی ئامێلکە ڕەش کردنەوە رزگاری بێت. ئەوە ئالێم ، بەڵام چونکە من دەزانم چەند ساکارو گیان روونا‌ك بوو ، ئەگەر هەڵ‌و مەرجی تایبەتی لە دەزگایەك، یان لابەنێك ، یان لە یەکێك ، یان لە خێزانەوە بۆ بڕەخسابەو پەلی بگیرایە ، ئەوسا وەکو مەلێکی کەوی کە چۆن برسی بێت دەفڕێتە سەر دۆشاو مژەی دەست‌و لە ناو لەبی ناسیارەکەی دەنك دان هەڵ دەگرێت‌و دەڕوات ، ئا وەها دەهاتە ژێر باری کارو کاری بەردەوام‌و ڕێکوپێك ، تەمی ئەو گوێ نەدان‌و پرژو باڵوی‌و خەباڵاوی‌یەی لێ دەڕەبەوەو مەستی‌یە هەمیشەیەکەی بە پیت‌و پڕشت دەبوو هەرچۆنێك بێت تەونی ووردی تایبەتی بوو ،ساوایەتی وەکو کانی‌ی کوردستان دبوی دەرو ناوەوە دەروونی وێنە دەدایەوە ، کە هەتا لێت دەڕوانی هەر سادەیی بوو . ساوایی‌و سینەسافی لەوە زیاتر ؟ چارێك ڕێی کەوتە کۆڕی مەی خواردنەوە ، مەستی‌یە هەمیشەیی‌یەکەی خۆی بە سپرتۆی مەی جروزاندەوە ، کە کەوتە دەربڕینی ووشە ڕاستەقینەکان کەوتە هەنیسك‌و هەڵدانی فولپی گریان ، بە گوڵ

بڕوانە : ل :٧

ئەم مرۆڤە گۆرانی دەڵێت

شیعری : س . ج . درایفز ردی
نەژاد : کردوویە بە کوردی

ئەو پیاوە باڵەوان نی‌یە.. بەڵکو لەوانەیە شێتبێ..
کەوایە.. بێ سوپاس کردنوبێ ووشتانەوە ..
لە دوعاو پارانەوەمان ڕەت‌کرد ..
دەستبان کردنەوەکانمان هاواردەکەن ..
بە بەرزێکی لە ڕادە بەدەر هاواردەکەن ..
لە کاتێکدا پیاوێك بە تەنها بەرەو مردن دەچێت‌و
لە سووکە کەوتنیکا ، ڕێگای خۆی شەقدەکا ..
لە تاریکی چاوە بەستراوەتایەوە ، بەرەو تاریکی گۆڕ!
لەگەڵ ئەوەشا ، ئەوەتا گۆرانی دەڵێ ..
گۆرانی دەڵێ‌و دەشمرێ ..

× × ×

هەموومان پەیمانێکی تاکە کەسی ،
لەگەڵ تاریکی‌دا دەبەستین ،
مردن لەبەرچاوی زیندوانا ناخۆش‌دەکا ..
تایە هاڵاوی گڕی دەتوانێ . درندەی زێڕین
هەڵلوشێ ..
تا بواری بۆنی گۆشتی سروتاو بدات ..
بسووتێ‌و لێشاوی خەڵك بەرەو دەرگا بێنێ
جێ‌چاوەڕوانی هاونیشتمانی‌یە ، بێ‌دەنگیو
خواستەکان ..
کە لەگەڵ ئەوەشدا گۆرانی دەڵێن ..
ئەویش دەمرێ ..

× × ×

من جوانیەك لەوەدا نابینم
بەڵام پیاوەکە مرۆڤێکی تەواوە ..
هەر دەبێ گۆرانی بۆ تاریکایی شەوی بڵێت ..
تاپەت دەنگی دەخنکێنێ ..
هەردەبێ ..
ئاگر لەکەللەبدا مەشخەڵێکی سپی‌بوو ..
مردنیشی جارێکە نابێ بەدوو
لەگەڵ ئەوەشدا گۆرانی دەگووت‌و دەشمرد ..

× × ×

Institut Kurde de Paris

دەق تەواوی ئەووتارە فراوانەی کە باڵەوانی ڕزگاری نەتەوەیی صدام حسین بە بۆنەی ٦٠ ساڵی دامەزراندنی سوپای مەزنمانەوە خوێندیەوە .

(باشماوە)

کۆڕەکانی ژیاندا کاردەکەن تا عیراق سەرباری هەموو ئەرکو پێویستیەکانی شەڕی گەشاوەو بەهێز بێتو بە هەنگاوی دڵنیاو بە توانا بە ڕێگەی پەرەسەندنو پێشکەوتندا بڕوات .

لە مەترسی بێباکین .

گیانی سەرکەوتن لە بەردەمی ڕەنگینی نووسەرو شاعیرو هونەرمەندان دایە کە وەکو کانی لە ناخی قوولایی بنیمەتیی عیراقیو عەرەبی ڕەسەندا هەڵقوڵا .

گیانی سەرکەوتن لە دڵو ئیانی ژنانی عیراقی دایە کە سەرومڕ داوا دەکەن بەچەکەوە لە مەیدانی شەڕ بەشداری بکەن .

ئەمەیە ، براینە ، گیانی سەرکەوتن .. گیانێکی بەهێز ، پرشنگدارو پڕ لە بەخشینە .. بۆیە ئێمە لە مەترسی نارسینو لە شتی ناکاویشوداهاتوویش ناترسین پەنا بە خوا دوای ئەوە کە گیانی سەرکەوتن وا مێشکو دەروونی نێرومێی عیراقیەکان پڕدەکاتو وا بەم شێوەو شێوە لە نیشتمانی عەرەبیو نەتەوەی عەرەلبیشدا پرشنگدەداتەوە .

هەموو لایەنە دوژمنەکانو دوژمنی فارسیش خۆی وایان دەزانی کە عیراق ناتوانی لە شەڕدا بەردەوام بێتو بەندو باڵوەی درێژیان دەربارەی - شەڕی خێرا بڵاوکردەوە کەوا عیراق نەخشەی بۆ کێشاوە ، لەبەر ئەوەیە کە دوژمنی فارسی دان بە مافەکانماندا نانێو لەگەڵ دوژمنانی نەتەوەدا لەسەر توانا و پشوو بڕانی عیراقیەکان گرەو دەکەن . من بەوان دەڵێم .. لە بری ئێوە ، براینە .. ئازایەتیو کەللە گەرمیی عیراقیەکان جێگەی وتووێژ لەسەرکردن نەبووە .. لە شەڕیشدا زۆر جوان ئەمەیان سەلماند کە لە سەرووی هەموو بۆچوونیکدا بوو . . عیراقیەکانیش وەکو تێدەگەن پشوو کورتو بێ ئارام نین . شۆڕشی تەموز عیراقێکی نوێی بینا کردووە .. فەردی عیراقیی ئازاو کەللە گەرمو ئامادەی خۆبەختکردنو قوربانی ، لە هەمان کاتدا .. بووەتە هاونیشتمانێکی بەجڵەوو .. ئارامگرو بەتوانا بۆ هەلسو کەوت کردن لەگەڵ هەموو بارێکی ناسکدا .. بۆیە من بە هیوا ڕووخاوەکان دەڵێم گرەوەکەتان دۆڕاوە .. عیراق وا لە شەڕدا سەرکەوت .. هەتا شەڕیش لەشەڕ هەڵدەچێو گیانی سەرکەوتن دەپارێزێت تا دوژمنی فارسی ناچار دەکات دان بە مافەکانیو مافەکانی نەتەوەی عەرەبیدا بنێتو عیراقیەکان بۆ جیهانی ساغ دەکەنەوە کە ئارامگرترو بە جەرگترن لە دوژمنەکەیان .

ناوەڕۆکی شەڕو نرخە مێژوویەکانی

براینە ..

ئەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی مەزنی عەرەب ..

کاتێ کە فارسی دوژمن لە دوژمنداریی عیراقدا پێی لێهەڵبریو بێ شەرمانە لە خاکی عەرەبیو مافەکانی عەرەبی تێ دەپەڕاند وای دەزانی کە عیراق لە عەرەبەکانی برای دادەبڕێو نەتەوەی عەرەب لەسەر عیراق ناکاتەوەو شان بە شانی دەوەستی .. چەند کەسێك لەوانەی ئابڕوو ویژدانی خۆیان فرۆشتووەو هەر بە ناو عەرەبن دوژمنیان هەڵخەڵەتاند ئەوانیش قینی نەخۆشی خۆیانو مەبەسی گومان لێکراویان بەسەر نرخە نەتەوەییەکانو بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەییدا زاڵکرد .

عیراق بە تاقیتەنیا چووە جەنگەوە .. بەڵام لە ڕێڕەوی شەرەکەدا بە تەنیا نەماوە .. جا لەگەڵ هەڵمەتی لە خشتەبردنو شێواندندا جەماوەرانی عەرەبی بە هەستی نەتەوەیی ڕەسەنی خۆی ناوەڕۆکو نرخی مێژوویی شەڕەکەی زانیو تێگەیشت کاتێك کە بینی بۆ یەکەم جار سوپایەکی عەرەب لە دەرەوەی سنووری دەوڵەتەکەی خۆی .. بۆ بەدەنگەوە هاتنی هاواری مافو ڕاستیو گەورەیی شەڕی دەکات ، ئیتروا هەستی کرد کە قەوماوێکی گەورە لە ژیانی عەرەبیدا ڕوویدا .. ئیتر بە بایەخەوە ڕوانی .. ڕۆژ دوای ڕۆژ بەشی فراوانی جەماوەرانی عەرەبی لە سروشتی شەڕەکە گەیشتو پشتگیریی کرد و دوعای بەرەکەتیو چاکەی بۆدەکات ..

ئەو کەسانەی لەسەر دابڕینی عیراق لە نەتەوەی عەرەبدا گرەویان کرد نرخی مێژوویی نەتەوەی عەرەبیان نەدەزانی .. ئەو ڕایەلە مەزنەو ناوەڕۆك مرۆڤایەتییەی کە یەکێتیی گیانیو ڕووناکبیریو چارەنووسی نەتەوەی عەرەبی پاراستوە ، سەرەڕای سەردەمەکانی بێهێزیو دواکەوتنو پارچەبوونو هەموو شێوەکانی ئیستیعمارو دەسەڵاتی بێگانەی سەدان ساڵ لە ڕۆژی ڕووخانی دەوڵەتی عەرەبی عەباسیو دەوڵەتی عەرەبی لە ئەندەلوسەوە هەتا سەردەمی تازە .. بەڵکو دوژمنان وسێیان ئەم ڕایەلە نەتەوەییە لەناوببەن بەهۆی بڵاوکردنەوەی قاوی مڵملانیی ناوچەییو تایفەییو عەشایەرییەوە بۆخاتری وردوخاش کردنی نەتەوەی عەرەبو داگیرکردنی نیشتمانی عەرەبی .. قینو دوژمنایەتیی ڕەشیان بەسەر عیراقدا خەستکرد چونکە دەزانن کە قەڵاتێکی نەبەرو پرشنگدارەو خۆی بۆ بەرگریکردن لە زەویو ئابرووو سەربەرزیی نەتەوەی عەرەب ئامادەکردووە ، بە پشتو پەنای خواش عیراق خۆیگرتو پیلانە تاڵاوەکە کە لەگەڵ ئامانجو مەبەستەکانی نەخشەکانی ئیستیعمارو سەهیونیزم تێکەڵ دەبێ تێك شکێنرا .. شەڕەکە ڕاپەڕینێکی هوشیاری تازەی نەتەوەیی پەیدا کرد کە سەرەتای ئاسۆیەکی نوێی شۆڕشی عەرەبیو دوارۆژی عەرەبییەو .. بەردەوام بوونی شەڕ زیاتر پشتگیریی جەماوەرانی عەرەبو پشتگیریو یاریدەی ژمارەیەك لە برا کاربەدەستەکانی عەرەبی هێنایەدی ، ئەمانەش چ بە شانازیو چ بە هێزەوە ڕای خۆیان دەربڕی ، یان هەندێك ڕێگەی تری دەربڕینیان هەڵبژارد .

ناوەڕۆکی شەڕو نرخە مێژوویەکانی

براینە ..

ئەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی مەزنی عەرەب ..

کاتێ کە دوژمنی فارسی لە دوژمنداریی عیراقدا پێی لێهەڵبریو بێ شەرمانە لە خاکی عەرەبیو .. مافەکانی عەرەبی تێ دەپەڕاند وای دەزانی کە عیراق لە عەرەبەکانی برای دادەبڕێو نەتەوەی عەرەب لەسەر عیراق ناکاتەوەو شان بە شانی دەوەستی .. چەند کەسێك لەوانەی ئابڕوو ویژدانی خۆیان فرۆشتووەو هەر بە ناو عەرەبن دوژمنیان هەڵخەڵەتاند ئەوانیش قینی نەخۆشی خۆیانو مەبەسی گومان لێکراویان بەسەر نرخە نەتەوەییەکانو بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەییدا زاڵکرد .

عیراق بە تاقیتەنیا چووە جەنگەوە .. بەڵام لە ڕێڕەوی شەرەکەدا بە تەنیا نەماوە .. جا لەگەڵ هەڵمەتی لە خشتەبردنو شێواندندا جەماوەرانی عەرەبی بە هەستی نەتەوەیی ڕەسەنی خۆی ناوەڕۆکو نرخی مێژوویی شەڕەکەی زانیو تێگەیشت کاتێك کە بینی بۆ یەکەم جار سوپایەکی عەرەب لە دەرەوەی سنووری دەوڵەتەکەی خۆی .. بۆ بەدەنگەوە هاتنی هاواری مافو ڕاستیو گەورەیی شەڕی دەکات ، ئیتروا هەستی کرد کە قەوماوێکی گەورە لە ژیانی عەرەبیدا ڕوویدا .. ئیتر بە بایەخەوە ڕوانی .. ڕۆژ دوای ڕۆژ بەشی فراوانی جەماوەرانی عەرەبی لە سروشتی شەڕەکە گەیشتو پشتگیریی کرد و دوعای بەرەکەتیو چاکەی بۆدەکات .

ئەو کەسانەی لەسەر دابڕینی عیراق لە نەتەوەی عەرەبدا گرەویان کرد نرخی مێژوویی نەتەوەی عەرەبیان نەدەزانی .. ئەو ڕایەلە مەزنەو ناوەڕۆك مرۆڤایەتییەی کە یەکێتیی گیانیو ڕووناکبیریو چارەنووسی نەتەوەی عەرەبی پاراستوە ، سەرەڕای سەردەمەکانی بێهێزیو دواکەوتنو پارچەبوونو هەموو شێوەکانی ئیستیعمارو دەسەڵاتی بێگانەی سەدان ساڵ لە ڕۆژی ڕووخانی دەوڵەتی عەرەبی عەباسیو دەوڵەتی عەرەبی لە ئەندەلوسەوە هەتا سەردەمی تازە .. بەڵکو .

هەموو خاوەن حەقێك حەقی خۆی هەیە

بەڵام هەڵگرانی شوناس نامەی عەرەبی کە لەسەر سەرکەوتنی دوژمنەکان مەرجیان گرتبوو ، ئەوە خەونە نەخۆشەکانیان نەهاتەدیو .. پیلانە گەمژەکانیان پەرتو بڵاو بووەوەو لە شەرمەزاریو ڕووڕەشی زیاتر هیچیان دەسگیر نەبوو . مێژووی عەرەب بە پێتی بریقەدار ناوی ئەو برایە عەرەبانە تۆمار دەکات کە لایەنی عیراقیان گرتوو حەقی هەموو خاوەن حەقێك دەپارێزێت .. بەڵام بە شەرمەزاریو ڕووڕەشییەوە هەڵوێستی ئەوانە تۆمار دەکات کە لایەنی دوژمنیان گرتوو لە پشتەوە خەنجەریان ئاراستەی عیراق کرد .

ئەم زۆردارانەی کە مەمکی دایکی خۆیانیان بڕیوە مەرجیان لەسەر زۆری فارسی دوژمن بە چەکو ژمارەوە گرتبوو دژی عیراق ئەم عیراقەی کە لە جەنگە پیرۆزەکانی عەرەبایەتیدا لە فەلەستینو جۆلانو سینادا لە خوین ڕشتندا کەمتەرخەمی نەکردوە .. تا ڕادەیەك خیانەتی هەندێکیان گەیشتە ئەو ڕادەیە کە هێزەکانیان بهێننە سەر سنووری ئەردەنی عەرەبی کە هەڵوێستێکی زیرەکی عەرەبانەی بەرانبەربە عیراقی نواندوە پشتی گرتو .. مەبەستیشیان لەم هێزانە سزادانی ئەردەن بوو .. هەروەها بۆ دەست وەشاندن لە ڕاپەڕینی عیراق بوو بە ڕێکخستنی هەڵوێستیان لەگەڵ دۆستەکانیان لەناو ڕژێمی ئیراندا .

وەستانی شەڕیفانەو مەردانەی ئەردەن

ڕژێمی سوری لە هەڵوێستی گرتنی لایەنی فارسی دوژمنبەوە خۆی پاککردەوە کە گوایە عیراق پشتی کردە مەسەلەی فەلەستینو هێزەکانی شەڕی دەوڵەتێکی ئیسلامی دەکەن .. بەڵام ئەو ڕژێمە کە زیاتر لە سیانزە ساڵە زایۆنی دوژمن خاکەکەی داگیر کردوە دوو دڵ نەبوو لە کۆکردنەوەی هێزەکانیدا دژی وولاتێکی عەرەبیو ئیسلامی کە کەوتوتە سەر درێژترین هێڵی نزیك بە دوژمنەوەو . . ئا بەم جۆرە قەڵبی ئەم ڕژێمە ئاشکرا بووو ڕقو کینەشی بەرانبەر عەرەبایەتی بە چاکی دەرکەوت .

عیراق وەك بەشێك لە نەتەوەی عەرەبی هەمیشە ئەو هەڵوێستە عەرەبییە شەریفەو مەردانەیەی ئەردەن بەگەڵو حکومەتو پادشاکەی هەرگیز لە بیرنا کاتەوە .. بەڵام زۆردارەکان پەناوپێچی ئەولاو ئەولایانو هەوڵدانیان بۆ پۆشینی خیانەتیان بە شێوازی وا کە لەگەڵ نەتەوەی عەرەبو سەرکردە شەریفەکانی ناگونجێت چارەیان ناکات .. چونکە فیرتوفێڵو جامبازی سیاسەتو دیبلۆماسیەتی بە درۆ هیچ شتێك حەقایقی مێژوو ناگۆڕێت .. مێژوو خاینەکانی دەستنیشان کردوەو ئەوە کە حیسابیان لەگەڵدا دەکات و دەیانخاتە ئەو جێگایەی کە لایقیانە .

برایان

عیراق لە پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتانەوە هەمیشە لەسەر بناغەی بەرژەوەندیە نیشتمانیە ڕەواو نەتەوەییەکانەوە هەنگاو دەنێت .. هەروەها عیراق هەمیشە بەپێی یاساو نەریتەکانی دەوڵەتان دەجووڵێتو هەمیشە بە توندیو مەردانە وەستاوە لەپێناوی حەقی گەلان لە سەربەستیو سەربەخۆیداو هەروەها دژی هەموو جۆرە ئیمپریالیزمو چەوساندنو دەست درێژیو جیاوازی ڕەگەزپەرستانە وەستاوە .

شوێنمان لەناو دەوڵەتان هەروەکو خۆی ماوەتەوە

عیراق بە هەموو پاکیو دڵسۆزیەوە یارمەتی داراییو مەعنەوی پێشکەش بە هەموو بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی جیهان کردوەو .. یارمەتی وولاتانی جیهانی سێیەمی داوەو .. بەتایبەتیش وولاتانی بزووتنەوەی بێلایەنو .. بە توندی ئیلتیزامی کردوە بە بیروباوەڕەکانی ئەم بزووتنەوەیەو بە ووردی ئیلتیزاماتی خۆی بەرانبەری جێبەجێی کردوە ،

ئەم سیاسەتە مەبدەئییە کە نە بیروباوەڕەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو لە بۆچوونە قووڵو ڕاستییەکەی بۆ بەرژەوندیەکانی نەتەوەی عەرەب هەڵقوڵاوە شوێنێکی پڕ لە ڕیزو کاریگەر لەناو دەوڵەتاندا بۆ عیراق دەستنیشان کراوە .. وای کردوە کە گەلێك لە دەوڵەتانی جیهان دۆستایەتیان لەگەڵدا بپارێزنو دڵنیایە لە سات وسەودا کردن لەگەڵیدا بەپێی بیروباوەڕو بەرژەوندیە هاوبەشەکانەوە . کاتێکیش کە شەڕ لە نێوان ئێمەو ئیراندا بەرپا بوو سەرەڕای هەوڵدانی هەندێك لە لایەنە دەوڵەتییەکان بۆ شێواندنی ناوبانگێتی عیراق بەڵام شوێنی عیراق لەناو دەوڵەتاندا جێلەق نەبووو .. بۆ دۆستەکانیشی دووپات کردەوە کە دوستێکی بەوەفایەو دەتوانرێت لە هەموو بارودۆخێکدا پشتی بێبەسترێت .

ئێمەیش لەو بۆچوونەدا کە ململانێمان لەگەڵ ئیراندا هەڵوێستێکی ڕەوایە .. لەگەڵ کۆمەڵەی دەوڵەتانو ئەو دەستەولایەنە دەوڵەتیانەی کەبایەخیان بە ململانێی ناوچەکە داوە بەپێی ئەو بیروباوەڕە ڕاستانەی کە داوا لە لایەنی بەرانبەرمان کردوە ڕەچاوی بکاتو .. هەروەها ئێمەیش لە لایەن خۆمانەوە ڕەچاوی دەکەین مامەڵەمان کردوە .. سەرکەوتنمان بەسەر فارسی دوژمندا هەڵوێستی دەوڵەتیمان نەخۆڕیوە .. ئێمە بۆ هەموو ئەوانەی کە هەوڵیاندا شەڕ بوەستێتو چارسەرێکی ئاشتیانە بۆی دابنرێت دووپاتمان کردەوە کە ئێمە لە پێناوی حەقی ڕەوای مێژوویی شەڕ دەکەینو .. ئامانجمان وەرگرتنەوەی مافەکانو گەیشتنە چارسەرێکی عادیلانەو شەرەفمەندانەیە بۆ ئەو زۆرانبازیەیە.

ئێمە بە شێوەیەکی تایبەتی دووپاتمان کردەوە کە عیراق هەرچەندە لە مەیدانی شەڕدا سەرکەوتووە باوەڕی بەوە هەیە کە پێویستە لە پەیوەندییەکانی نێوان عیراقو نەتەوەی عەرەبی لە لایەکو لە نێوان ئیراندا لە لایەکی ترەوە .. مەبدەئی دەستدرێژی نەکردنە سەر خاکی یەکترو داگیر کردنی بەهێز هەبێت .

چارەسەرێکی عادیلو شەریفانە

ئەوخاکو مافانەی کە ئیران بەزەبرو زۆری داگیری کردون دەبێت بگەڕێنەوە بۆ خاوەنە شەرعییەکانیان کە عەرەبنو .. عیراق ئامادەیە هەموو خاکی ئیران کە داگیری کردوە بۆیانی بگێڕێتەوە بەم جۆرە چارەسەرێکی عادیلو شەریفانە بۆ هەردوو لاوە دێتەدیو بارودۆخی لەبار لە ئارادا بێت بۆ ئەوەی پەیوەندی تەبیعی لە نێوان ئیرانو عەرەبدا دروست ببێت کە دووربێت لە ویستی دەستدرێژیو فراوانی ئابەم جۆرە هەردوو لا ڕوودەدەنە ڕەنێو هێنانو پەرەسەندنو پاراستنی ئاسایش لە ناوچەکەدا .

ئەو سیاسەتەی کە ڕژێمی پێشوو لە ئیراندا گرتبویەبەرو ڕژێمی ئێستای لە ژێر پەردەو دروشمی درۆزنانەی لە سەریدا بەردەوام بوو ئەو ناوچەیە ناسکەی خستە بەر مەترسی ، ئەوەش هانی دەوڵەتە گەورەکانیدا کە دەست لە کاروباری ناوخۆی وەربدەنو هەوڵ بدەن جارێکی دیکە بچنەنە ژێر دەسەڵاتی خۆبانەوەو بیکەن بە شوێنی ململانێی نێو دەوڵەتانو بوونی سوپای بێگانە لەو ناوچەیەدا .. ئەو بارودۆخە بە پلەی یەکەم فەرماندەواکانی تاران بەرپرسیارن لێیەوە .. ئەوانە کە بە گەمژەییو بەبێ هەست کردن بە لێپرسینەوە ڕەفتاریان کردو .. دەوری وایان بۆ خۆیان هەڵبژارد واقیع دووپاتی کردەوە کە لە توانایاندا نییە جێبەجێی بکەن لەبەر ئەوەی کە دژی ئاوات و بەرژەوەندیەکانی گەلانی ناوچەکەو دژی بەرژەوەندیە ڕەوەکانی گەلانی ئیران خۆیەتی .

ئێمە لە جێگەی هێزو توانستەوە سەر لە نوێ دووپاتی داواکاریەکەمان دەکەینەوە بۆ چارسەرکردنی کێشەکانی نێوانمانو نێوان ئیران بە ڕێگای ئاشتیانەو لەسەر ئەو بناغەی کە باسمان لێوەکرد .

ئامادەین بۆ هاریکاری کردن لەگەڵ لایەنە دەوڵەتییەکان

هەروەها سەر لە نوێ ئامادەیی تەواوی خۆمان دووپات دەکەینەوە بۆ هاریکاری کردن لەگەڵ هەموو لایەنە دەوڵەتییەکان کە هەوڵی دڵسۆزانە دەدەن لە پێناوی گەشتنە ئەو ئامانجەو .. من بە ناوی عیراقەوە دەمەوێت بە شانازیەوەو بە تایبەتیش دەست بۆ ئەو هەوڵانە بکێشم کە بزووتنەوەی بێلایەنو سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانو کۆنگرەی ئیسلامیو هەموو دەوڵەتانی دۆست کە بایەخی بەو ململانێیەی کە لە ئارادایە داویانەو هەوڵیداوە بەشداریکات لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی عادیلو شەریفانە بۆ ئەو ململانێیە .

بەڕۆژەوەندی گەلان لە ناوچەکەماندا و بەڕۆژەوەندی جیهان هەمووی واپێویستدەکات کە ئاسایشو هێمنی لەو ناوچەیەدا بە پێی چەند بنەڕەتێکی عادیلو ڕەوا کە ڕیزی سەربەخۆیی دەوڵەتانو سەربەستی گەلان لە هەموو دەوڵەتێك لەم دەوڵەتانە لە دەستنیشان کردنی ڕێبازی سیاسیو کۆمەڵایەتییان بگرێت لە ئارادابێت بەو جۆرەیەی کە لە هەموو شێوە دەستتێوەردانێکی بێگانەوە دووربێتو ئێمە کاتێکی کە ئەم بیروباوەڕانە دووبارەدەکەینەوە زیاتر بێ لەسەر سەربەخۆیی ئیرادەی عەرەبی دادەگرین لە جۆرەکانی پشتبەستن لە مەسەلەکانی بەرگری نیشتمانیو ئاسایشو هێمنیی ناوخۆ بە هێزە بێگانەکانەوە لە خەون زیاتر نییە کەواتە بەرپرسیاری گەلو بەرپرسیاری سەرکردەکانو چارەنووسی عەرەبو دوا ڕۆژیانو ئاسایشیان دەبێت بە دەستی خۆیانەوە بێتو هیچ هێزێکی بێگانە سوودیان بۆنی بە هەرچەندە خۆی بە دۆستیان یاخود بە دڵسۆزیان هێنابەبێشەوە .

ئێمە ستایشی ئەو دەسکەوتە گرنگانە دەکەین کە عەرەب لە کۆنگرەی باڵای عماندا جێبەجێیکردو بە تایبەتیش بڕیارە ئابوورییەکانی کە بیروباوەڕی بەرپرسیاری هاوبەشی نەتەوەیی زێتر چەسپاندیو .. ئێمە بە باوەڕو دڵسۆزییەو داوادەکەین کە پشت بە توانستی عەرەب ببەسترێتو ناوچەکە لە هەموو جۆرە لە ئارابوونی بێگانە لەناوچەکەدا پاکبکرێتەوە .

ئەو ڕێبازەی کە شوێنی نێو دەوڵەتانمان وەکو عەرەب جێگیردەکات .. ئەوە کە دەسەڵاتو بەڕۆژەوەندیمان دەپارێزێتو لە توانامانداو دەبێت کە پێویستییەکانی سوپایی سیاسیو ئابووری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زایۆنی دوژمن پاشەکەوت بکەین .

ئێمە وای بۆ دەچین کە ئەو بیروباوەڕانەی لە ڕاگەیاندنی نەتەوەیی ٨ شوباتی ١٩٨٠دا دەستنیشانمانکردن دەربارەی پەیوەندی نێوان دەوڵەتانی عەرەب خۆیانو لە نێوان دەوڵەتە

بڕوانە : ل : ٧

نەلەمەترسیو .. نەلەکوت وبڕی سل دەکەینەوە .. باش ئەوەی گیانی سەرکەوتن مێشك و دەروونی لەموو عیراقییەکانی بڕکرد

institut kurde de paris

چۆنێتی ڕۆڵەکانمان بەفیڕۆ ناڕوات

لەنەنجامی دەستدرێژیو پەلاماردانە درندەکانی رژێمی ڕەگەزپەرستی ئێران وبەفڕۆکە بوردومان کردنی گوندەکوردستان ، گەلێ منداڵو پیر بوونە قوربانیو چەندەها هاووڵاتی لەو ناوچانەدا بریندار بونو ئەمەش نیشانەیەکی ئاشتراتری نامرۆڤانەی ئەو رژێمە بۆ گەنەیە کە بەبێ هیچ لێبرسینەوەیەکی راستەقینەو لەنەنجامی شکستی بەردەوامی بەرامبەر بەسەرکەوتنەکانی سوپای دلێرمان پەلاماری درندانەدەکاتە سەر هاووڵاتیان ..

● **لە ناوچەی - دیانە -**

کە چەندەها جار دەستی ترسنۆکانەی فڕۆکەکانی دوژمن بوە بەهۆی شێواندنی ژبان تیایدا ، - هاوکاری - چاوی بەکەس وکاری شەهیدو بریندارانی ئەو هەرێمە کەوت .. لەسەرەتادا ، کە چوینە دیانە ، چەند وێنەیەکی تاڵمان بەرچاوکەوتو پاشان لەگەڵ هاووڵاتیاندا کەوتینە قسە ...

● **لەماڵی هاووڵاتی ئەسعەد خۆشناو نۆکەس بریندار بووە ، لەهەموویان تاڵتر منالێکی بەرمەمکانەو هێشتا فێری ئاخاوتن نەبوە کاتێ فڕۆکەکانی تاران زمانیان بڕی بەرامبەربەوە ئەم هاووڵاتیە دەڵێ :**

× پاش ئەوەی رژێمی رەگەزپەرستی ئێران بەرامبەر بە سوپای نەبەز هەڵاتو لەدوای خۆی سەدەها کوژراوی جێهێشتو نەبتوانیوە بەرامبەر بەهێزی بازووی رۆڵە کانمان بوەستێ ، ناچاربو تۆڵە لەمنالی بێتاوان بکاتەوەو ئەمەش نیشانەی بێدەسەڵاتی و نەمانی ئابروی ئەورژێمە دەگەیەنێ ..

بەڵام ،نەفڕۆکەکانی دوژمنو نەپەلاماردانە بێ ویژدانەکانی ناتوانێ لە هێزی جەنگاوەرەکانمان کەم کاتەوە ، بەڵکو ئەمانە دەبن بە هاندەرێکی مەزن بۆ ئەوەی سەرکەوتنی راستەقینە دروستبکەین

● **بەڵام هاووڵاتی علی خۆشناو لە ئەنجامی ئەو پەلاماردانە ماڵەکەی خاپوربووەو دەڵێ :**

× هەرکەسێك بڕوانێتە جەنگاوەرە دلێرەکانمان تۆڵەی ئەو وێنە تاڵانە خ لەخۆدا دەگاتە ئەو ئەنجا. کە نۆکەرانی تاران کەمیان ماوەبڕوخێت ، چونکە ئەو تاوانانە نموونەی بێ رەووشتیو رووخانەو نیشانەی ئەوەیە کە ئەم رژێمە نەزانە لەپەنای ئایینی ئیسلامەوە گەلان دەچەوسێنێتەوەو ئیسلامیش بەدوورە لەوتاوانە

بێرەوشتانە .

● **هاووڵاتی ئایشە برایم لەوەڵامی پرسیارەکانی - هاوکاری - دەڵێ :**

× ئیسلام قەت بەوەرازی نابێ کە منداڵی بێتاوان لە ناو پێشکەدا شەهید بکری، بەڵام خوێنی رۆڵەکانمان بەفیروو ناروات ، چونکە جەنگاوەرە دلێرەکانمان تۆڵەی ئەوە دەکەنەوەو پەندێکی گەورە دەدەنە - خومەینی - کەنەت لەبیری نە چێتەوە تامابێ .

● **هاووڵاتی مصطفی ئالی دەڵێ :**

× بەرامبەر بە دەست درێژیەکانی رژێمی تاران دەڵێم ، ئەو کاربەدەستە

نەزانانە لەهیچ عورفو عادەتێك ناگەن بێجگە لە کوشتنو لە سێدارەدانی گەلانی ئێران نەبی ، بەڵام سەرکەوتن هەر بۆداوای مەقەو پاشنە رۆژی تاربك لەبەردەم ئەو نەزانە دایە کە بەناوی ئایین دەیەوێ حوکم بات بەرێوە .

شێرزاد عبدالرشمن

شارەوانی دهۆك و پرۆژەی ئاوەدانی

لەو رۆژەوە ، شارەچوانەکەی دهوك بوە بە پارێزگاو لە سایەی بایەخدانی سەرکردایەتی حزبو ئۆرشدا کاری دلسۆزانە بەردەوامەبۆ ئاوەدان کردنەوەی ئەم شارە چوانە .

گەلێ پرۆژەی ئاوەدانی کراوەنەتەوە ، کە گۆڕانێکی گەورەی بەسەر ئەك هەر سیمای شارەکە داهێناوە بەڵکو بۆ تەمایەی خۆش گووزەرانی هاو ولاتیانیش .

زۆر لەو پرۆژە ئاوەدانیانەی لە شارە جوانەکەی دهوك دا کراوەنەتەوە ، لەو پرۆژانەن کە شارەوانی دهوك رای پەراندون .

لە چاوپێپەوتنێك دا لەگەل ئەندازیار عبدالله صوفی بەرێوەبەری شارەوانی دهوك وەڵامی چەند پرسیارێکی دایەوە :

- شارەوانی دهۆك لەساڵانی تەمەنی شورشدا گەلێك هەنگاوی ئەوتۆی شارستانیێتی ناوە بەرەو جوانیو فراوان بوونو پێشکەوتن دەروات پرۆژەکان:

١ - دامەزراندنی سبنەمایێكو چەند بازارێكو چەند شوققە بە بەهای ٥٠٠ هەزار دینار .

٢ - بنکەیەکی کوژاندنەوە بە بەهای -١٥٠- هەزار دینار.

٣ - بازارەکانی نوێ بە -٣٠٠- هەزار دینار .

٤ - بازار بۆ کۆ کردنەوەی خاوەن پیشەکان بە نیو مەلیون دینار .

٥ - ئاوەدانی دوو گۆڕستان بە بەهای -١٥- هەزار دینار .

٦ - رووکردنەوەی شەقامەکانو کێشانی -مجاری - بە دوومەلیون دینار .

٧ - دانانی بناغەیەکی نوێ بۆ شاری دهوك بە پانی ١٨ کم٢.

٨ - بڕیارێك درا بۆ دامەزراندنی یاریگەیەکی تازە بەیەك مەلیون دینار .

٩ - گولستانێکی تازە تەواو کراو لەگەل چەند باریگەی منالان بە -٣٠٠- هەزار دینار .

١٠ - چەند گولستانو یاریگا دامەرزا لە نێو گەرەکەکاندا بە -٢٠٠- هەزار دینار .

١١ - دابەشکردنی ٢٥٠٠ پارچە زەوی بو ئاوەدانی بە سەر خەلکدا .

١٢ - چەند پارچەیەکی زەوی بۆ خانووی نوێ دانراوە .

پیشە دەستی یدکانی کوردەواری وژیانی ئەمرۆمان

● هەر لە کۆنەوە لە ژیانی کوردەواریدا گەلێ پیشەی دەستیو بەهرەی زیرەکیو ژیری ناو نەتەوەی کورد لە ژیانی رۆژانەداو لە هەموو سەردەمێکدا ریوشوێنی خۆیانیان گرتووەو زۆرجار کورد پێویستی بە هەندێ کەلوپەلو پێویستی ناومالو جلوبەرگو پێلاوی دروست کراوی بێگانە نەبووە ، بەڵکو خۆی بە دەستو بەهۆی پەی پێبردنی خۆیەوە دروستی کردوونو بەکاری هێناونو لێیشی فڕۆشتوونو هەتا ئەمڕۆش زۆربەی ئەو پیشە دەستیانە

لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا هەر ماوونو کەلكو سودی تایبەتی خۆیان ئەگەیەنە کۆمەڵو سودی ئابوریشیان زیاتر بووە ، وەکو کلاش چنینو فەرشو بەرماڵو مەوجو جاجمو حەسیرو بەرەو چیخو دەوارو شاڵی رانکوچۆخەو لفکەو گۆرەویو پوزەوانەو کلێتەو هۆرو تیرو گەلێ شتی تریش کە هەبانە بەگوێرەی نرخی جاران ئێستاکە گەلێ گران بەهاو بەنرخن .

● **جا ئێمەی رۆژنامەنووسی کورد حەقوایە ئەو خاوەن پیشە دەستیانە لە یاد نەکەینو هەردەم بە سەریان بکەینەوەو لە گوزەرانو حاڵی جاران و ئەمڕۆیان بپرسین ، چونکە ئەو پیشانە فۆلکلۆرو بنەمای زیرەکیو ژیری ئەتەوەکەمانن .**

بۆیە من لە سەردانێکی رۆژنامەنووسیدا بۆ ناوچەی هەورامان لە تەویلە کانێك هاوریەکم لە وەستایەکی ئەم پیشە دەستیانە ئاگاداری کردم جومە لایو هەندێ گفتوگۆم لە کەلدا کردو ، والیرەدا دەقی سەردانو گفتوگۆکەمان بڵاو ئەکەینەوە ، هیوا دارین کەلکی هەبێت .

● **دوای ئەوەی گەیشتینە ناو تەویلەو بە ناو باخو باخاتێکی چڕوپڕدا بەرەو هەورازو سەر شاخ سەرکەوتینو هەر ئەو دیمەنە دل فرێنەی ئەو چەمو باخانە وای لێکردین کە زیاتر بە پەرۆش بین بۆ بینینی ئەو وەستایەو زیاترمان خۆش ویست پاشان ماوەیەك لە ناو باخێکی رازاوە بە هەڵوژەو قزخو قەیسیو ترێو هەنجیرو هەنارو میوەکانی تریشدا تەونێکی درێژمان بینی راخرابو کابرایەکی پیری ریش سپی لە سەری دانیشتبوو تەونی ئەکردو کە ئێمەی دی وەستاو سەیرێکی کردو کە زانی غەریبین هەستاو فەرمووی لێکردینو لێرەوە دەستمان پێکرد .**

● **خالە گیان ناوت چیە ؟**

× ناوم حاجی محمدی مصطفی یە .

● **تەمەنت چەندە ؟.**

× وابزانم مەوالیدی ساڵی ١٩٢٠.

● **چەند ساڵە خەریکی ئەم پیشەیەیت ؟.**

× نزیکەی چل ساڵە ئارا خەریکی تەون کردنم .

● **چیو چی دروست ئەکەی ؟.**

× بەرماڵو مەوجو جاجم .

● **بەرماڵێك بە چەندە دروست ئەکەیت ؟**

● **نرخیشو وەختیش**

× بەرماڵێك بە دینارو- نیوێك دروست ئەکەمو رۆژێکی تەواوی پێئەچێو نرخیش بەگوێرەی نەخشی دارو سادەیی فەرق ئەکات .

● **جاران بە چەندە دروستتان ئەکرد ؟**

× جاران بەرماڵێکم بە ٣ بەنجابی دروست ئەکرد

× هەندێ باخمان هەیەو درەختی بەرداری تیایە کەلکی لێ وەرئەگرین وەکو ترێو هەنجیرو قزخو هەڵوژەو تەیسیو هەنار بەڵام ئەمسال سەرماو سۆلەی زستان زەرەری لێداینو بەرهەممان کەمە ، مانگایەکیشمان هەیە بۆ ماستو دۆو هیچی تر .

● **لە ماڵو خێزانا لە چیدای ؟.**

× من دوو ژنم هێناوەو یەکێکیان تۆ خۆش ، لە هەردووکیان حەوت منالم بووە چوار کچو سێ کوڕو کوڕێکیانم قەزاو بەڵای

● **لە کێوە فێری ئەم ئیشە بوویت ؟**

× باوکی رەحمەتیمو براکانیشم هەر خەریکی ئەم کاسبیە بوونو منیش لەوانەوە فێر بووم .

● **رۆژی چەند سەعات ئیش ئەکەیت ؟**

× لەسەعات پێنجی بەیانی- یەوە خەریکم هەتا کاتی ئێژی شێوان .

● **بێجگە لەمە کاسبی ترت هەیە ؟.**

× هەر یەکێکیان وتی بڕیتین لە:

١ - بەشی هونەری فێر کردنی مۆسیقا

کە بۆ ماوەی ساڵێك بەردەوام دەبن و ژمارەی هاوبەشانیشی پێك هاتوە لە -٢٨- پێشرەوی کچو کوڕ .

٢ - بەشی شانۆ :

ئەمەشیان بۆ ماوەی -٣- مانگ مانگ -٢٨- کەس دەربارەی زۆر چمکی هونەری شانۆ فێر دەکرێن و دوای ئەو ماوەیەش لە وەرگرتنیان بەردەوام دەبن .

٣ - بەشی وێنەکێشانو

بەشەکانی تری هونەری تەشکیلی کە دیسانەوە ژمارەی ئەمانیش -٢٨- قوتابی کوڕو کچی بۆ ماوەی -٣- مانگ بەردەوام دەربارەی ئەم هونەرە فێر دەکرێن .

٤ - بەشی هونەری میللی:

بەشدارانی ئەم بەشەش دەربارەی هەڵپەرکێو مۆسیقای میللی بۆ ماوەی -٦- مانگ وەك بەشەکانی تر وەر دەگیرێنو فێر دەکرێن.

٥- بەشی هونەری پێکەهێنانی تیپی گۆرال

ماموستا شوان سعید

ماموستا جمال صابر

ماموستا فوءاد محمد

ماموستا عمر احمد عبدالله

کاك طه خلیل حسین

یەکێتی گشتی دلوانی عیراق لە سلێمانی و خانەی هونەری پێشرەوان

فریا عبدالله

نوسینگەی سلێمانی

دیارە گەیشتوینە ئەو باوەڕە کە بۆ پەرە پێدانو گەشانەوەی هەموو بەهرەیەکە بە تایبەتی بەهرەی هونەری پێویستی بە هاریکاریو پارمەتی دانی لێپرسراوانو هونەرمەندانی ئەم بوارە لە ناو یەکتریدا هەیە ... لەم چەند ساڵانەی رابوردو بە دواوە ئەم هەڵوێستە وردە وردە بایەخی پێدراوەو ئاکامێکی پرسودیشی بەخشیوە ..

دەر لە ئێروانینی ئەم روانگەیەوە چەندان تیپی جۆربەجۆر لە شارەکانی کوردستاندا پەیدا بوونو بەپێی توانای خۆیان خرمەتێکی ئەم بوارەی بە یەکێتی گشتی لاوانی میللەتەکەی خۆیان کردوە .. پێش ماوەیەکیش خانەی هونەری پێشرەوان کە سەر بە یەکێتی گشتی لاوانی عێراقە لە پارێزگای سلێمانیدا پێك هات ...

لە سەردانێکماندا بۆ مەلبەندەکەیان کاك شوان سعید محمد بەرێوەبەری خانەی هونەری ناوبراو دەربارەی بەشەکانی ئەم خانەی هونەریەو ماوەی هەر یەکێکیان وتی بڕیتین لە:

١ - بەشی هونەری فێر کردنی مۆسیقا

کە بۆ ماوەی ساڵێك بەردەوام دەبن و ژمارەی هاوبەشانیشی پێك هاتوە لە -٢٨- پێشرەوی کچو کوڕ .

٢ - بەشی شانۆ :

ئەمەشیان بۆ ماوەی -٣- مانگ مانگ -٢٨- کەس دەربارەی زۆر چمکی هونەری شانۆ فێر دەکرێن و دوای ئەو ماوەیەش لە وەرگرتنیان بەردەوام دەبن .

٣ - بەشی وێنەکێشانو

بەشەکانی تری هونەری تەشکیلی کە دیسانەوە ژمارەی ئەمانیش -٢٨- قوتابی کوڕو کچی بۆ ماوەی -٣- مانگ بەردەوام دەربارەی ئەم هونەرە فێر دەکرێن .

٤ - بەشی هونەری میللی:

بەشدارانی ئەم بەشەش دەربارەی هەڵپەرکێو مۆسیقای میللی بۆ ماوەی -٦- مانگ وەك بەشەکانی تر وەر دەگیرێنو فێر دەکرێن.

٥- بەشی هونەری پێکەهێنانی تیپی گۆرال

لەم سەردانەدا سەرەتا دوپاتی بەدی هێنانی ئەو ئاواتەی کردەوە کە زوربەی هەرە زۆری هونەرمەندانی ئەم شارە یەکەم نیازو مەرامیانە ئەویش کردنەوەی بەشی پەیمانگەی هونەرە

بڕوانە : ل : ٧

Institut Kurde de Paris

پرسگرێ

مەکسیم گەرکی ناس ناڤێ ئەلکسی مەکسیموڤیچ پیشکوڤی‌یە . « ١٨٦٨ - ١٩٣٦ » ل‌گوندێ نیژهانی (نوڤەگراد) ژدایك بویە . چاخێ باب لێ‌مری ، ژێ سالێ ل‌بەر خودانکرنا خووی پێنج سال‌بو . ل‌نەهگەری‌یا بدەستێت خوو . ل‌پازدە سالێ گەلەك قوناغ شەقاندن بەلکی ژخوورا کارەکی ب‌بینیت .. دەمێ بوو خوو کار دیتی ، ل‌ئیستگەهێلا ئاسنی ل تەفلیسێ ، ل‌بەر دگەریا چیروکەکێ چاپ بکەت ل‌سەر پەرێت نافخویی . ل‌ڤێرێ بو دەست پێ‌کرنا وی ل‌رێکا ناڤدارێ . پاهرا پتر ژژارفەکرن‌وچیروکێن وی هەکە نەبێژین هەمی‌یا چارسەری‌یا نەخوشیێن دناف کۆمەلێ‌روس‌دا دیاردکرن .



وەرگێرانا نزار محمد سعید

ئەڤەبو یاکو هەڤالەکی ڕۆژەکێ بۆ من دگوتی : دەمێ من ل‌موسکوێ دخاند ، ئەز دخانیەکی ڤەبوم ل‌جیناریا دۆتەکێ دگووتنێ تریسا . خردانا بەژنەکا درێژ ، پرچەکا زەر ، بروێن ستویر ، دێمەکێ وەسا هەر وەکی بەاسکێ چێکری . دەنگەکێ زراڤێ لێ ، دچاڤێن وێ‌را دیارە یا پۆسیدەیە . تو ژلایێ هیی‌ڤە بگری هیی‌ێ وێ یێ وا مێرانە ئەڤێن خو تەڤانێنە جەنگا بو ژیانێ . لەشەکێ داگرتی یێ‌لێ ، سەرو بەرێ وێ یێ بترسە . ئۆدێد مە هەردووکا لکومێ ئاڤاهی هەمبەر ئێکن . چاخێ ئەز دزانم کو یا ل‌مال دەرناکەڤیت ، ئەز دەرگەهێ ئێدا خو ڤەناکەم . جارنا ل‌جادێ یان ل‌پانافا نێزیکی مە دبینم ، بۆ من دگرنزیت گر ئژینەکا گەلە جوان . ئو هەرگاڤ ئەز دبینم هەکو تێتە مال ، چاڤێن وێ دسۆرن ، پرچا ئژاڤژ .هندە جارا دێ بەرێ خو دەتە من ، سلاڤ دکەت ، کەنیت ، لێ کەیا وێ یا کەودەنە من پێ نەخوشە هندی بێژی .

ئەز بخو دێ کارێ خو کەم ، بەری ئەو بێت ل‌شوینا من بکەت . چەھ هندێ دل ڤەکەرە چ قاما ناگریت ، دیمەنێت شەنگ ل‌دورو ڕەخێن باژێری ، جاهدەکا بێ دەنگ .

سحاری‌یەکی پشتی من خو ڕاپێچای‌و خو ل‌سەر تەختی درێژکری ، شنشکڤە دەرگەهە ڤەبو ، تریسایە ، بوی دەنگێ خو یێ کوبر وێ سلاڤ‌کر ددەرگەهی‌دا .

تەچ دڤێت ؟ من گووتێ. من بەرێ خوو دایێ ، شەرمێ سەر دیمێ وێ‌دا گرت ، تشتی هۆسا هێژ بسەرێ من نە هاتیە ! گووت : من دڤێت دەستێ هاریکاریێ بو تە درێژکەم ، ئو ئەڤا دی دمینیتە ل‌دەف تە ، هویڤی‌دارم بچڤە نەگری . یا من دڤێت تو کاغەزەکێ بو من بنڤیسی . ڤێرا چوو .....

خوزی من زانیبا ، کا جا لسەر ڕویێ ئەردی ، ئەڤێ چ دڤێت ، ئەز خنیڤا دلێ وی کەتبام . من ئەف هزرە دکر .

ژسەر تەختی ڕابوم . . چومە بەر مێزێ ..ڕوینشتمە سەر کورسیکێ .. پەرو پێنڤیسێ خو دانانە بەر خو ، ئو من گووتێ : وەرە ژور وەرە ... ڕوینە .. دابو من بێژی . بژورکەت ڕوینشت بەلێ ب ترس ... ئو ما ڕکو ڕك کویر یاسەح دکەت من . بو کێ بنڤێسم من گووتێ :

– بو پولسلوڤ کاسپوتی ، ئەڤێ کو ل‌سوینزیانی ل هێلا ئاسنی ل‌وارشو شوول‌دکەت .

– تە چ دڤێت ، بنڤێسم ؟

– دەست پێ‌بکە ... سەری ...

هێژایێ من پولس .. یارێ من .. ئەڤینا من .. گیانێ من ... دبن ئانەهیا خودێ‌دابی .

هێژایێ من ، ئەو چما ، ئەڤە دەمەکێ درێژە ، تە چ نەنڤیسیە ، بو کوترا خویا بچویك تریسایا کوڤانی . کەنێ سەر ژمن ستاند ... ڤێ کوترا کوڤانی !

درێژ یا وێ نێزیکی شەش پا ڤان دەستێت حوکم . . دێمێ ڕەش مینا کوتەرەکاج نەکری دژیانا خوو دا ، ژپاڤژکرنا بۆرێت سوپا پێڤەتر .. ئەز کەنیم لێ من دێمێ خو زڤراند وەکی بەرێ ، ئو من گووتێ :

– تو نا بێژیە من ئەف پولسلوڤە کییە ؟

– پولس. بسەهم گووت.. دێ بێژی یێ وێیە .. کەس ژوی پێڤەتر نانیاسیت .

– ئەز دێ شوی پێ‌کەم .

– دێ شوی پێ‌کەی ؟

ئەزا دبینم ... تو شاش مای ... بوچی ؟

ماتشتەك ڤێرا هەیە ، تۆلازەکا بژێن من ، دەزگرەك هەبیت ؟

کچەکا تۆلار ! چ پێ‌ترانکیە ئەڤە ؟

– ئەرێ ژکەنگی وەرە هوین لیك ماربوین ؟

– بەری دەھ سالا .

لاوە دێ کاغەزێ ژێرا نڤیسم . . یاوەسا پر ژنەفینێ ئو دێ خو دانمە جهێ پولسلوڤی . دێ هەر گەهیتە دەستێت وێ . سپاس ژهەمی دلێ خو . . تریسایێ گووتێ : ئەرێ تە چ دڤێت چ بۆتە بکەم ، تو بێژە من ؟

– ئەز دشێم کومەکێت‌تە جلکێت تە بشووم .

ئاخفتنا وێ براستی ئەز پێ هەرشیم ، زانی ئەز نە پێتڤی هاریکاریا وێمە ... ئینا ڕابو دەرکەت‌و چوو . پشتی دوو حەفتی‌یا ، ئێڤاریەکێ ، ئەزێ ژخوڕا ئاوازا بفویتك دبێژم ، تێم‌و دچن لبەر بەجەرێ پیاسێ دکەم ، عەفرا ژدەرڤە وەسا یا خو لێگدای نەڕۆژا دەرکەتنێیە ، من هند دیت دەرگەهە ڤەبو ، مادێ کی بیت ژبلی تریسایێ گووت :

– دیارە تو یێ ب شوولی، نان نە ؟

ئڤجا یا فەرە ، ئەز ب‌خوو پسیارا هندەکێت دی بکەم ژبلی‌تە .

– من دڤیا تو بو من کاغەزەکێ بنڤیسی .

– دیسا بو پولسی‌یە ؟

– نەخێ ... من بەرسڤا وی دڤێت .

– چ .. چ کا بێژەڤە ؟

– ل‌من نەگرە ، ئەز یاسەودای بویم ، ئەز نکارم ، دێ چاوا یا ددلێ خوودا گەهینمە تە بئاشکرایی . کاغەز بو هەڤالەکێ منە ... مروڤێ منە ژی ، نزانیت بڤێسیت . وی ژی ..... ئەو ژی ئەڤیندارە وەکی من.

من بەرێ خوو دایێ یا شارم دکەت ، دەستێن وێ یێ دلەرزن ، لآلوتەو شەپرزەبو .

ب‌هزرا من ئەز بسەر هنبوم تێ‌گەهەشتم .

گوهێ‌خو بدە من دا ئەز بو تەبێژم جانێ – من گووتێ – ئەف چیڤانوکاتە ل‌سە خوو و پولسلوڤی چێکری ....

ژهزرێ پێڤەتر نینە ، تو درەوا دکەی ، تە ب‌خوو بهندێ برە سەری دا بهێیە ڤێرێ ، من نەڤێت چ تشتا لگەل تە بکەم تێ‌گەهەشتی ؟

ئەزێ دبینم ترسیا ، سۆربو ژشەرمادا ، ڤیا تشتەکی بێژیت ، من هەست‌کر نەدەمێ هندێ بو هۆسا بلەز ئەز ، سۆرو سۆر لناف چاڤا بدەم ، دویر نینە ڤێ شوولێ ڕاستیەك ژبو هەبیت ، بەلێ ڤێجا راستیێ کانێ تو لکیڤەی ؟

ئو شاگردو – دەست‌پێ‌کر– بدەستا هەر تشتەك دگووت باشی پێلاڤاخوو دا سەر پێ خوو ئو دەرکەت .

ئەزو دلێ خوو یێ مشت خەم ماینە پێکڤە ، من هند گوهێ لێ‌بو دەرگەهە بکەرب ددویف خوو ڕاگرت . دلێ من گەلەك ماپێڤە . من بڕیاردا گازی بکەمێ بزڤرێت دا بو کاغەزێ بنڤیسم . چوومە ئۆدا وێ یالبەر مێزی ڕوینشتیە ، چاڤێت وێ یێ دناف لەپادا . کچا جان ، مانێ من گووتە تە ..... چاخێ ئەز گەهەشتیمە وێ سرحەتێ !! دچیروکا خوودا، هەست پێ‌کرنەکا لویر ئەز دگرتم‌و ب‌نك وێڤە دبرم . ڕاست ڕابو بنك من‌ڤە هات ب دوو چاڤێت هەلاتی . دەستێت خو دانانە سەر ملێت من ، ئو بەردا گریێ بدلەکێ پرتکی .

– بێژە من تو ژکێ دترسی .. کە سەك هەیە دلێ تەبێلیت خو لتەبدەت ..

چنکی توڤان ڕێزکێت کیم دنڤیسی .

ئوهـ ... جامێرێ تو .. چەندێ جامێرێ .

ڕاستە نە چ پولسلوڤ هەنە .. ئو نەچ تریسا ،ئەزم ئەز بتنێ ..

– ئەڤە چ دبێژیت ! ڤان پەیڤا ئەز شاش‌کرم .

– وەلێ هات !! نەپولسەو نەتریسا ... درەوبو .

– تەخێ تریسایا هەی .. ئەڤە ئەز تریسامە .

من بەرێ خو دایێ مامە هەجێب گرتی . هەبیت نەبیت ئێك ژمە یێ دینە . . ئان ئەز ئان ئەو .

چوو کاغەز ئیناو گووت : ها بگرە ئەڤە کاغەزا تە بو من نڤێسی تە نەڤێ‌ت‌تو چێت دی بنڤێسێ . من گەلەك مروڤێن دیتین بدلێن پر شادو مروڤاینی بو من دنڤێسن !!

کاغەز هەر ئەوە یا من ژێرا بو پولسی نڤێسی ، من گووتێ :

تو چ دکەی ؟ تە ئەڤە نەهنارتیە هێژ بو خودانی .. تەهێژ دڤێت خەلك بوتە هندەکێت دی بنڤێسیت ؟ بو کێ پێبرم ؟

من دڤیا خوو ژی قورتالبکەم . . پشتە دەرکەم لێ‌دەست ب ئاخفتنێ‌کر : ئەف پولسێ ئەز هزر ژێ دکەم ... دژیانێدا نینە ، لێ من دڤێت هەبیت ... من دڤێت بژیت .

– ئەز خو دنیاسم باش ، دزانم زیانێت کەسێ ناکەم ، لێ ئەز تێ نەگەهەشتم کاغەز نڤیسین مانا چیە ، بوکێ ؟بو پولسی ؟ وەنینە . تە نەگوت درەوە کەس نینە بڤی ناڤی ؟

– ئوهـ ... بێژە من خوو بکێڤە مژویل بکەم ... ماتیێ ژکێ بکەم .. نێ ئەز کەسێ لێش چاڤێن خوو نابینم ... لەوما من ژخوڕا پولسلوڤەك چێکر کاغەز ژێرا هنارت ... بەرسڤا من دا .. ئێکا دی ژێ هنارت .. بەرسڤا من دا یا سنێ ژی هەر وەسا . ل دویماهیێ من هەست بگونەهباری‌یەکا مەزنکر ، ب‌شەرمێ ، ب‌برینەکا کویرا پرا ئێشو ژان . ل‌جهێ ئێکێ هەزار تو یا دژی ، ئەڤێ کو لڤێ جیهانێ هند ژیان نەی ، ئەو کێمترین دل نازکی‌یا خوو نیشاتە بدەت نەبابە ... نە دای .. نە هاڤال‌و هوگر

بڕوانە : ل : ٧

پارچە شیعرێکی بلاوبونەکراوەی

«ئەلماس خان»

حەکیمان حەی ... حەکیمان حەی ..
ئەفلاطوون فامان حەکیمان حەی ..
دانایان دەور دانش کەردەن طەی
بەی ئازاد دڵ نیشان دان دوو بەی
هۆ هۆریزام شیم شاران کەردم طەی
موستە حفیظ مدران نە دەوران بەی
ناگا دیم دوو بەی نە سەر شاخەی نەی
نە فەرق ئەو نەی جۆتی سیا حەی
موستەحفیظ مدران نە دەورانی بەی
تەوا ساماوە مەخض بیم نەحەی
تەرسام نەبەردم دەست پەی بە طەیێ بەی
هەی موسلمانان ، هەیێ هەنا ، هەی وەی
جەدەست حەیبان پاسەوان بەیێ
بەی وەنەم بی‌یەن بەنۆش داروی کەی
حەی حەلقەشان دان نەدەوران بەیێ
مەر تەقدیر ئەزەل نویشتەن جەحەی
وەرنەکێ دیەن حەی نەدەوری بەی
پەی چێش بەی سەمەر نەو نەمام نەی
خولاسەو خۆش بۆ خوش مەزە چون مەی
وەبان حەی‌و بەی‌و نەی
بێ خەوف دراز کەم دەست پەی شاخ نەیێ
جەو بەیان مەطلەب خاطر کەروو طەی
بە ئەمری قادر عەلا کوللی شەیێ
مەوینوو وەچەم پەی ئازار نەحەی
مەر شەمال بەبۆ دەم دەم پەیاپەی
وەرنە ئەی دڵەی طیفلان حود ڕەی
پەنجەم مەدەرۆ وەقولاب حەی
یاران کێ‌دیەن ، کەی بیەن ، کەی ، کەی
میوەی میوە نەی بۆ حەی نە دەور بەی
هەی هاوار نەدەرد پەنهانیی دڵ ، هەی
جەی دەرد موشکڵ حەی‌و بەی‌و نەی
دڵبەر بە عیشق ئەوشا لامەکان کەرد طەی
مەر بشونە فکر ئیتظاری بەی
چی‌و بەی‌و نەی جەرکم کەردەن پەی

تێبینی :

١ ـ ئەم پارچە شیعرەو کۆمەڵێ شیعری تری شاعیرانی کلاسیکی کوردی لە خالێ خۆشەویستم شێخ (طاهر دۆلانی) وەرگرتووە .

٢ ـ کاکە حمەی ملاکریم بۆی نوسیمەوە . سوپاس‌و ڕێزم بۆ هەر دوولایان .

محمد صالح عبدالکریم

ئەم پارچە شیعرە چەندبیروڕایەکی جۆر بە جۆری لەسەرە بەڵام ئێمە وەکو دەقێکی بلاونەکراوە بلاوی دەکەینەوە .
ئەدەب‌و رۆشنبیری

رەخنەگرە بچووکەکانو رەخنەی گۆکردنەوە

عبدالله عزیز خالد

ئەو نووسینانەی ناو بەناو لە پشت پەردەی بەناو رەخنەی ئەدەبیدا ئەبینرێن، تەنانەت بە هەوڵو تەقەلایەکی دروستکەرو بە کەلك دانانرێن‌و لە سنووری رەخنەی تەجمیعدا ئاترازێ دیارە ئەوجۆرە بەناو رەخنە ئەدەبیانە تەواڤ لەو پارچە ئامێرو کەرەسە ئامادەکراوانە ئەچێ کە لە شوێنکی ترەوە دروستئەکرێن‌و لە لایەکی‌تر تەنیا ئەرکی بە یەکەوەلکانیان لە ئەستۆ ئەگیرێ ، ئاشکراشە لە لاسایی کردنەوەی ئەو جۆرە رەفتارانەدا پلەی یەکەم لە خولقاندن‌و دروستکردن‌و داهێناندا بەر دەستەی یەکەم ئەبڕێت‌و عەقلی لاسایی‌کەرەوە پاشکۆی بیرو لبکدانەوەو داهێنانی دەستەی یەکەمەو سەرەنجامی ئاکامی دوای لاسایی کەرەوە هیچ بەخشینێکی بەجێ‌و دروست بە سامانی رۆشنبیری‌و ئەدەبی نەنەوەکەیان ناگەیێنن‌و لە زادەی بەهرەو تێبینی قوڵو فیکری تیژی داهێنەرەکانی بەر لە خۆیان زیادناکەن‌و گەلێ جاریش بە هۆی ئەو تەلخیەی بەبەربینابیاندا ئەهێنرێ زیانی پێ‌ئەبەخشن ، ئەو رەخنەگرە بچووکانە ، گەلێ جارو بێ‌سڵ‌کردنەوە دەست بۆ بەری رەنج‌و ناستی داهێنان‌و باخشینی هۆشی سەرچاوەی ئەو داهێنەرانە ئەبەن‌و بە ناوی خۆیانەوە تۆماری‌ئەکەن، بەوەش چەواشەیی بە بەربینای رووناکبیراندا ئەهێنن‌و ئالۆزی‌و سەرلێشێواوی پەیدائەکەن‌و کارەکەیان تەواو لنگەوقوچ ئەبێتەوەو لای رۆشنبیران ریسەکەیان ئەبێتەوە بە خوری

ئەگەرچی هاندێ لەو رەخنەگرە بچووکانە لەو زووەوە خۆیان بەم ڕەفتارەوە حەریك کردوەو لە مەسەلەی (تەجمیع)ەکەدا قاڵبوون ، گەلێ هۆی چەواشەکردن‌و دێوجامەی تایبەتی بەکارئەهێنن لە ووتارێکی چەند لاپەڕەیدا هەر لە نێوان سێ چوار ستوندا ژمارەی پەراوێزەکان ئەنووسن ، گوایە بەو نیازەی سەر لە رووناکبیر تێك‌بدەن‌و وا نیشان‌بدەن کە دەستی ئەو خوێنەرە ئەگرێ‌و بەرەو خودی ئەو سەرچاوانە ئەیان‌بەن ، کەچی کاتێ خوێنەر بە دوای کوت‌ومتی سەرچاوەکەدا ئەگەرێ لە نیکرای نووسینەکەجیاناکاتەوەو نازانێ کام ستوونە سەرچاوەکەیەو کامەشیان قسەی نووسەرەکەیە ، لەم حالەتەدا ئاشکرا وبێ روپامالی ـ مەنهجیەت‌و عیلمیەتیش ـ مەوزوعیەت‌و ئەمانەتی ئەدەبیش لەوەدایە جورت کەوان بکەینەوەو ئەوەی چووە خانەی گەوانەکانەوە مولکی سەرچاوەکان‌بن‌و دەرەوەی کەوانەکەش هی نووسەر ، ئەمەش بەو مەبەستەی زادەی‌بیرەو بەری رەنج‌و شەونخوونی داهێنەر بە فیڕۆ نەڕوات ... ئەوەی شایانی باسە رەخنەگرە بچووکەکان ئەمەناکەن ، چونکە گەروایان کرد ئەوا لە جەندلاپەڕەیەکدا تەنیا دووسێ ستونێك بەر قسەو تێبینی ساکارانەی ئەوان ئەبرێ واتا سفر بەدەستەوە!! ..

یان بە شێوەیەکی تر نیگای سەرنج ئاراستەی ئەو جۆرە نووسەرە بە ئاو رەخنەگرانە بکرێت بەڕاو ڕوتکەری فیکری‌دا ئەنرێن سالی زەوت کراویش لای خاوەن‌و ئاشنای خاوەنەکانیان سووك‌و ئاسان ئاناسرێنەوەو ئەو دارشەقەی بر باڵیان کە خۆاستە مەنیە دەر ئەهێنرێ‌و ئاکام لە شوێنی خویان گرمۆلە ئەبن.

هەر ئەو رەخنەگرە بچووکانە کەلە زەوت‌کردنی زادەی بیرو بەرهەمی دهێنەرانەی کە سانی تردا « رەخنە تەجمیع »یان وەك پێشەیەکی هەمیشەیی پەسەند کردوە ، پەنا ئەبەنە بەر گەلێ جۆر شێوەی (تەجمیع)ی بوختان ، رەفتا ئەکەن ، هەڵوێست ئە نوێنن بێ ئەوەی بەلای ویژدانی خۆیاندا ئاوڕێك بدەنەوە ، بەڵکو ویژدانیان ئەخەنە لاوەو بەرەهایی‌و وبێ‌پەروا لە نووسینە کانیاندا بەنجەبۆ فلانە لاپەڕەی ئەو ووتارە لە فلانە کتێبەوە ورگیراوە ئەبەن ، بەمەش ئەو سەمەریە دروست ئەبێ تا خاوەن ماڵ کەوتەخۆی ..

دیارە ئەو رەخنەگرە بچووکانە بەم کردارەیان لە بەردەم رووناکبیراندا دێوجامەی بریق وباقی گوایا دڵنیایی لە بەر ئەکەن چونکە ئەوەتا پەنجە بۆ ژمارەی لاپەڕەو ناوی کتێبەکە ئەبەن گوایە بەوە زەینی خوێنەر بە هەڵەدا ئەچێ‌و لەم حالەتەدا خوێنەری زیرەك‌و هۆشیار بۆی هەیە یبرسێ : ئەی کوا بۆ دەقە کەمان بۆ نانوسرێ؟.. ئەو پرسیارەش لەئەنجامی ئەو گومانەوە هاتوە کە لەگەڵ لەو بەناوو رەخنەگرانە ئەگرێت ، چونکە لە ئەسڵدا مەبەستی سەرەکی گەلێ لەو نووسەرانە ـ رەخنەگرە پچووکانە ـ چەواشەیی رووناکبیرەو پێشەکی بڕیاریان لەسەر بۆچوونەکانیان داوەبە گرناهبار کردنی ئەم شاعیریان ئەو چیروك نووسە ، بۆیە هەمەجۆر شێوەو رێی چەواشەیی ئەگرنە بەر وکە ئەم نووسەرەبە مەبەتی ئەویان بە وجودی دانەنێن ئەمە بێ ئەوەی‌بتوانن راستی قسەیان لای خۆشیان بسەلمێنن‌و تەواو دڵنیابن لێی ئەگەرچی نووسینە کەیان بەهەندێ زانیاری لەبارەی وجوودیەتیان عەبەسیەتەوە پر ئەکەن‌و گوایە بەو نیازەی وەك پێوانەیەك بەرهەمە ئەدەبیەکەی بەردەمیان بێ

بپێون کەچی کاتێ شەن‌و لەوزائیاریەوەرگیراوە زیاتر هیچ ئاکامێکی بە جێت هیچ ئاکامێکی بە جێتە چنگ ناکەوێت‌و ، لە جەوهەری باس کردنیان هەڵسەنگاندنی بەرهەمە ئەدەبیەکەدا دوور کەوتونەتەوە

من پێم وایە ئەو بە ناورەخنەگرانە لەبزوتنەوەی ئەدەبی کوردیدا دەوێکی بەجێی ورێ‌و دروستیان نەبووە ، تەنیا لە هەست ورووژاندن‌و سەرکوتانەوەیەکی ناحەق‌و سوژن وچەقۆ وەشاندێکی نەیارانە کارێکی باشیان نەکردوەو رۆلێ ئەدەبی کوردیان بەك هەنگاو بەرەوپێش نەبردوەو ئەمە جگە لەوەی زەوقی ئەدەبی داهێنەرە کان ـ شاعیر وچیروك نووس ـ بەتایبەتی‌و خوێنەرو رووناکبیرو ئەدەب دۆستان بەگشتی ، بە هەست‌و گیانی گەشی‌بینی‌و ڕاستگۆیی وخۆنەویستی پەروەردەناکەن وتەواو پێچەوانەکەی هەست پێ ئەکەین ، تەنانەت ئەو دیاردەیە بە جۆرێکی ئەوەندە ئاپەسەند ونارەوا بینرێ کەلێ جار خوێنەری ئاسایی پاش خوێندنەوەی نووسینی ئەو بەناو رەخنەگرە پچووکانە کەپڕن لەو جۆرە رەفتارە ناشیرین ونەشتەر وەشاندنە ، ئەك هەر بیری لێ ئەکەنەوە بەڵکو زۆربەشیان خوێندنەوەیان لەبەر چاو ئەکەوێت .

هەر لە کلاورۆژنەی ئەو بۆچوو نەوە واهەست ئەکەین لەناوکوردا وبەواتایەکی تەواوی زانستیانەی دروست رەخنەگری ئەدەبیمان نی‌یە ، ئەگەرچی جاروبار هەست بە هەندێ هەوڵو تەقەلای سەرەتایی لە بواری رەخنەی ئەدەبیدا ئەکەین ، چونکە نووسینی ئەو رەخنەگرە پچووکانە ئەگەرچی سپاڵی علیمیەت‌و مەنهجیەتی لە بەر ئەکەن بەونیازەی پە سوپۆرتی پەرینەوەی لای خوێنەر پێ ببەخشن هەر لە بنەڕەتدا هیچ جۆرە داهێنانیکی تازەی بە بزوتنەوەی ئەدەبیمان نەبەخشیوەو لە بواری رەخنەدا کارێکی کاریگەرانەی بەجێیان نەکردۆتە سەر داهێنەرەکان ـ شاعیرو چیروك نووس ... تادوای ـ وناکامی کارەکەیان لە سەرچاوەیەکی بیردۆزانەی خودی خۆیانەوە هەڵنەهێنجاوە ، جگەلەوەی لە کانی‌و سەرچاوەی داهێنەرانەی حەلکی تر دەمیان تەرکردو، ئەمانە وەك پاشکۆیەکی عەقلی ئەوان ئەبینرێن .

لە بەر رۆشنایی مەوزوعی ئەوبۆ چوونانەی سەرەوە پێویستە لەسەر هەمو نووسەرێکی زیرەك وهۆشیار لە تاواخنی ئەو دیاردانە بکات کەتەواو بە ژیانە ئەدەبیەکەمان نامۆن .

Institut Kurde de Paris

پاشماوەی دەقی ووتـــاری سەرۆکی فەرمانـــدە صدام حسین

دراوسێکانیو پەیوەندی نەتەوەی عەرەب بە جیهانەوە ئـەو بیروباوەڕو بنەڕەتە راستیانەی کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت ئەمانەن کە دەستمان بۆ کێشاوە .. ئەم بیروباوەڕانە تەنیا شتێکی لە خۆوە نەبوو بەڵکو تاقی‌کردنەوە پێویستێتی‌ی ئەم بیروباوەڕانەی چەسپاندو هەروەهـا پێویستێتـی‌ی پاراستنی سەربەخۆیی‌و دەسەڵانـی نەتەوەی عـەرەبـی دووپات‌کردەوە .

● پشت بە خۆ بەستن

چونکە عیراق کە بەشێکە لە نەتـەوەی عـەرەب‌و نیشتمانی عەرەب بە پشت بەستن بەم بیرو باوەڕو بنەڕەتانـە ئەم جەنگە بە لێهاتوویی‌و توانایی‌یەوە بکات بێ‌ئەوەی پشت بە هێزە نێردەوڵەتی‌یە تەمـاحبازەکان ببەستێت . پشت بە خو بەستن لە بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەو مەترسی‌یەکانـی

بێگانەدا ڕێگای ڕاستە ئەمەیش وانەیەکی بنەڕەتی‌یە لـە بەرەنگاربوونەوەماندا دژ بە رابۆنی‌ی دوژمـن وەدەسـتی دەهێنین لە کاتێکدا هەموو سیاسـەت‌و هەڵبـژاردنێـک سەریان‌نەگرت‌و رووخان ئەوانەی کە پشتیان بە هێزەکانـی بێگانە بەست‌و هێزو توانا مەزنەکانی نەتەوەی عـەرەبیـان پشت‌گوێ خست .

برایان ..

فەرمانڕەوایانی ئێران لێپرسراوێتی‌ی تەواوی ئـەم جەنگەی ئێستایان دەکەوێتە ئەستۆوە ، چونکە لـەو کاتەوە ئەوان هاتوونەتە سەر فەرمانڕەوایی‌کردن کینـەو دوژمنایەتیان دژ بە عیراق‌و نەتەوەی عـەرەب چڕکـردو هەڕەشەو گوڕەشەیان هەڵدەدان بە فیز بـەرزی‌یـەوە ڕەفتاریان دەکردو ووتەیان سەبارەت بە خەونی فراوانگەری‌ی خۆیان ڕادەگەیاند کە لە چەشن‌و ئامانجەکانیدا لە هەڵویست‌و ئامانجەکانی ڕژێمی پێشوو جیاواز نەبوو .

تێکەوتبوو ئەوە بوو ورژوومیان هێناو پاڵیـان پێوەنـرا لایەنەکانی بێگانەو گومان لێ‌کراوەکانەوە ڕیـزیان کە لێنـی تێکەوتبوو ئەوە بوو ووژوومیان هێناو پاڵیـان پێوەنـرا کێ‌بەرکێ لەگەڵ عیراقدا بکەن تا بەرەیان بێدا گەیاندیانـە جەنگێکی دەستدرێژی‌کەرانە لە چواری ئـەیلـوولدا بـە تۆبخانەی قورس دەستیان بە بوردمان‌کردنی خاک‌و شارەکانی عیراق کردو هێزەکانیان لە سەر سنووری عیراق کۆکردەوەو ئاسمانیان بەست‌و نەفیری گـشتی‌یان ڕاگەیانـدو شـط العرب‌یان بەست .

ئەو فەرمانڕەوایانە کە لێپرسراوێتی‌ی دەستپێ‌کردنی جەنگیان دەکەوێتە ئەستۆوە دیسان لێپرسـراوێتـی‌ی بەردەوام بوونیان دەکەوێتە ئەستۆوە لەگەڵ ئـەو ڕووداوی دڵتەزێن‌و کارەساتانەی تووشی ئێران‌و گەلانی ئێران دەبن .. ئەوەبڕو لە بیست‌و هەشتی ئەیلوولدا پاش ئەوەی لە خاکی جەنگدا چەسپاندمان عیراق توانای بەرەنگاری‌کردنی تەماحی فراوانگەرێتی‌و بەربڕێ‌دانەوەی دەستدرێژی‌یەکەیانی هەبـە ئاشتیمان بۆ پێشنیارکردن‌و ڕامان‌گەیاند ئەوەی عیـراق دەیەوێت وەدەستهێنانەوەی مافە نیشتمانی‌یە ڕەواکانـی خۆیەتی لە خاک‌و ئاوی خۆیداو گەڕانەوەی مافە ڕەواکانـی عەرەب بۆ خاوەندەکانی خۆیان‌و ووتمان عیراق ئەوبـەڕی ئامادەیە لە زەوی‌و زاری ئێران بکشێتەوەو پەیوەنـدی ئاسایی لەگەڵ ئێراندا بەستێت لەسەر بناغەی ڕێزگرتنی دەستەڵات‌و دەست تێوەرنەدانـی کاروبـاری ناوخـۆ دامەزرابێت ..

بەڵام فەرمانڕەواکانی ئێران کە لە گومڕایی‌و کینە لـە سکی‌دا بەردەوامن گوێیان بۆ ئەم بانگـەوازە دڵسـۆزە شل‌نەکردو لەسەر بەردەوام‌بوونی جەنگ سوور‌بوون‌و قـەی پووچەڵیان بە با دەدا سەبارەت بە توانابوونی بەرگری‌کردنی سوپای عیراق‌و شوێن‌کەوتنی لە ناو خاکـی عیـراقدا .. بەڵکو ئەوەی پێش جەنگ وونبوبان کە گوایە نیازیان وایە عیراق داگیربکەن‌و لە شۆڕش بدەن تێیدا ئەوەیان دووبارە کردەوە .. ئەوەیش چوار مانگە تێدەپەڕێت نـەوانە جگە لە سەرنەکەوتن‌و نائومێدی زیاتر هیچی کەیان دەسـتکەوت نەبوو .. ئێران‌و گەلە لێقەوماوەکانی بە دەستی ئەوانـەوە جگە لە کۆست‌کەوتوویی‌و کارەسات هیچی دیکەیان وەچنگ نەهێنا .

● یەک حاڵەت

ئەم تاقمە لەخۆبایی‌و گومان‌لێ‌کراوو وێڵە وای دەزانی عیراق پاڕوویەکی چەورەو ڕژێمی شۆڕشگێڕی تێیدا خەریکە دەکەوێت‌و کاریش ئەوەیان لێ‌پێویست دەکات دوژمنایەتی‌ی دژ توندتر بکەن‌و ئەنجا جەنگی لەگەڵدا بکـەن بۆ ئـەوەی بڕووخێت .. چەند لایەن‌و ڕژێمێک کە زێدنامە عەرەبیـان هەڵگرتووە هانی ئەوەیان دان‌و ئیشـارەت‌و زانیـاری‌ی درۆکینەیان پێ‌دان بە هەڵەدا چوربوون گوایە بەوە دەتوانـن کینەکانیان دژ بە عیراق‌و ڕژێمە نەتەوەیی شۆڕشگێڕی‌یەکەی بە با بدەن بەڵام هەموو ئەوانە فاڵەکانیان نائومێد بـوون‌و هێزەکانی خیانەتکاری‌و تاریکی شکستی‌یان هێناو هـەق سەرکەوت ..

ئەوانە وای بۆ دەچوون کوایە ڕژێمی نیشتمانـی‌و شۆڕشگێڕیمان‌ـ لە گەل دابڕاوەو صەدام بە تەنیـا لـە کۆشکەکەی خۆیدا خۆی شاردووەتەوە .. بەڵام کە یەکەمین گوللە لە جەنگدا تەقی هەزاران لە ڕۆڵەکانی عیراق .. لـە پیاوە پاڵەوانەکانی وورووژمیان هێنا بۆ ئەوەی پیاوانـە وەکوو ڕۆژەکانی سەرەتای پەیام‌بەرێتی دژیان بجەنگێن . . چەندێکیش نائومێدییان تاڵ بوو کە بینی‌یان حزبی بەعـسی عەرەبی سۆشیالیست‌و سوپای عیراق‌و گەلـی عیـراق‌و سەرکردایەتی‌و صدام حسین بەک حاڵەتن ئەویش عیراقی نوێیە کە شۆڕش بنیاتی ناوە .. کە قەلای خۆگرتنە . قەلای کردەوەو ئاوات بۆ بەدی‌هێنانی ڕاپەڕینی نەتەوەی عەرەب‌و گەراندنەوەی مافە زەوت‌کراوەکانی .

بۆچی فەرمانڕەواکانی ئێران هەڵەیان لە دەسـت دا

گەلانی ئێران حەقیانە لەو فەرمانڕەوایە سەرکێشـی‌و نەزان‌و گومان لێ‌کراوانە پێر سێتەوە دەربارەی ئـەو تاوانانەی کە دەرحەقیان کردو ئێرانیان خستە ناو ئەو شەڕە ڕوخێنەرە بەهانی کینەی شەحصی‌و سەرکێشی‌و لایەنـە گومان لێ‌کراوەکانیانەوەو گەلانی ئێران حەقیانە لەوانـە پرسێت دەربارەی ئەو گۆشەگیرەی کە تووشی ڕژێـم لە عیراق‌و سەرکردایەتی شۆڕش‌و صدام حسین هاتووە لەو کاتەی کە هەزارەها لە عیراقی‌یەکانەوە مەردانەو پاڵەوانانـە شەڕ دەکات‌و نشوستی بەدوای نشوستی تووشیـان دەکات .. لەبەرچی ئەو دەستدێژیە بەسەر عیراق دەکرێت لە کاتێکدا کە دەوڵەتێکی دراوسێی‌ی ئێرانەو دەستدێـژی نەکردۆتە سەر ئێران‌و خراپەی ئەو ووڵاتەی نەکردوەو .. لەبەرچی فەرمانڕەوا سەرکێش‌و نەزان‌و گومان لێ‌کراوەکانی تاران ئەم هەڵەیان لە دەست گەلانی ئێران دا پێشنیارەکانی عیراق بۆ وەستاندنی شەڕ لە بیست‌و هەشتی ئەیلوولـی ڕابردوو قبوڵ نەکرا .. ئایا بەیسبەت ئێرانەوە باشـتر نەبوو ئەگەر بهاتایە ئەم پێشنیارەی قبوول بکرادایە لەجیاتی بەردەوام شەڕو بەردەوام بوونی شکستی‌و بەردەوام بوونـی زیان‌و کارەسات ؟!.

گەلانی ئێران کە تووش ئەو تاقمە پیسە بوە حەقیانـە لە فەرمانڕەواکانیان بپرسێتەوەو موحاسەبەیان بکـات‌و عیراقیش کە دووپاتی ئەو بنەڕەت‌و بیروباوەڕانـەی کردووە کە لە گەڵ ئێراندا لەبارو دۆخی تەبیعی‌دا لەگـەڵ ئێراندا لە بەر چاو دەگرێت بە وەفاداری دەمێنێتەوە بـۆ ئەو بەڵێنانە تاوەکو گەلانی ئێران چارەنووسیان دەکەوێتـە دەست‌و ئاشتیانە لەگەڵ عیراق‌و نەتەوەی عەرەبدا دەژێت. بەڵام تا ئەوکاتەی تاقمی ئێستای فەرمانڕەوای ئێران لـە خەودا ڕادەبێت بەردەوام دەبێت لە دەرس دانیان ئـەو دەرسانەی کە حەقیانە وەریبگرن .

ئێمە زۆر چاك دەزانین کە لەناو دەسەڵات‌و دەرەوەی دەسەڵات لە ئێراندا گەلێ دەستەو لایەن هەیە حەز لـە ئاشتی دەکات لەگەڵ عیراق‌و دەیەوێت پەیوەنـدی چاکـی دراوسێیانە لەگەڵ نەتەوەی عەرەب بنیات بنێـت‌و شوێنەواری سیاسەتی دەستدرێژی پادشایانەو سیاسەتـی ئەو تاقمە تازەیەی ئێستا پاك بکەتەوە .. ئێمە سڵاو لەوانـە دەکەین‌و هیوای سەرکەوتنیان دەخوازین لە کۆشـش خێرەومەندەکەیان هەروەها سڵاو لەگەلانی ئێران هەموویـان دەکەین لە کوردو بلوش‌و ئازربایجانی‌و عەرەبەکـانەوەو بۆیان دووپات دەکینەوە کە بەردەوام دەبین لە یارمەتـی دانیان لە خەباتیان دژی زۆرداری‌و جەورو ستەمـی‌و پشت گرتنیان بۆ گەشتن بە ماف‌و ئاواتە ڕەواکانیانـەوە هەروەها سڵاو لە فارسە خێرەومەندەکان دەکەین کـە سیاسی‌تی فراوانی‌و دەستدرێژی قبوڵ ناکەن .

سڵاوی سەربەرزی

هاوڕێیان ڕۆڵەی هێزە چەکدارە سەرکەوتنەکان ...

سڵاوتان لێ‌بێت لە جەژنی سەربەرزیتان .. سـڵاو لێتان لە هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوەی عیراق .. لە بەغـداو بەسرەو کەربەڵاو سلێمانی‌و نەینەواو موسڵ‌و نەجـەف‌و هەولێرو ئەنبارو زیقارو تەئمیم‌و قادسیەو میسـان‌و دیالەو سەلاح‌الدین‌و واسیت‌و دهۆك‌و بابل . لە پیـرە مێردەکانی عیراق‌و منداڵ‌و لاوو پیاوو ئافرەتانیەوە ئێـوە بەڕاستی ڕۆڵەی نەبەردی عیراقن ئێوە ڕەمزی سەربەرزی کەرامەت‌و نەمری ئەو ووڵاتەن .. ئێوە دروستکـەری ئێستان‌و .. ڕێگای ڕەونەقداری پاشەڕۆژ لەبەریانـەوە دەکەنەوە . خۆبەخت کردنتان هەمیشە لە بیری گـەڵ‌و نەتەوە دەمێنێتەوە ..

ئێوەش ئەی شەهیدە نەمرەکان ..سڵاوی خۆشەوبستی‌و ڕێزتان لێبێت .. ئێوە نموونەیەکی بەرزتان لە خۆبەخـت کردن وفیداکاری پیشانداو .. چاکترین ئەوەن بۆ ئـەو باپیرە گەورانە کە پەیامی ئیسلامیان هەڵگرت‌و حـەق‌و دادپەروەری لە هەموو جیهاندا بڵاو کردەوە . ئێـوە بە چاوروون‌و ویژدان پاکی سەرتان نایەوەو لەکاتی شەهید بوونتان چوونە بەرزترین لوتکەی ئەو سـەرکەوتنـە کـە جەحافلی سوپا سەربەرزو گەلە مەزنەکەمان هێنایانـەی دی ئێوە لەسەرووی هەموو ئێمەوە سەرکەوتن بە نیسـبەت پلەی سەربەرزی‌و پێش زیندوەکان کەوتن لە گەیشتنە ئەو شوێنە بەرزو شەریفەو بوونە خاڵێکی دیارکراو لە ئـاڵای سەرکەوتنداو لە مێژوودا لە ئێستاو پاشەڕۆژدا دەبریقێتەوەو دەبێتە مەشخەڵێك هەرگیز لە ویژدانی گەل‌و نەتـەوەی ئێستاو داهاتوودا ناکوژێتەوە .. ئێوە ڕەمزی ئێمە بوون‌و هەتا لەوانەیش کە لە ئێمەوە خۆی هەمیشە بۆ پـرۆژەی شەهید بوون داناوە لە ڕێگای بیروباوەڕەوە .

بەڵێنتان لە ئێمەوە بێت هەروەها بەڵێن بە گـەلە مەزنەکەمان دەدەین کە ئێمە بەردەوام دەبین لە خەباتـی ڕەوتی حەق‌و بیروباوەڕەکان بێ پاشگـەز بوونەوە یـا ماندوو بوون‌و ئێمە چاومان لە کەس‌وکارتان دەبێت هەروەکو جوامێرترین کەس لە ئێوە چاوی لێ‌بوو ئەگەر خوایاربێت.

● سڵاوێکی پڕ لە ڕێزو ستایش

ئەی جەنگاوەرە نەبەردەکان لە خاکی ئەحواز ... لـە قەسری شیرین‌و مەهران ... لە سنەر قەراغی ڕووباری کارون ...و شەتی عەرەب .... سڵاوو ڕێـزی پڕ لە ستایش بۆ ئێوەو ئێوە بە ئازایەتیتان مێژوویەکی ڕون‌و گەشاوە ئەنووسنەوە بۆ گەل‌و نەتەوەکەتان ... بجەنگێن‌و خۆوەدەرخەن وەکو چۆن لە پێشدا وابوون ... وەکو چۆن باوباپیرانتان وەجەنگ هاتن ئەوە بوو علی‌و خالدو مثنی‌و سعدو طارق‌و صلاح‌الدین :ـ ئێوە باشترین نـەوەن‌و کوڕی ئەو زاتە گەورانەن ئەی برایان ئێوە خواتان لەگەڵەو مێژووش لە پەناتایەو هەموو عیراقیەکان چاوەڕوانـی وەدەستهاتەکانی ئێوەیەو بگرە لە هەموو خاکی عەرەبـەوە ئێوە بەسەر ئەکرێنەوەو بەتەمای جێ‌بەجێ‌کردنی ئەم کارە گرنگەن لە ئێوەو چونکە ئەمە کارێکی گرنگی نەتەوایەتی‌یە

مەزنێتی شوێن‌و جێگەی زۆر گەورەترە لـە شوێن‌و جێگەی ئەو پیاوانـەی کـە خۆیان مات داوە بۆ قوربانی‌دان ئامـادەن کـە بیگـەزێـن . خێزانەکانتان‌و هەموو کەس‌و ئارتان‌و هەموو تاکێکی ئەم عیراقە ڕێزو خۆشەوبستی پێشکەش ئەکات‌و خۆیـان ئامادە ئەکەن بۆ گیان بەختکردن ، جوانترین سـڵاو لە ئێمەوەو لە هەموو عیراقیەکی بە شەرەفەوە ئاراسـتەی ئێوە بێت لەگەڵ هەڵهاتنی خۆرو ئاوابوونیەوە ، ئەمـە بەسە بۆ ئێوە کە خوای گەورە دەرهەقتان فەرمویەتـی (ولاتحسبن الذین قتلوا في سبیل الله امواتا بل احیاء عند ربهم یرزقون)ئێوە لای خڕاو هەموو خەڵکی عیراقزیندوون‌و نەمرن ، ناوی ئێوەی پاڵەوان سەرباس‌و ناونیشانـی ووڵاتەکەتانەو گڕەو بڵیسەیەو ڕێگە ڕۆشن ئەکاتەوە لـە بەردەم گەلدا لە ڕێگای سەر بەرزی‌و نەمری‌و دروسـت بوونیدا .

لەمەش گرنگتر چاوەڕوانی ڕزگار کردنی خاکـی داگیرکراوو (قودس) ین ... ئەی ئێوە ئەوەی نبوخذنصرو صلاح‌الدین نین ...

سەربەرزی‌و نەمری بۆ شەهیدانی بێ‌تاوانی سوپامان ... سەربەرزی‌و نەمری بۆ هەموو ڕۆڵەکانی ئەم ووڵاتەو هەموو نەتەوەی عەرەب ...

سەرکەوتن نی‌یە تەنیا لە لای خواوە نەبێت ... ئیتر سڵاوی خواو بەرەکەتی خواتان لێ‌بێت ..

سەدوپە نجاسانتیمەتر پاشماوە

نەفەوتێن . هەر بەکـە شنێکیان فێر کـردم نەمدەزانی . چا بوو کچـە دەزگیرانم نەبوو ئەگـەر لە بەر چاوی منا گۆشتەکەیان هەراج کردبایە ، کـێ دەڵێ نەرم نەدەبووم .. نا ، ئێمە خۆشەویستمان ناوێ. لە گەڵ ئەویشدا ڕادەهاتم :) وردە وردە لەشت خـاو دەبێتەوە .. ئازارەکان پتـر دەبن ، دەنگی دایکت دێتـە گوێ، نازانی بەکوێدا دێ بەلام هەر دێ وئا .

ـ (هەتیوە لەڕەوزە شاخان هەڵنەدێرێی ماڵم بە قـوڕێ بگری ، فوو ....و ..(دایە دۆعاکانت نامگەنێ) ڕۆڵەکەم لە کڵ دەرهاتووی .. خۆ هەر بە تەنێ نی ..(پرشکـی تفەنگەکەم تاریکایی شـنەوی داغ دەکرد ، حەیفم لـێ دەهات بکوژێنەوە ، گوللە لە ملاو لەو لاوە گیززەیانـە ،بە ناو لێڕەواراندا دەگـەڕام، حەزم دەکرد خەمی خۆمیان بۆ وەگێڕم ، یان بە ئاوە ڕوونکەی ناو دڵیدا بچم و بزانـم ڕەگەکان چۆن لێك گـرێ دراون .. ئەوە هاشـەی گەڵا پایزیە ، دەرژێ . هەموو دنیای داپۆشیوە .. لقـی دارەکان وێکڕا پێکدا دەدرێـن ، گەرمە شینی گەڵاکانـە ، دەرازدەکەی منیشی داگرتووە. گەڵای زەرد بسـتێك ، دوو بست . سێ کـەوتـووە . خۆشم گەڵام لێ دەبێتـەوە، بوومە دزەختە پایزی ، هەر لووتم بە دەرەوەیە ، بـا تەکانێك بدەم ، خۆڕاییـە)

ـ گەڵاکان بتەکێنە : مەنوو ، هەستە ، خۆت بە دیوارەکە بگرە ، هەر نەبێ گەڵاکانـی ژوورەکەت دەفڕن !مندالانـی دێ دێنەوە سەر ڕێیـە ، دەبینەوە ، بەڵام بەسـەر شانی چوارکەسەوە ، لـە کەلەپشکۆیەکی زۆر گـەورە دەچی .. کێلە سـوورەکانی گۆرستانیش هاتونـە پێشوازیت .

سەرۆکی فەرمانده ڕیـــز پاشماوە

کۆمار بە وەکالەت ئەوبڕیارە کۆماری‌یەی‌خوێندەوە سەبارەت بە بەخشینی میدالیـــای ئازایەتی بە نەقیبی فرۆکەوان محمود جاسم .

پاشانیش بەڕێز سەرۆکـی فەرمانـــدە صدام حسین میدالیای ئازایەتی‌ی کرد بـە یاخەی نەقیبی فرۆکـەوان محمود جاسم‌دا کە پـێ‌ی بەخشراوە لەم چاوپێکەوتنەدا فدریق ڕوکنی یەکەم سەرەك ئەرکانی سوپای ئامـــادە ببوو .

ئەمەیش دەقی بڕیارەکەیە:ـ بەناوی خوای بەخشنـــدەو میهرەبان

بۆ ڕێزلێنانی ئـــەو هەڵویستی پاڵەوانێتـــی‌و ئەوپەڕی ئازایەتی‌یەی کـە نەقیبی فرۆکەوان محمود جاسم کە سەربە فرۆکەوانـــی‌ی سوپایە ئواندوویەتی بـۆ پاراستنی سەربەرزی نەتەوەو سەربەرزی نەتـــەوەو سەربڵندی‌و بەگوێـــرەی دەستەڵاتی مادەی شەشـی یاسای ڕووداوەکانـــی میدالیەکانی ئازایەتـــی‌و خزمەتـــی گشتی‌و بزووتنەوەکانی مایسی ١٩٤١و جەنگی فەلەسـتینی ١٩٤٨ـ ١٩٤٩ی ژمارە ـ٨٨ـی ساڵی ١٩٥٩ .. بڕیاری ئەمـەی خوارەوەمان‌دا :

میدالیای ئازایەتی بـە نەقیبی فرۆکـەوان محمـود جاسم دەبەخشرێت ئەویش بە گوێرەی دەستەڵاتەکانـی مادەی چوارەمی یاســـای جاککراوی ژمارەـ٨٨ـی ساڵی ١٩٥٩ .

دەبێت وەزیری بەرگـری ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات .

لە ڕۆژی حەوتەمی مانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ١٤٠١ی کۆچی‌ی بەرانبـەر بە ڕۆژی سیازدەی مانگی کانوونـی دووەمی ساڵی ١٩٨١ی‌زایینی لە بەغدا نووسراوە .

صدام حسین
سەرۆکی کۆمـاری عیراق

هێزە سەرکەوتوەکان پاشماوە

هەروەها هێزەکانمان لـە ناوچەی خەفاجییە ئـــەم زیانانەبان بە دوژمـــن گەیاندووە نـ٢٠ـ کوژراوو.. تێکشکاندنی یەك ئۆتۆمبیل. دەست بەسەردا گرتنـــی ئۆتۆمبیلێکی‌ترو خستنـــە خوارەوەی هیلیکۆپتەرێك .

پارچەکانمان لە ناوچـەی عەبادان تەقەبان لە کۆمەڵـە سەربازەکانی دوژمن کـردووە لەگەڵ سەنگەرەکانیان‌داو ئەم زیانانەیان پێ‌گەیاندووە :

٢٥ کوژراو ..تێکشکاندنی سێ نەفەربەری زرێلـــی‌و چوار ئۆتۆمبیل .. کـە یەکێکیان نەفەریان تیـــدا بروەو ئەوی تریان تەقەمەنی‌و .. یەك تۆپخانەو .. یـەك بنکەی مووشەك‌و ..کۆمەڵێك تەقەمەنی‌و .. دوو بلدۆزەرو. دوو سەنگەری ڕەشاش .

فرۆکە هیلیکۆپتەرەکانیشمان هێرشیان بردووەتە سـەر زرێلی‌یەکانی دوژمن لە سیف سەعدو سێ تانکیان لـێ تێك شکاندوون‌و بە ساغـی گەڕاونەتەوە بنکەکانیان ..

لە لایەکی تریشەوە پێـرێ فرۆکەکانمان هێرشیـــان بردووەتە سەر بنکـــــە سوپایی‌یەکانی دوژمن لـــە ناوچەی- گیلانی ڕۆژئـاوا ـ کە ڕاستەوخۆ زرێلـــی‌و ئامێرەکانیان پێکاوەو بـــە ساغی گەڕاونەتـــــەوە بنکەکانیان .

بەمەیش سەرجەمـــی زیانەکانی دوژمن بـــەم چەشنەیە : ٣٣٨ کوژراو .. ٢٤ تانك ٣ نەفەربـــــەری زرێلی ١٥ ئـــوتۆمبیل . . دوو تۆپخانە .. دوو بنکـەی مووشەك .. دوو کۆمـــەڵ تەقەمەنی .. دوو بلدۆزەر.. یەك ڕووانگە .. دوو سەنگەری ڕەشاش .. تخستنـــە خوارەوەی سێ فرۆکـــە دروانیان هیلیکۆپتەر ئـەوی تریان فانتۆم .

زیانی ئێمەیش لە هەمـوو کەرتەکانی بەرەی جـــەنگ ـ٤٤ـ شەهیدو ١٥ تانـك‌و دوو ئۆتۆمبیل‌و ٣ تۆپخانەو. یەك‌هاوەن‌و .. سێ بلدۆزەر بوود .. سەرەڕای کەوتنـــە خـوارەوەی هیلکۆپتەرێـك پێرێ لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی خۆی‌دا لە ناوچەی سیف سەعد .

پۆلسلۆف پاشماوە

.. چ کەسێ خوونینـــــە . لەسەر هندێ‌را ، ئـەف ژارە کرە سیارێ خەونێت خوو .

بدەنگێ خوێ کویر گروت: ئەف کاغەزاتە بو پولســی ئەتیسی من ژگەلەکا خاست خاست بوفی بخوینن ، بـو من بەتنێ ، ئو ئەز یا گوهـێ خوو دددمێ . یاتێنە پێشـن چاڤێن من ، هەر وەکـی پولسێ ساخـە دژیـت ، پرلسلۆف پێ لئەردەکـی ژئەردا دژیت ، نزانم لکیرێ، لەوما ئەز نەشـێم بژیـم . نەخوشیا وەکی ڤێ چەنـدی هێژ بسەرێ من نەهاتیە ، نـە ئێکانەی‌یا هوسـا ... نـە دل‌تەنگی یا هوسا من نە دیتینە هێژ .

ژوێ ڕۆژێ وەرە ، ئـەز ڕاسـوم من دوو کاغـەز لحەفتیێ ژیرا دهنارتـن ، ژتریسایێ بو پولسی .. ئـو ژوی بـو وێ . هنـدی پەبفێت نازك‌و تەڕ من هەنـە دانفێسم ، نەمازە دبەرسڤادا. چاخێ من ژێـرا دخانـدن گوهێ خو باش ذدا من ، دگری جارنا ژی دکەنی ببەختیاری، ئینا ڕابو سەخبێری‌یا جلکێت من‌کر ، کوملەك‌و گورێت مـن دشویشـتن ، پێـلاڤ . . کولافێ من پاك‌دکرن . بـەری سێ هەبڤا هاتە گونەهبار کرن ب هندە تشـتا ئو هاتـە زیندان‌کـرن . ژوێ ڕۆژێ وەرە من نەدیتەڤە ، ئـەو هەبیت نەمایە لڤێ دنێ .

لەبیرەوەری پاشماوە

دەکریا .. وەکو منداڵ‌و ساوا دەگریا .. من هەر ئەوم دی لەبیر شوێنەدا بگری .

زۆر کەس لەوانەیە بڵـێ گریان پیشەی بێ‌دەسەڵاتانەو پیاو دەبی نەگری بەڵام ئـەو تەرزە گریانە وەکو خاوەنەکەی گریانێکی تایبەتی‌و دەگمەنە.. وردی لە بەردەم بەندیخانە، دەربەردەری ، دڵشکـاوی‌و برسێتی‌و هەڕەشەی مردن‌و جنێوی دوژمنان‌دا ، لـە چ بارو هەڵێك نەبینراوە بگری! تاڵ‌وسوێری زۆر چەشـت ، بێ‌نازی‌و بێ‌کاری‌و هـەژاری زۆر دی بەڵام هەرگیز ئـەو سوێندەی بۆ باوەڕیـــك خواردبووی لێ‌ی نەکـەوت‌و ئەگەر ڕاست ڕۆیشتبێ‌و چەپ ڕۆیشتبێ‌ـ هەڵسابێ‌و دانیشتبێ گەوهەرەکەی لـە ناو گەوهەردانی دڵی بـە قولەقولی هەڵگرتووەو وەکـو پشنیوان لە تەنگانـەو بێ‌کەسی‌دا .. بەهانـای هاتووەو فرمێسکەکانی چاوی سڕیوەتەوە .

لە بیرەوەریی پێنجەمینی محمد توفیق ووردی‌دا هەزار سڵاو بۆ ئەو پیاوە ساکـارە پاکە .

بیشە دەستی‌یەکان پاشماوە

ئێوەی برد .

● خۆتان خۆشبن . ئـەی ئەمانەی کە ماوون ئێســتا خەریکی چین ؟.

× هەموویان فێری ئیشی دەستی بوون ، وەکو کلاشـ چنین‌و تەون کردن‌و تەشـی ڕێسان .

یەکێتی گشتی لاوانی عیـراق پاشماوە

جوانەکانە لە شارەکەمان‌دا..! ئەمەش دیارە مەبەســـتی لێرەدا ئەوەیە کـــە دوای ئەوەی منالان لەم خانـــەی هونەری‌یەدا پێ‌ئەگەن‌و لـــە خانەی هونەری پێشەنگانیش ودر گیرێن‌و دەر ئەچـــن پێویستیان بە باوەشێکـــی گەرم‌و فراوان تری زانستیانە هەیە ئەویش وەك وتمـــان پەیمانگەی هونەرە جوانەکانـە بۆ ئەوەی پێتە هـــــۆی پێ‌گەیاندنی لاوانی هونـــەر پەروەری ناوچەکەمان تاوەکو لە داهاتودا بتوانـــن توانـــای خۆیان بۆ خزمەتی هونـــەری کوردی بە کاربهێنین .باشان کاك جمال دەربارەی ئـــەم خانەی هونەری‌یە وتی لـــە سەرەتای ساڵـــی ١٩٨٠ دا کراوەتەوەو یەکەم جـــارە مەلبەندێکی تای‌بەتـــی ڕێك‌وپێکی وا هەبێت بـــە تەنها تەرخان کرابێت بـــۆ خزمەت‌و پەروەردە کردنـــی منالان‌و هونەر .. دیـــارە لەمەوبەریش هەر لە ســـەر ئەرکی تای‌بەتی سەرشانـــی هونەرمەندانی ئەم شـــارەو شارەکانی تریشمان تیپـــی مۆسیقای منالان پێك هاتوەو بەشداری مەهرەجانەکانـــی ساڵانەی چالاکی قوتابخانەکانیان کردوەو پلەی سەرکەوتنیـــان تبادا وەدەست هێنـــاوەو ئێمـــــەش لێرەدا داوای هاریکاری هەموو لایەکـــك بەتای‌بەتی هونەرمەندان‌دەکەین لەپێناوی پێ‌گەیاندنی نـــەوەی دوا ڕۆژا وەك ئاشکرایە لـە هەموو جیهان‌دا بایەخێکـــی زۆر دراوە بە منـــــالان‌و ئامرۆیش یەکێتی گشـــتی لاوانی عێراق ئەم ئەرکـــەی خستوەتە سەرشانی خـــۆی‌و ئێستاش خەریکی وەرگرتنـــی پێشڕەوانین بۆ هەموو بەشەکانی هونەر کە لێرە دەکرێتەوە .

● هەروەها کاك فـــواءاد محمد محمود مامۆستـــای بەشی هونەری مۆسیقـــا دەربارەی ئامانجی پاشـــ کۆتای هاتنی دەورەکان دەڵێ خۆمان ئامادە دەکەیـــن بـــۆ دروست کردنی تیپێکـــی مۆسیقای منالان بۆ خانـــەی هونەری پێشڕەوان بۆ ئەوەی بە چاکی ئامادەیان بکەیـــن بۆ بەشداری کردنیان لـــە هەموو مەهرەجانەکـــانو جەژن‌و پیرەوەری‌یە نیشتمانی‌ـ یەکان‌دا . هەروەها مامۆســـتا طە خلیل بەشی هونـــەری شانۆو وێنەکێشان ئەویـــش تیازی وایە لە سەر هەمـــان مەبەست تیپکی شانۆی بـــۆ خانەکەیان پێکە بهێنـــــێ‌و بەشداریان لە زۆر جم‌وجۆڵ‌و چالاکی هونەری‌دا پێ‌بکـــەن بەڵام بەشی هونەری تەشکیلی لە خانەدا کە مامۆســـــتا عمر احمد عبدالله چاودێـــری دەکات بەشێکی پێشکەوتـــوەو بەتەمای کردنەوەی پێشانگەی تای‌بەتین لە گـــەڵ نیـــازی بەشداری بونیان لـــە ســـاز کردنی پێشانگەی شارەکان‌دا .

هەدوپە نجاسانتیمەتر پاشماوە

نەفەوتێن . هەر بەکـــە شنێکیان فێر کـــردم نەمدەزانی . چا بوو کچـــە دەزگیرانم نەبوو ئەگـــەر لە بەر چاوی منا گۆشتەکەیان هەراج کردبایە ، کـــێ دەڵێ نەرم نەدەبووم .. نا ، ئێمە خۆشەویستمان ناوێ. لە گەڵ ئەویشدا ڕادەهاتم :) وردە وردە لەشت خـــاو دەبێتەوە .. ئازارەکان پتـــر دەبن ، دەنگی دایکت دێتـــە گوێ، نازانی بەکوێدا دێ بەڵام هەر دێ وئا .

ـ (هەتیوە لەڕەوزە شاخان هەڵنەدێرێی ماڵم بە قـوڕێ بگری ، فوو ....و ..(دایە دۆعاکانت نامگەنێ) ڕۆڵەکەم لە کڵ دەرهاتووی .. خۆ هەر بە تەنێ نی ..(پرشکـی تفەنگەکەم تاریکایی شـنەوی داغ دەکرد ، حەیفم لـێ دەهات بکوژێنەوە ، گوللە لە ملاو لەو لاوە گیززەیانـە ،بە ناو لێڕەواراندا دەگـەڕام، حەزم دەکرد خەمی خۆمیان بۆ وەگێڕم ، یان بە ئاوە ڕوونکەی ناو دڵیدا بچم و بزانـم ڕەگەکان چۆن لێك گـرێ دراون .. ئەوە هاشـەی گەڵا پایزیە ، دەرژێ . هەموو دنیای داپۆشیوە .. لقـی دارەکان وێکڕا پێکدا دەدرێـن ، گەرمە شینی گەڵاکانـە ، دەرازدەکەی منیشی داگرتووە. گەڵای زەرد بسـتێك ، دوو بست . سێ کـەوتـووە . خۆشم گەڵام لێ دەبێتـەوە، بوومە دزەختە پایزی ، هەر لووتم بە دەرەوەیە ، بـا تەکانێك بدەم ، خۆڕاییـە)

ـ گەڵاکان بتەکێنە : مەنوو ، هەستە ، خۆت بە دیوارەکە بگرە ، هەر نەبێ گەڵاکانـی ژوورەکەت دەفڕن !مندالانـی دێ دێنەوە سەر ڕێیـە ، دەبینەوە ، بەڵام بەسـەر شانی چوارکەسەوە ، لـە کەلەپشکۆیەکی زۆر گـەورە دەچی .. کێلە سـوورەکانی گۆرستانیش هاتونـە پێشوازیت .

سەرۆکی فەرمانده ڕیـــز پاشماوە

کۆمار بە وەکالەت ئەوبڕیارە کۆماری‌یەی‌خوێندەوە سەبارەت بە بەخشینی میدالیـــای ئازایەتی بە نەقیبی فرۆکەوان محمود جاسم .

پاشانیش بەڕێز سەرۆکـی فەرمانـــدە صدام حسین میدالیای ئازایەتی‌ی کرد بـە یاخەی نەقیبی فرۆکـەوان محمود جاسم‌دا کە پـێ‌ی بەخشراوە لەم چاوپێکەوتنەدا فدریق ڕوکنی یەکەم سەرەك ئ

● بەبۆنەی سەرکەوتنەکانی سوپای دلێرمانەوە لە جەنگی سەندنەوەی مافی عێراقماندا سەرمان‌دا لە قوتابخانەی مامۆستایانی کچانی سلێمانی‌دا دەربارەی هەستی خۆیان بە سەرکەوتنەکانی سوپامان لە جەنگەکەیدا لەگەڵ فارسە رەگەز پەرستەکاندا پرسیارمان لێ کردن‌و ئەوانیش زۆر بە دڵخۆشی‌و هیوای گەشی سەرکەوتنەوە هەستی خۆیان دەربڕی‌و سەرەتا مامۆستا ئیبتهاج محمد حسن بەریۆەبەری ئەو قوتابخانەیەوە :-

ئومێدە حسین رحیم

فاطمە اسماعیل حسن

رەزیە نعمة موسی

مامۆستایانی سلێمانی و کارتی پیرۆزبایی سەرکەوتنەکانی سوپای دلێرمان

پ . هاوکاری لە سلێمانی

خۆمان تازە بکەینەوە بۆ سەرکردایەتی کە هەمیشە سەربازی بە وەفا بین بۆ پاراستنی خاک‌و ولاتمان‌و گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسی ئەکەین‌و هەردەم بە هیوای سەرکەوتنی زیاترین بۆ وەدەستهێنانەوەی هەموو مافە رەواکانمان‌و پاراستنی ولات‌و گەلمان لە هەموو پەلارێکی دوژمنانی تەماع‌کارو رەگەز پەرست‌و پیرۆزبێ سەرکەوتنەکانی سوپامان لە هەموو جەبهەکانی جەنگدا .

● خوشکە پرشنگ محمود ئەمینداری کتێبخانەی ئەو قوتابخایە وتی :

× بەبۆنەی سەرکەوتنەکانی سوپای عیراقەوە لە شەری رەوای‌دا لەگەڵ فارسەکاندا گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسی‌و شۆرش ئەکەم‌و هیوادارم سوپامان هەروا سەرکەوتو بێت بۆ پاراستنی ئەم نیشتمانە خۆشەویستەمان کە نیشتمانی کوردو عەرەبەو پێویستی سەرشانی هەموومانە بەرگری لێبکەین .

● مامۆستا سوهام جەلیل عبدالله ئەڵێ :-

× لە کانگای دڵمانەوە گەرمترین پیرۆزبایی دڵسۆزانە ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسی حزب‌و شۆرش ئەکەین‌و سەرکەوتنەکانی سوپامان نیشانەن بۆ دێری‌و نەبەردی‌و ئازایی گەلی عێراقمان بە کوردو عەرەبەوە هەموو هەوڵو تێکۆشانێك بۆ بەچۆکا هێنانی خومەینی‌و ئایەتەکانی ری قوم‌و تاران بنەرەتی بەدەست هێنانی مافەکانمانی پێ پتەوتر ئەبێ‌و ئێمەش پەیمان ئەدەین کە سەربازی دڵسۆزو بە وەفای سەرۆکمان تێکۆشەر صدام حسین بین .

● مامۆستا ئومێدە حسین رەحیم وتی :-

× سەرکەوتنی سوپامان لە شەری قادسیە ـ صدام‌دا باشترین نیشانە بۆ سەماندنی رەوایەتی مافەکانمان‌و راستی داوامان لە فارسە رەگەزپەرستەکان کە تەماعیان کردبوە خاک‌و ولاتمان‌و ئەبان وەست بە ناحەق مافمان زەوت کەن‌و بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنانەوە پیرۆزبایی دڵسۆزانەمان ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسی‌و هەفال صدام حسین ئەکەین‌و داوای سەرکەوتنی زیاتریان بۆ ئەکەین .

● مامۆستا فاطمە اسماعیل حسن وتی :-

× سوپامان سوپای تەنگانەو بەرگری کردنە لە نیشتمان‌و گەلمان‌و لەم جەنگەشیدا لەگەڵ فارسە رەگەزپەرستەکاندا ئەوەی سەماندو ئێمەش پەیمان ئەدەین کە هەمیشە ئامادەین پالپشتی ئەو سوپا دلێرە بکەین‌و زیاتر لە توانامان سەرف بکەین بۆ بەهێز کردنی جەبهەی ناوخۆو هەوڵدان بۆ بەرز کردنەوەی ورەی هاووڵاتیان‌و پیرۆز بێ سەرکەوتنی سوپامان لە شەرە رەواکەیداو پیرۆز بێ سەندنەوەی مافی رەوامان .

● مامۆستا رەزیە نعمەتی وتی :-

× پریە دل گەرمترین پیرۆز بایی ئاراستەی سەرکردایەتی حزب‌و شۆرش ئەکەم بە سەرکردایەتی سەرۆکی تێکۆشەر صدام حسین پیرۆزبایی لە سوپاو گەلمان ئەکەم کە توانیمان مافی رەوای خۆمان لە دوژمنانی گەل‌و ولاتمان بسەیننەوەو پارێزگاری ولاتمان بکەین ... پیرۆزبێ سەرکەوتنەکانی سوپامان لە جەنگی قادسیەی صدام‌دا .

هەنگاوێکی پیرۆزلە سوودی جگەرگوشەکانمان

ـ عوسمان هەورامی ـ

دەمێکە منالی کورد بەپەرۆشەوە چاوەڕێیە بە زمانی شیرین‌و پاراوی خۆی، ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبی تایبەتیی خۆی بۆ لە چاپ بدرێ ، یەم چەشنە لە سەرێکەوە ، وەکوو منالاتی کەی‌لەم سەرزەمینە بەختەوەربێ‌و لە سەرێکی کەشەوە کونجێکی کتێبخانەی کوردیی بۆ برازینرێتەوە ناو بنەری کتێبخانەی منال ....

بەڕاستی ئەمڕۆ لە ژیانی منالی کوردا بۆشایی‌یەکی گەورەو بەرین هەیە ، کە زۆر پێویستە بە بەرنامەو ڕێنمایی پەروەردەیی ڕاست‌و دروست پڕ یکرێتەوەو ئەم کارەش بە چەشتێ بێ لەگەڵ ئاواتی ژیانی ڕۆژانەیا بگونجێ .. پسپۆڕان‌و کارگێراتی بواری پەروەردەش، لەم ڕووەوە هیچ کەمتەر ـ خەمیان نەکردووە لە مێژیشە لە کۆششان بۆ یەرهەمهێناتی زنجیرەی چاپەمەنی تایبەتیی منال ، بۆ ئەم مەبەستەش زۆرتر ڕووی هیوا کرایە وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن چونکە تاکە خاوەن توانایە بۆ بەدی‌هێنانی ئەم ئاواتە پیرۆزە ...

ئەوەبوو لەم دوایی‌یەداو لەپڕ دوو کتێبی خنجیلانەو ڕازاوەو ڕێك‌وپێك لە کتێبخانەکانا بەرچاوی منالاتی کورد کەوتن ، یەکەمیان بەناوی

ـ جارێکیان ـ ، کە بریتی‌یە لە چوار چیرۆکی بەتام‌و چێژ دووەمیان بەناوی

ـ باپیرەم گوتی ـ ، ئەمیش بریتی‌یە لە هەشت چیرۆك ، کە لە سەر هەمان شێوازو ڕێباز دارێژراون .. هەردوو کتێبەکەش ـ دەزگای ڕۆشنبیری‌و بلاو کردنەوەی کوردی دەری کردوون‌و ، بەدەستو پەنجەی پڕ لە هونەری هونەر مەندی بلیمەتی کورد ـ عەلی مەندەلاوی ـ زۆر دلگیرو ڕەنگین ڕازاونەتەوە .. ..

ئەم هونەرمەندە لە وێنەکانیا زۆر باش جووەتە ناو دەروونی منال‌و زۆر شارەزایاتە لە سروشتی منال گەیشتووەو مۆرکێکی خنجیلانەی کوردەواریشی کردووە بە بەر وێنەکاتا ...

جیرۆك بۆ منالان

گوێ درێژو بەفر

لە (مەتەڵو ئەفسانەکانی) لیۆناردو داڤینشی‌یەوە

عبدالوهاب تاڵەبانی
کردووی بە کوردی

جارێکیان گوێ‌درێژێك ئەوەندە ماندوو بوو بوو ، تەنانەت نەبدەتوانی خۆی بگەیەنێتە تەویلەکەی .

وەرز زستان بوو ، زۆر سارد بوو ، هەموو ڕێگاو بانەکان بە ستبووی .

گوێ درێژەکە خۆی دا بە زەویداو لێی پاڵکەوت‌و گوتی :

ـ ئارۆم ، لێرە دەحەسێمەوە .

چۆلەکەیەکی برسی لە لای نیشتەوەو بە گوێیدا چرپاند :

ـ ئەی گوێ درێژ ، تۆ لەسەرە ڕێگا پاڵ نەکەوتووی ، بەڵکو لەسەر گۆماوێکی مەیوی .. هۆشیار بە .

گوێ درێژەکە باوێشکێکی داو ، خەوالوو بوو ، نورستەوە ، گەرمایی لەشی بەرە بەرە شەختەکەی ژێری دەتواندەوە ، تا وەکو بە تەواوی تێك شکاو زرمەیەکی گەورەی لێوە هات ... گوێ درێژ ، بە بەشۆکاوی ، لە ناوەڕاستی ناوەکەدا خۆی بینی .. بەڵام کار لە کار ترازبوو ،.. خۆی پێ رزگارنەکراو خنکا .

بانگەشەی لەم لایەنەی بدەینەوە

● خوێنەری بەڕێز ... ئەتەوەی کورد کەلەپوورو سامانێکی ئەدەبی‌ی دەوڵەمەندو بە پێتی هەیە ، هەر لە سەردەمێکی کۆنەوە ئەو کەلەپوورەی پەرەی سەندووەو هەموو ڕووداوێکی ژیانی کوردەواری‌ی تێدا ڕەنگی داوەتەوەو بووەتە ئاوێنەی بێ گەردی مێژووی ژیانی مرۆڤی کورد ، لە ڕەوشت‌و هەڵس‌و کەوت‌و هات‌و چۆو کارکردن‌و کوبستان‌و گەرمیان کردنیدا ڕەنگی داوەتەوە .

● ئەدەبی کوردیش ، ئەگەرچی لە بەراووردکردن‌دا، لەگەڵ ئەدەبی میللەتانی دیکەدا ، لێی بدوێین ، بە ئەدەبێکی نوێ دەژمێررێت ، لەبەر ئەوەی میللەتانی دی هەر لە زۆر کۆنەوە بە زمانی خۆیان نووسیویانە ، بەڵام لە لای کورد دەتوانین لە بابا تایەری هەمەدانی‌و شاعیرانی کرمانجی‌ی ژوورو و نالی‌یەوە دەستی پێ‌بکەین‌و بە ستەرەتای دەستپێ کردن‌و سەرهەڵدانی ئەدەبی بژمێرین .

● ئەو مۆرکەی بە ئەدەبی کوردی‌یەوە دیارە ، وەك چۆن لە ستەرەتای دەستپێ‌کردنیەوە وابوو ، بریتی‌یە لەوەی کە شیعر سەرتاپای تەنیوەتەوە ، بگرە تا ئەم ساڵانەی دوایی‌یەیش ، ئەگەرچی بزووتنەوەیەکی چبرۆکی کورت‌و چیرۆکی درێژو تۆژینەوەو ڕەخنە لە ئارادایە ، بەڵام هێشتا شیعر جێگایەکی بەرینی بۆ خۆی گرتووە ، سەرەڕای ئەوەی ڕەخنەی ئەدەبیش پێڕەوکە بووەو خەریکی گڕو گاڵ کردنە، بەڵام هێشتا لە قاووغی سەرو گویلاك شکاندن دەرنەچووەو ئەچووەتە ئەو پێستەوە کە بە شێوەیەکی مەوزووعیانەو ڕاستگۆیانە لە بابەتی ئەدەبی بکۆڵێتەوە.

● جێی داخیشە ، ئێستا نە زۆربەی گۆڤارە کوردی‌یەکاندا بابەتی شیعرو چیرۆك‌و ڕەخنە بەرچاو دەکەون ، بێ ئەوەی نووسەرەکان پەل بۆ باسەکانی تر بهاوێژن‌و لە زانست‌و زانیاری‌و باسی کۆمەڵایەتی‌و ئافرەت‌و خێزان‌و تەکنەلۆژیای نوێ‌و ڕوداوو داهێنانەکانی سەردەمی ئێستا بدوێن‌و لێیان‌بکۆڵنەوە ، چونکە خوێنەری کوردیش مافی ئەوەی هەیە ، شتێك لەم باسانە بزانێت‌و تێ‌بگات .

● جا لێرەدا ئەوەی لە نووسەرەکان خوازراوە ، قۆڵی کۆشش‌و هەوڵی ئەدیبانەی لێ‌هەڵبکەن‌و ئەسپی پێنووسی لێ‌تاوبدەن‌و ئەو ئاواتە بهێننە دی ، چونکە پێویستە ئاوورێکیش لەم لایەنە بدەینەوە !

● م.د.ت ●

باری سەرنج

لەتەك بایەخدانی مرۆڤایەتی بە ئاوازو مۆسیقاو بوونی باڵندەی جۆراوجۆرو دەنگ خۆش لە نێو ماڵ‌و بانەو شوێنە گشتیەکان ، بە مەرجێك‌و بەشێکی جوان‌و پڕ لە چێژو جوانی‌و لە ئەنجامی ئەوەی ئێستا : فرۆشتنی چۆلەکەی دەنگ خۆش بوە بە بازرگانی‌یەکی باش‌و بازاڕی ڕۆژ دوا ڕۆژ گەرمتر ئەبێت ..

چۆلەکەش.. فێری موسیقا ئەکرێت..!

ئەوا زاناکانی مۆسیقا بابەختێکی سەیری پێ ئەدەن وەهەموو کارو وەختی خۆیان بۆ فێرکردن‌و لە زاخدانی دەنگی ئەو چۆلەکانە تەرخان ئەکەن . . لە ڕۆژی ئەمڕۆدا دەیەها بەروەردەکاری هونەرمەند لەم بوارەدا کار ئەکەن‌و چۆلەکەی لێهاتووی ناوچە جیاجیاکانی سەر زەمین بە پاشان‌راویان ئەکەن‌و لە نێو « مختبر » ەکاندا دەس ئەکەن بە پەروەردەکردنیان.. ئەمیش بە هۆی چەند ئالەتێکی موسیقای ئامادە کراوە ، کاتێ کەلێیان ئەدەن ، باڵندەکە دەنگی لێ هەڵئەستێ‌و بە چریکە وەڵام ئەداتەوە ، بەم پێیە ، چریکەو جووکەی چاك‌و خراپ یەکاڵا ئەکەنەوە ، لە زانیاریەکی لە بارەی ئەو باڵندەیەو ڕەچەڵەك‌و ڕەوشت‌و خەوو خۆراك‌و جۆرەکانی ئەو چریکانەی کە فێر کراوە ، تێیدایە .. ئەو کەسەی ئەیکڕێ ، هەر وەختێ بیەوێ بە ئارەزووی خۆی ئەو چۆلەکەیە ئەخاتە سەر هەوەسی چریکاندن‌و ئاوازی ناسك .. حاڵی خێو ئەکەن‌و بە شێوەیەکی زاستانە پەروەردەیان ئەکەن، بەتایبەتیش باڵندەی (کەناری) کە شوێنەکەی لە نێو شاخەکانی (هارتز)ی ئەڵەمانیا دایە .. ئەم باڵندەیە گەلێ چەشنی هەیە .. ئەوەی شایانی باسە شارەزاکان ڕوودەکەنە شوێنی ئەم‌باڵندانەو لەوێ دەمێننەوە .



باشا وردە وردە لەسەر ئاوازی بە سۆز ڕاینەهێنن‌و قورگی باڵندەکە لە هەمو جۆرە خەوشێکی هونەری پاك ئەکەنەوە .. ئینجا لە نێو قەفەسی تایبەتی دایئەنێن‌و لەتەکیشیا (کەتەڵۆك) ئێك‌و ئەینێرنە بازاڕو ئەیفرۆشن .. ئەوەی شایانی باسیشە ، کە تەڵۆکەکە هەمو جۆرە خازر لە وڵاتە پێشکەوتوەکان‌دا ئەم دیاردەیە ، بایەختێکی زۆری پێ ئەدرێ‌و کەم ماڵ هەیە باڵندەیەکی ئاوازخوانی نەبێت زۆر لە نەخۆشخانە کانیش ، بە دەنگی بە سۆزی ئەو چۆلەکانە ڕازاو نەتەوە ..!! ئێوە ئەڵێین چی ..!؟

ئامادەکردنی

محمود زامدار

پەپولە عبدالکریم

ضیاء علاء

وجدی عبد

حسن جعفر احمد

سیروان محمد سلیم

Institut Kurde de Paris

هاوکاری

التضامن

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلافی
ت ٨٨٧٥٧٩٥ / ٥ خەت
سالی ١٩٧٠ ژمارە زیادە

ڕۆژنامەیەکی لەفتانەیە
٨ لاپەڕە بە
٢٥ فلسە

● پێنج شەممە ٢٢ی کانونی دووەم ١٩٨١ ژمارە ٥٧١ ●
● الخميس ٢٢ كانون الثاني ١٩٨١ العدد ٥٧١ ●

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر
اسماعیل رسول

بڕیاری مێژوویمان‌دا بۆ گێڕانەوەی دەستەڵاتی تەواومان لەسەر خاک‌وئاوەکەمان‌و بە توانا و لێهاتنەوە دژی هەرکەسێ دەدەستین بەربەستی ئەم بڕیارە مێژوویە ڕەوایەبکات .
سەرۆکی فەرمانده
صدام حسین

مولهیب روکن صدام حسین لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەنووسی فراواندا :

ملیۆنەها عیراقی ئامادەن خوێنی خۆیان لە پێناوی نیشتمان‌دا پێشکەش بکەن

بەڕێز سەرۆکی فەرماندە موهیب روکن صدام حسین‌دووپاتی کردەوە ئێمە لەگەڵ سەرکەوتنی ڕاستەقینەدا بەیەک دەگەین .. بەڵکوو بەڕاستی بەدیمان هێناوە .

لە گفتوگۆیەکی مێژوویی‌فراواندا کە ڕۆژنامە نووسی‌عەرەبی ناصرالدین النشاشیبی لەگەڵیدا کردوویەتی‌و بەسەرپێرێ ڕۆژنامەی (الانباء)ی کوێتی بڵاوی کردووەتەوە ووتوویە ملیۆنەهاعیراقی ئامادە خوێنی خۆیان‌لە پێناوی نیشتمان‌و نەتەوەدا پێشکەش بکەن .

هەروەها سەرۆکی بەڕێزوونی ئێمە لە قووڵایی خاکی‌ئێران‌دا جەنگاین بۆ ئەوەی شەڕو بۆردمانی لەسەرێ‌لە شارەکانی عیراق دوور بخەینەوەو مافە زەوت کراوەکانمان بگێڕینەوە .

ڕوونیشی کردەوە ئەگەر کەسانێ‌تر لە براکانمان جەنگی کردبا ئەوا خوێنی عیراق‌و سوپای عیراق هەموو توانا کانی لە خزمەت کردنی ئەو برایانەدا دەبوو .

سەرۆکی فەرماندە صدام حسین دووپاتی کردەوە ئێمە لە خزمەتی عەرەبدایین‌و هەوڵی وەدی‌هێنانی سەربەرزی‌و بڵندی‌و مەزنی‌ی نەتەوەدەدەین .. داوایش لە عەرەب کراوە خوێنەکانیان لەگەڵ خوێنەکانمان‌دا بۆ داکۆکی کردن لە سەربەرزیمان‌و سەربەرزیمان بڕێزرێت .

هەروەها بەڕێزی ووتی ئەگەر عیراق‌و سوپاکەی نەبوونایە ئەوا ئێرانی‌یەکان بە تەواوەتی دەستیان بەسەر هەموو کەناردا دەگرت‌و عەرەب تووشی سەرشۆڕی‌و نورچدان دەهاتن .

ووتیشی : ئەگەر لەگەڵ ئێران‌دا لەناو خاکی خۆیدا نەجەنگایەین ئەوا هێرشی بۆ دەهێنایین‌و لە ناو خاکی خۆمان‌دا لەگەڵمان دەجەنگا .

سەرۆکی بەڕێز ڕێزی خۆی بۆ ئەردەن بە گەڵ‌و مەلیک‌و حکومەتەوە دەبڕی بۆ وەستانیان لەگەڵ براکانیان‌دا لە ئەم جۆرە بارودۆخە گرنگە چارەنووسیانەدا .

سەرۆکی فەرماندە هەروەها لە هەڵوێستی عیراق دووا سەبارەت ئەو چارەسەری‌یانە بۆ مەسەلەی فەلەستین خراونەتە بەر چاو بۆیە ووتی ئێمە دژی هەر چارەسەری‌یەکین کە خۆڵی مردن‌و بیر چوونەوە بەستەن فەلەستینی نیشتمان‌و مەسەلەدا بدات .

هەروەها بەڕێزی باسی پەیوەندی‌یەکانی وڵاتی کرد لەگەڵ ژمارەیەک لە دەوڵەتان‌داو . ووتی پەیوەندیمان لەگەڵ یەکێتی‌ی سۆڤیەت‌دا باشەو، لەگەڵ بریتانیادا ئاسایی‌و، لەگەڵ ئەمریکادا باش نی‌یە ئەویش بە هۆی هەڵوێستە دوژمنایەتی‌یەکانی بەرانبەر بە نەتەوەی عەرەبمان‌و پشتگیری کردن‌و لایەنگرتنی ئاشکرای لە زایۆنی‌ی دوژمن .

وەفدی عیراق چەندین پێشنیاری گرنگ دەبارەی کۆنگرەی ئیسلامی پێشکەش دەکات

بەسەرپێرێ وەفدێ عیراق چەندین پێشنیارو بیرورای پێشکەش کرد کە پەیوەندییان بەو بەیاننامەی مەکەوەیە کە چاوەڕوان دەکرێت لە پاش سێیەمین کۆنگرەی ئیسلامی‌یەوە دەربچێت بۆ ئەوەی ئەو بەیاننامەیە پتر وورد بێت‌و بە فراوانی ئەو بیروباوەڕانە ڕوون بکاتەوە کە دەبێتە بناغەی پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتە ئیسلامی‌یەکان لە لایەک‌و لە نێوان دەوڵەتە ئیسلامی‌یەکان‌و جیهان‌دا لە لایەکی ترەوە .

دکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوە لە گفت‌و گۆیەک‌دا بۆ ئاژانسی دەنگ‌وباسی عیراق لە طائف ووتی ئەم پێشنیارانە بریتین لە چەند سەرنجێک سەبارەت ئەک هەر مەسەلەی دارشتن‌و بەس بەڵکوو بەپەوەندیان بە جەوهەریشەوە هەیە .

پەنجەی بۆ ئەوەیش ڕاکێشا لەوانەیە پێشنیارەکانی عیراق کاری کۆنگرە بە گوڕ تر بکات بە شێوەیەکی ئەوتۆو بەلایەنی باشی‌دا بەرێت‌و چەند خستنە سەرێکی سوود بەخشانەیە بە چەشنێک خزمەتی جیهانی ئیسلامی‌و گەلەکانی بکات .

هەروەها ووتی ئەم پێشنیارانەی پێشکەشمان کردوون لێیان کۆڵراوەتەوەو چەند وەفدێک لایەنیان گرتووەو چەند وەفدێکی تریش بیروڕاو بۆچوونیان سەبارەت هەبووە .

دکتۆر سعدون حمادی بیروڕای خۆی دەربڕی کە ئەم پێشنیارانە زۆر گرنگن‌و ووتی ئەمێدمان زۆرە سوودیان لێ وەبگیرێت بۆ بەستنی ئەو کەلینانەی لە بەکەمین

بڕوانە : ل : ٧

سەرۆکی فەرماندە صدام حسین :
سەرکردایەتی و هاووڵاتیان شدهیدەکان بەدزیندووداەنێن

سەرۆکی فەرماندە میدالیای ڕافیدەبنی سوپایی پلەیەک بە یەکێک لە شەهیدە پاڵەوانەکانمان دەبەخشێت ..

بەڕێز سەرۆک موهیب ڕوکن صدام حسین فەرماندەی گشتی‌ی هێزە چەکدارەکان میدالیای ڕافیدەین لە چەشنی سوپایی‌و پلەیەکی بە شەهیدی پاڵەوان موقەدەمی ڕوکن احمد حسن متراس بەخشی‌ئەویش بۆ ئەو هەڵوێستە پاڵەوانێتی‌و بێهاوتایەی کە شەهیدنوایدی لە داکۆکی کردن لە سەربەرزی‌و نیشتمان‌دا لە جەنگەکانی شکومەندی‌دا دژ بە فارسی‌دوژمن :

سەرۆکی بەڕێز لەکاتی جاوپێکەوتنی خێزانی شەهیددا بێرێ نیودڕۆ خۆشەویستی‌و شانازی‌ی خۆی سەبارەت بەو پاڵەوانێتی‌یە بێهاوتایە دەربڕی کە شەهید نوایدی دروپاتی ئەوەیشی کردەوە کە سەرکردایەتی‌و هاووڵاتیان وا مامەڵە ناکەن لەگەڵ شەهیدان‌دا وەک مردوو بێن بەڵکوو زیندوون لای خەڵای خۆیان دەژین .

بەڕێز سەرۆکی فەرماندە لە باس‌کردنی پاڵەوانێتی‌ی شەهیددا پەنجەی بۆ چوبیەتی‌ی شەهید بوونی ڕاکێشاو ووتی شەهیدی پاڵەوان بە سوورڕبوون‌و پتەوییەکی ڕاستەقینە شەهید بوونی هەڵبژارد بەم جۆرەیش

بڕوانە : ل : ٧

بە ڕێز عزة ابراهیم جاوی بە باڵیۆزی ئەڵمانیای فیدراڵ کەوت

بەڕێز عزة ابراهیم جێگری‌سەرۆکی ئەنجووەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش سەرلەبەیانی‌ی پێرێ چاوی بە بەڕێز هێرمان هۆڵتس هایمەرباڵیۆزی ئەڵمانیای فیدراڵ کەوت لە بەغدا .

لە چاوپێکەوتنەدا باسی‌بەپەوەندی‌یەکانی دوو وڵاتی نێوان عیراق‌و ئەڵمانیای فیدراڵ‌و ڕێ‌وشوێنی پەرەپێدانیان کرا بە چەشنێک خزمەتی بەرژەوەندی‌ی گەلی هەردوو وڵات بکات .

یەکێتی سۆڤیەت ڕۆنالد ریگانی سەرۆکی نوێ‌ی ئەمریکا ئاگادار دەکاتەوە

یەکێتی‌ی سۆڤیەت سەرۆکی نوێ‌ی ئەمریکا ڕۆنالد ریگان‌و حکوومەتەکەی ئاگادار کردووەتەوە بەسەر ڕێگای زیاد کردنی خەرجی سوپایی‌و هەوڵدانی وەدەستهێنانی سەرکەوتنی سوپایی بەسەر یەکێنی‌ی سۆڤیەت‌دا نەروات .. ووتووشیەتی پێویستە حکوومەتی ریگان ئەوە لە بیرنەکات کە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتان دەستەوسان بەرانبەر ئەوە ڕاناوەستێت کە بە بەرژەوەندی‌یەکانی ئاشتی لە جیهان‌دا نەداو دەبڕێت .. ڕۆژنامەی « سۆڤیەتسکایا راسیا » یش ووتوویەتی سەردەمی سەرەک ڕێگان خەرجی سوپایی زۆر بە

بڕوانە : ل : ٧

ریگان بوو بە سەرۆکی امریکا

پێری سەرۆک ڕۆنالد ریگان سوێندی دەستووری‌ی حوارد ئەویش وەک سەرۆکێکی نوێ‌ی وڵاتە بەگەرتووەکانی ئەمریکا .

بەم چەشنە ریگان بوو بە

بڕوانە : ل : ٧

شانۆگەری بەبارمتە گیراوەکان کۆتایی هات

پێرێ ئێوارە لە تاران ڕاگەیەنرا کە بە بارمتە گیراوەکانی ئەمریکا پاش ئەوەی شانۆگەری‌ی گرتنیان کۆتایی پێهات فرۆکەخانەی تارابیان بەجێ‌هێشت . .

بڕوانە : ل : ٧

پێکدادانی نوێ‌ی نێوان چەکدارە کوردەکان و هێزەکانی ڕژێمی فارسی بەگژ یەکدا دێت

ئاژانسی دەنگ‌وباسی‌پارسی ئێرانی ددانی بەوەدا ناوە کە پێکداهەڵپژان سەرلەنوێ لە نێوان چەکدارە کوردەکان‌و لە نێوان هێزەکانی‌ڕژێمی فارسی ڕەگەز پەرست‌دا ڕووی داوە ، ئاژانسەکەوتوویەتی پێرێ‌و بەسەرپێرێ لە شاری مەهابادو پیران‌شار لە ناوچەی ئازربایجان‌دا پێکداهەڵپژان لە نێوان کوردەکان‌و هێزەکانی ڕژێم‌دا ڕوویان داوە .

هەروەها ئاژانسەکە لە هەواڵێکی بەسەر پێرێ‌دا ووتوویەتی ژمارەیەک لە هێزەکانی ڕژێمی ڕەگەز پەرست‌و پاسەوانەکانی خومەینی‌لەو پێکداهەڵپژانانەدا کرژراون بەڵام ئاژانسەکە هیچ شتێکی تری نەووتووەو ژمارەی ڕاستەقینەی کوژراوەکانی نەدرکاندووە .

گۆڤاری (الظفره) کە لە ئەبروظەبی دەردەچێت ووتوویەتی ڕژێمی دەستەڵاتداریتی تاران بەچەک لە جەنگدایە دژی عەرەب ئەویش لە چوارچێوەی جەنگەوە دژ بەعیراق‌و هەرەشە لە ئاسایشی کەناری عەرەب دەکات‌و لە هەمان کات‌دا هەموو هەوڵ‌و تەقەلاکان ڕەت‌دەکاتەوە بۆ وەستاندنی ئەم خوێنە ..

هەروەها لە ووتارێک‌دا ووتوویەتی ئێران دەیەوێت تەنگ‌و چەڵەمەکانی خۆی بنێرێنە دەرەوەو دەیەوێت لە بەرەی جەنگ کۆسپ‌و تەگەرەکانی نێو دەزگاکانی پێوەندەکانی خومەینی بەسەر دەزگا گرنگەکانی دەوڵەت‌دا بروەتە هۆی باری ئاژاوەو نا ئاسایشی‌و ئەو ناکۆکی‌یەی کە ئێستا ئێرانیان تەنیوەتەوە

گۆڤارەکە پەنجەیشی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە لە هەمان ئەو کاتەی ڕژێمی ئێران بە دەستی ئەو گۆشە گیری‌یە تەواوەوە دەناڵێنێت ئەوا هەست کردن بە قایل نەبوون‌و جارسی دەکرێت لە نێوان کەسانی گەلانی ئێران پاش ئەوەی باری ئابووری بە شێوەیەکی ترسناک بەرەو

بڕوانە : ل : ٧

پەرەسەندنی پێکداهەڵپژانی نێوان پەرهەڵستی‌کەرانی ڕژێم‌و هێزەکانی حافظ اسد لە شاری حمص

ئەو هەواڵانەی ادیمەشقەوە هاتوون وایان گەیاندووە کە شاری حمص لەم دوایی‌یانەدا بووەتە مەیدانێک بۆ پێکداهەڵپژانی زیاتر لە نێوان هێزەکانی پەرهەڵستی‌کەرەکانی ڕژێمی حافظ اسدو هێزەکانی ئاسایشی تایبەت بە ڕژێم .

ئەوانەی لە پایتەختی سوریاوە گەیشتوونەتە عەمان ووتوویانە لە یەکەمین هەفتەی ئەم مانگەدا لە ناوچەی قەصرە پێکداهەڵپژانێک لە

بڕوانە : ل : ٧

جیهان لە هەفتەیکدا

● ڕۆژنامەی « گەل»ی ڕۆژانەی چین ووتوویەتی چین هیچ کاتێک ناگۆڕێت‌و هیچ کاتێکیش سیاسەتی خۆی بۆ ماوەیەک نەگۆڕاوە ، ئەو سیاسەتەی کە لە دەوری لیژنەی ناوەندی‌ی پارتی کۆمۆنیستی چین‌دا دباری کراوە کە لە ساڵی ١٩٧٨دا بەسترا .

● سەرۆکی ڕژێمی سوریا حافظ اسدو سەرۆکی پێشووی ئەمریکا جیمی کارتەر هیوای خۆیان دەربڕیوە سەبارەت بە ئەوەی کە تەقەلاو هەوڵی حکوومەتی نوێ‌ی ئەمریکاو حکوومەتی دیمەشق بەردەوام بێت لە پێناوی وەدی هێنانی چارەسەری‌ی خۆبەدەستەوەدان لەگەڵ زایۆنی‌ی دوژمن‌دا.. ئەمە لەو نامەدا هاتووە کە سەرۆکی ڕژێمی سوریا بۆ کارتەری ناردووە ، بە بۆنەی کۆتایی پێهاتنی ماوەی سەرۆک کۆمارێتی‌ی ئەمەی دوایی .

● دوێنێ لە پایتەختی نێوزیلەندە نوێنەری هەشت دەوڵەت کۆبوونەوە بۆ چاوگێڕانەوە بە مەسەلەی بەخشینی جێگەیەکی چاودێری کردن لە سنووقی پارەی نێو دەوڵەتی‌و بانقی نێو دەوڵەتی .

● لە بەیروت چەند سەرژمێری‌یەکی ڕەسمی

بڕوانە : ل : ٧

بڕیاری سیاسی ئاڵۆزەو زۆرانبازی‌ی نێوان هێزەکانی بەرەی سەندووە

لە ژێر ناونیشانی (پیرەمێردەکە لە بارێکی بێ ئومێدیدایە) گۆڤاری نین‌ی هەفتانەی یۆگۆسلافیا ڕاپۆرتێکی لە پەیمانێرەکەی خۆیەوە لە تاران بڵاوکردووەتەوە تێیداهاتووە کە باری تەندروستی‌ی خومەینی بەرەو خراپی دەچێت لە هەمان ئەو کاتەی کە باری سیاسی بەرەوخراپی دەکشێت لەگەڵ پەرەسەندنی ناکۆکی‌یەکانی‌نێوان ناوەندی‌ی هێزەکان‌دا .

هەروەها ووتوویشیەتی بارو دۆخ لە ئێران‌دا گەشتووەتە حاڵێک کە دەبێت تێیدا گەلانی ئێران بڕیاری چەشنی ئەو فەرمانڕەوایی کردنە بدەن کە ئارەزووی دەکەن .

گۆڤارەکە سەبارەت ڕاپەڕینی کوردەکان‌و ڕۆڵەکانی ئەمە نەتەوەیی‌کانی تر لە ئێران دواوە کە داوای مافە نەتەوەیی‌یەکانی خۆیان دەکەن‌و پەنا بردنی ڕژێم لە ئێران‌دا بۆ بەکارهێنانی شێوازی چەرساندنەوەی چەکدارانە لە پێناوی سەرکوت کردنی ئەم داخوازی‌یانەدا .

هەروەها ووتوویەتی دەست بەسەرداگرتنی دەست‌و پێوەندەکانی خومەینی بەسەر دەزگا گرنگەکانی دەوڵەت‌دا بروەتە هۆی باری ئاژاوەو نا ئاسایشی‌و ئەو ناکۆکی‌یەی کە ئێستا ئێرانیان تەنیوەتەوە

گۆڤارەکە پەنجەیشی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە لە هەمان ئەو کاتەی ڕژێمی ئێران بە دەستی ئەو گۆشە گیری‌یە تەواوەوە دەناڵێنێت ئەوا هەست کردن بە قایل نەبوون‌و جارسی دەکرێت لە نێوان کەسانی گەلانی ئێران پاش ئەوەی باری ئابووری بە شێوەیەکی ترسناک بەرەو

بڕوانە : ل : ٧

Institut Kurde de Paris

وەزیری پیشەسازی و کانەکان دووپاتی دەکاتەوە :

لە ماوەی چوار مانگی رابوردوودا بەرهەمێنانێکی نوێ کراو لە چاکی و چۆنیەتی بەرهەمی هێنان دا هاتووەتە دی

بەڕێز طاهر توفیق ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری پیشەسازی و کانەکان دووپاتی کردەوە کە چوار مانگی رابوردوو بەرهەمێنانێکی هەست پێ کراو لە چاکی و چۆنیەتی و دەزگا پیشەسازی یەکانی وڵاتدا هاتووەتە دی

بەڕێز ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە گفت و گۆیەکدا لەگەڵ ئاژانسی دەنگ و باسی عیراقی دا ووتی کارگێڕانی ئەو دەزگا ناوبراوانە رادەیەکی بەرزیان لە بەرهەمێنان دا بەدی هێناوە و لەو نمرانە تێیەڕیان کردووە کە بۆ بەرهەمێنان زەختەیان بۆ کێشرا بوو لەو ماوەیەی پێش جەنگ ئەویش لە چوارچێوەی بە تەنگەوە بوونی توندو تیژو لابەنگرتنی بەرزیان بۆ بە فیڕۆنەدانی ماوەی کارکردن بە گشت ووردی یەکو سوود بوونیان لەسەر تەرخان کردنی لابەتێکی بنووی خۆیان و ڕۆژانەی بنوو دانیان بۆ کار کردن و بەرهەمێنان هەروەها ئەمانی دیاردەی ئامادە نەبوونیان و نرم بوونەوەی سەردانیان لە ئەخۆشخانە تا ئەو ڕادەیەی کە لەوەوپێش وێنەی نەبووە.

هەروەها لە سەری ڕۆیشت و ووتی ماوەی ناوبراو بەوە جباکار بوو کە داهێنان و دەستپێشکەری داهێنەرانەی کرێکارەکانی تێدابوو لە جۆرەها دەزگای بەرهەمێنان دا ئەوە بوو ئەو بۆشایی یەیان پڕ کردەوە کە لەوەوە دێتە ناراوە کە هەندێکیان لە چەنگی سەربەرزی و تکۆمەندی دا بەشداری یان دەکەن دژ بە فارسە ڕەگەزپەرستەکان .. بەرەرای ڕاهێنانی سیستەمەکانی سووتەمەنی لە مەرجە هەلمی یەکان و وەحدەی ووزەی کارەبا بەیدا کردن و دروست کردنی هەنرێك کەرەستەی سپێر بۆ ئامێرو هۆیەکانی بەرهەمێنان .

بەڕێز طاهر توفیق پێخۆشحالی خۆی دەربڕی سەبارەت بەو سەرکەوتنەی کە لە بواری بەرهەمێنان دا هاتووەتە دی بە چەشنێك لەگەڵ ئەو سەرکەوتنە بۆ هاوتایانەدا بگونجێت کە هێزە نەبەردەکانمان بە سەر فارسە دەستدرێژی کەرەکان دا وەدی یان دەهێنن .

سێهەمین کۆنگرەی سالانەی کشت و کالی ناوچەی کوردستان

به تەلەفۆن لە عبدالوهاب تالەبانی یەوە بە یامنێری هاوکاری-نووسینگەی هەولێر

لە ژێر دروشمی (چاوەڕێی چاکە لەو میللەتەناگرێت کە ئەوەی دەیخوات زۆر ترە لەوەی بەرهەمی دەهێنێت و ئەوەی دیدروێنەوە کەمترە لەوەی دەیچێنێت) داو بەسەربەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕابەڕاندنی ناوچەی کوردستان و لە کاتژمێری دەی سەر لەبەیانی ڕۆژی دروشمەی ڕێکەوتی ١٩-١-١٩٨١ دا سێهەمین کۆنگرەی سالانەی کشت و کالی ناوچەی کوردستان کرایەوە .

لە ئاهەنگی کردنەوەکەدا باسادانانی ئۆتۆنومی ناوچەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی کوردستان و بەڕێز ئەمینداری کشتی شارەوانی هاوینە هەوارەکان و ئەمینداری گشتی کاروباری دارایی و ئابووری و ئەمینداری گشتی ئەوقاف و ئەمینداری گشتی بەروەردە و فێرکردنی بالاو جێگری ئەمینداری ڕۆشنبیری و لاوان و هاوڕێ نوێنەری نووسینگەی جووتیاران سەر بە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ناوچەی ژوورو . گەڵ هاوڕێ ئەمینداری ئەهێنی ی نفی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە هەولێرو سەرۆکەکانی ئەنجوومەنە کشت و کالییەکانی ناوچەکەو نوێنەرانی ڕۆژنامەکانی نارخۆو نوێنەرانی ئەقابەو ڕێکخراوە مبللی یەکان ئامادە بوون .

دوای دەقیقەیەك ڕاوەستان بۆ گیانی شەهیدانی سوپای دایێری عیراق کۆنگرەکە دەستی بەئیش و کاری خۆی کرد . لینجا مامۆستا محمد امین أحمد جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕابەڕاندن و وتارێکی خوێندەوە تیدا ئاگەیاند کە شۆڕش و حزب گرنگی تەواوی بە کشت و کاڵ و پێشخستنی داوەو پێویستە ئامۆژگاریەکانی سەرۆکی تێکۆشەر صدام حسین بێتە ڕێ پیشاندەرمان بۆ پەرەپێدانی بەرهەمی کشت و کاڵی لە تایبەتی لەم کاتانەدا کە وڵاتەکەمان خەریکە بەرگری لە مافی خۆی دەکات دژی تاقمە ڕەگەز پەرستەکەی ئێران .

بڕوانە : ل : ٧

دامەزراندنی خێزان و کچانی شەهیدان لە دەرەوانی دەورەی بەروەردەیی لە پارێزگاکان

وەزارەتی فەرمانڕەوایی کردنی ناوخۆ بڕیاری دا خێزان و کچانی شەهیدان لە دەرچووانی دەورەی بەروەردەیی ئەم ساڵ لەو پارێزگایانەدا دامەزرێنرێن کە خۆیان ئارەزوویان لێ بێت .

هەروەها بڕیاری دا ئارەزە تە مێردکردووەکان لە شوێنی کارکردنی مێردەکانیان دا بەمەزرێن . ئەوانەش بێ مێردیان نەکردووە لە پارێزگاکان دا دابمەزرێن بۆ ئەوەی ئەو شوێنانە پڕبکرێتەوە کە پێویستیان پێیانە .

بەهەشتی لە ژمارە ناگات !

ئەوەی گفت و گۆی لەسەرنی یە ئەوەیە کە روخساری سەرەکی و جیاکاری سەردەمی ئێستامان سەردەمی شۆڕشی زانیاری و تەقەنی یە ، بەڵام تەیا فەرمانڕەوایانی ئێران لە نێو هەموو ڕژێمەکانی فەرمانڕەوایی لە جیهان دا باوەڕیان بە زانیاری و بە گرنگیتی ی بەکارهێنانەی زانستی و تەقەنی یە نوێ و بەرەپێ دراوەکان نی یە لەبەدی هێنانی پێشکەوتن و گەشتن بە ڕەوڕەوەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی ، نەنجامیش بەدەگمەن مامەلە لەگەڵ ژمارەو حسنەو لیستەی سەرژمێری دادەکەن ، لەوەیش خراپتر ئەوەیە کە لەسەر ئەوە سوورن کە (ڕۆحانین) بەڵام ئەزانن و دواکەوتوو و دژ بە هەموو ڕواڵەتێکی پێشکەوتن و بەرەسەدن و شارستانیەتن .

بەڵام ئەوەی بەر لە چەند ڕۆژێك رووی دا بە ڕاستی سەرنجی ڕاکێشابێن و گوێ ڕایەڵی کردین .. ئەوەبوو توێمان لە لێپرسراوێکی (گەورە)ی فارس بوو بە زمانی ژمارە دەدووا .. ئەو لێپرسراوە گەورەیەیش بەهەشتی بوو کە تا ماوەیەکی لەمەوپێشیش بە ناوی (پیاوی گەورەو بەهێزی ئێران)ناوبان دەبردو لەوانەیشە هێشتاکە هەروا بێت . چونکە سەرۆکی ئەوەیە ناوی (حزبی کۆماری ئیسلامی) لێ تراوەو سەرۆکی دادگای باڵایە لە ئێران دا . سەرەڕای ئەوەیش (ئایەت)یکە لە ئایەتەکانی ئەزانین و دواکەوتوویی و جادووگەری لە ڕژێمی ڕەگەزپەرستی فارس دا ووتەکەیشی کە بە ژمارە بوو لە چوارچێوەی ووتارێکی دابوو لە زانکۆی تاران دا خوێندبوویەوە . بۆ ئەهێشتنی کومانیش . ئەوەبوو بەهەشتی لە ووتاری هەبنی دا کە لە مزگەوتی زانکۆکەدا خوێندبوویەوە بە ژمارەدووابوو .

بەهەشتی ووتی : تەنیا بەنج ملیۆن لە (٣٦) ملیۆن ئێرانی لە (کۆماری ئیسلامی) ئاراراین ! . هەروەها ووتی دیسان پێنج ملیۆنی تر هەن لە دانیشتوان هێشتاکە درودڵن و هیچ هەڵوێستیکیان نەماندووە .. بەڵام ئەو سی ملیۆن ئێرانی یەکانی تر ئەوالە ئێوانیان دا "ڕێك گەوتن و ڕێکخستنی و بەکێتی و هوشیاری ی پترو... هتد .. هەیە ؟! " .

وا دیارە بەهەشتی و پێشوویەتی بێتە ژمێردێکی ووردکارو ڕێك و پێك . بۆیە وینوویەتی : هەروەها دیسان درو هەزار شوفێری ئۆتۆمبێلی کرێ (تاکسی) لە تاران دا لە دوژمنانی شۆڕشن!

ئاوی ڕاستی بێت بەهەشتی ئەو دوو هەزار شوفێری ئۆتۆمبێلی کرێیانەی لەبادنەکردووە . بەڵکوو زۆری لەبیر کردوون . بەڵکوو زربەی زۆری ئەو ئێرانی یانەی لەبیر کردوون کە زۆر دوژمنی ڕژێمن و لەو شەش ملیۆن و لەو دوو هەزار شوفێرە زۆرترن .. نەنجامیش بەهەشتی ژمێردێکی خراپ و بەڵکوو ژمێردێکی درۆن دەرچوو !

بەر لە هەموو شتێك بەهەشتی لەبیری چووبوودەوە بان بە ئەقەست بەندیە کانی (بەندیخانەی ئیفین)و . بەندیە کانی بەندیخانەی مەسرو . بەندیە کانی هەر شەش جۆرە . بەندیخانەکانی لەبیرچووبوودەوە کە بەنی

بڕوانە : ل : ٧

کورتە هەواڵ

● نووسینگەی سکرتاریەتی یەکێتی ی قوتابیانی کوردستانی عیراق ڕێزی لە هەژدە قوتابی نا . کە هۆنراوەکانیان لە میهرەجانی شیعری ی دەربارەی جەنگی قادسیەی صەدام دژی فارسی ڕەگەزپەرستی دوژمن . لە پلەو جێگایەکی باشدا بوون .

بەم بۆنەیەوە ئاهەنگێك ساز درا تیدا بەڕێز محمد امین محمد احمد سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕابەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە وەکالەت دیاری یەکانی بە سەر قوتابی یەکانی ڕێز لێنراوەکادا دابەش کردو ئەمینداریتی گشتی ی بەڕێوەبردنی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە هەمان ئاهەنگدا دیاری ی ڕێز لێنانی بە هەموو ئەو قوتابیانە بەخشی کە بە هۆنراوە لە میهرەجانەکەدا بەشداری یان کرد .

● یەکێك لە کومپانیا جیهانی یەکان لیکۆڵینەوەی بەرەپێدانی ناوچەی گەلی عەلی بەگ لە بواری گەشت و گوزاری یەوە ئەنجام دا .

ئەم لیکۆڵینەوەیە پێشنیاری ئەوەی کردووە کۆمەڵێکی زۆری دام و دەزگای گەشت و گوزاری دروست بکرێن و لە ماوەی دە ساڵدا جێبەجێ بکرێن .

● بەڕێز جلال عبدالله قایمقامی قەزای نامێدی لە پارێزگای دهۆك پرۆژەی ڕێگای نامێدی بالندا / بیت برخای کردەوە کە درێژایی ٦١ کیلۆمەترەو شەش ملیۆن دیناری تێدەچێت .

● ژمارەی ئەوانەی لە قوتابخانە پێشەیی یەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ ئەم ساڵی خوێندنە وەرگیراون گەشت و گوزاری دروست بکرێن و لە ماوەی دە ساڵدا جێبەجێ بکرێن .

● بەڕێز جلال عبدالله قایمقامی قەزای نامێدی لە پارێزگای دهۆك پرۆژەی ڕێگای نامێدی بالندا / بیت برخای کردەوە کە درێژایی ٦١ کیلۆمەترەو شەش ملیۆن دیناری تێدەچێت .

● ژمارەی ئەوانەی لە قوتابخانە پێشەیی یەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ ئەم ساڵی خوێندنە وەرگیراون کە بەشتووەتە ٢٦٧ قوتابی ی کوڕو کچ ئەویش ٨٩ قوتابی ی لە ژمارەی وەرگیراوانی هەمان قوتابخانە لە ساڵی بار زیاترە .

بەمەبەشەوە ژمارەی بخوێنەکان لە قوتابخانە پیشەیی یەکان دا گەیشتە چوار هەزارو ٤٥٤ قوتابی ی کوڕو کچ کە (١١٨١) بان کچن ئەویش لە هەموو قوناغەکانی خوێندن دا کە بەسەر سێ

بڕوانە : ل : ٧

هێزە چەکدارەکانمان سەرکەوتنی نوێ تۆمار دەکەن

سەرکردایەتی گشتی ی هێزە چەکدارەکان ڕۆژی ١٧ی ئەم مانگە بەیاننامەی ژمارە «٢١٩»ی دەرکرد کە تیایدا هاتووە هێزە چەکدارە نەبەزەکانمان بە درێژایی هێڵی بەرەو ڕووبوون لەگەڵ فارسی ڕەگەز پەرستی دوژمن دا لە چالاکی یەکانی خۆیان دا بەردەوام بوون و چالاکییەکانی سەر لە ئێوارەی ١٦-١-١٩٨١ و ڕۆژی ١٧ بەم چەشنە بووە :

زیانەکانی دوژمن : دوو ئۆژراو لە ناوچەی سەرپێڵی زەهاو . کۆبوونەوەی دوژمن لە بەرانبەر پارچەکانمان بینرا لە ناوچەی گیلانی ڕۆژ ئاوا کە بە هەموو جارەسەرکراو ئاجارکرا پاشە کشێ بکات و ٥٧ کۆژراو و دوو تانك و سێ ئۆتۆمبێل و یەك بنکەی مووشەك زیانی لێ بکەوێت .. هەروەها دوو فڕۆکەی هیلیکۆپتەری دوژمن خرانە خوارەوە کاتێك ویستیان هێرشی بێنە سەر سەنگەرەکانی پارچەکانی پێشەوەمان لە ئەمان ناوچەوا .

هەروەها پارچەکانمان بە چەکەکانی خۆیان چارەسەری کۆبوونەوەیەکی دوژمنیان کرد لە ناوچەی سۆمارو ئاجاریان کرد هەڵبێت پاش ئەوەی بیست کەسیان لێ کوژراو ئۆتۆمبیلێکیان تێك شکێنرا .

پارچەکانی پێشەوەمان لە ناوچەی سیف سەعد سەربازە نامێرەکانی دوژمنیان لە بەرانبەر سەنگەرەکانی خۆیان ئەخریك کردو ٢٥ کوژراو سێ ئۆتۆمبێل و دوو ڕوانگەیان زیان پێگەیاندن . پێنج کوژراو لە ناوچەی میهرانە پارچەکانمان بە چەکەکانی خۆیان کۆبوونەوەیەکی سەربازانی دوژمنیان لە بەرانبەر سەنگەرەکانیان دا لە ناوچەی دیزنوول ئەخریك کردو ١٢ کوژراو زیانیان لێ خستن و ئەوانی تر هەڵاتن لە ناوچەی ئەفاجیەیشە پارچەکانمان بە چەکەکانی خۆیان مۆلگەکانی دوژمن و سەنگەرەکانیان ئەخریك کردو ئەم زیانانەیان پێگەیاندن :

٦٤ کوژراو .. تێکشاندنی دوو تانك و یەك ئەفەر بەری زرێپۆش .. سەرەڕای دەست بەسەرداگرتنی دوو تۆپخانەو بڕێکی زۆری چەکی سووك و بەندین مووشەکی تاو لەگەڵ سەکۆکانیشداو .. جۆرەها چەشنی تەقەمەنی کە هەموویان بۆ بەکارهێنان دەستێن .

لە ناوچەی عەبادانیش ئۆتۆمبیل .. یەك ڕادار .

بەم چەشنە سەرجەمی زیانەکانی دوژمن دەکاتە ٢١٥ کوژراو .. ٨ تانك و .. بنکەی مووشەك .. دوو ڕوانگە .. یەك ڕادار .. دوو فڕۆکەی هیلیکۆپتەر .. سەرەڕای بڕێکی زۆری چەکی سووك .. مووشەکی تاو لەگەڵ سەکۆکانیشدا .. لەگەڵ جۆرەها چەشنی تەقەمەنی دا .

زیانی ئێمەیش : لە هەموو کەرتەکانی بەرەی جەنگ ٢٠ شەهیدو لە کارکەوتنی یەك ئەفەربەرو .. سێ ئۆتۆمبیل و .. دوو تۆپخانەو یەك شەڵل بووە .

هەروەها سەرکردایەتی گشتی ی هێزە چەکدارەکان ڕۆژی ١٨ی ئەم مانگە بەیاننامەی ژمارە « ٢٢٠ » ی دەرکرد کە تیایدا هاتووە هێزە چەکدارەکانمان لە چالاکی ئواندنی خۆیان دا بەردەوام بوون لە کەرتەکانی بەرەی جەنگ . سەرجەمی چالاکی ی سەر لە ئێوارەی ١٧ی مانگ و ڕۆژی ١٨ بەم چەشنە بوو ..

زیانەکانی دوژمن : لە ناوچەی گیلانی ڕۆژ ئاوا ئارچەکانمان لە بەرانبەر سەنگەرەکانی خۆیان دا مۆلگەکانی سەربازەکانی دوژمنیان خەریك کردو ئاجاریان کرد پاشە کشێ بکات و ٢٧ کوژراو لە شوێنی خۆی بەجێ بهێڵێت . تێکشکاندنی بلدۆزەریك لە ناوچەی سۆمار . لە ناوچەی سیف سەعد پارچەکانمان بە چەکەکانی خۆیان مۆلگەیەکی دوژمنیان لە بەرانبەر سەنگەرەکانیان دا چارەسەر کردو « ٥٥ » کوژراوان زیان پێگەیاندن و نەوانی تر هەڵاتن . هەشت کوژراو .. تێکشکاندنی دوو ئۆتۆمبیل لەگەڵ کۆمەڵێك تەقەمەنی دا لە ناوچەی میهران . پارچەکانمان لە ناوچەی دیزنوول ئۆبهاویژێکی

بڕوانە : ل : ٧

راپۆرت

شەشەم کۆنگرەی کشتوکاڵی لە سلێمانی

پ . هاوکاری لە سلێمانی

● لەم دوایەداو لەژێر دروشمی « دەستێك بەرهەم ئەهێنین و دەستەکەی تریش جەنگی هەڵگرتووە بۆ جەنگ» لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی سلێمانیدا شەشەم کونگرەی کشتوکاڵی ساڵانە لە سلێمانیدا گیرا . کە بەڕێوەبەریتی گشتی پرۆژەی شارەزوورو دەستەی کشتی کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی کشتوکاڵ ئامادەیان کردبوو .

کۆنگرەکە بە ووتاری جێگری سەرۆکی کۆنگرە کرایەوەو سەرەتا باسی ئەوەی کرد کە وڵاتمان بە کاتێکی ناخۆش و شەڕدا تێ ئەپەڕێ و ئێمە لە جەنگی قادسیەی صدام داین و بەم جۆرەش ئەتوانین ئیشووکاری تایبەتی بەرهەم هێنان جێ جەجێ بکەین و دروشمەکەمان دەستێك بۆ بەرهەم هێنان و دەستەکەی تر بۆ چەك هەڵگرتن بە جێ بهێنین و وا ئەسالیش کۆنگرەی کشتوکاڵی ساڵانەمان نەکرین و داوای سەرکەوتنی بۆ نەکەین و هیوادارین لیژنەکان بەووردی لە ئیش و کارەکانیان بکۆڵنەوەو هەوڵ بدەن باشترین پلان دابنێن بۆ بەدی هێنانی زۆرترین و باشترین بەرهەمی کشتوکاڵی کە بە ئەوتێکی هەمیشەیی دانەنرێ و پارێزگای سلێمانیش خۆی لە خۆیدا ئاووهەواو خاکێکی کشتوکاڵی ی چاکی هەیەو تەنها پێویستی بە پلانی زانستیانە و وردەکاری ئیش کردن هەیەو ئەوەش بە هەوڵی ئێوە دێتە دی .

● دوای ئەوە لیژنەکان کە بریتی بوون لەم لیژنانەی خوارەوە دەستیان کرد بە ئیشوکارەکانیان بۆ لیکۆڵینەوەی ئەو پلانانەی کە لە کۆنگرە لقیەکانی قەزاو ناحیەکاندا دانرابوون .

١ - لیژنەی بەرهەمهێنانی رووەکی و پێویستیەکانی

٢ - لیژنەی بەرهەمهێنانی ئاژەڵی و پێویستیەکانی

٣- لیژنەی هەرەوەزی و ناردن و پارەدان .

٤ - لیژنەی خزمەتگوزاری کشتوکاڵی و کۆمەڵایەتی .

٥- لیژنەی خانوبەرەو دامەزراوەکان .

٦ - لیژنەی ئاو و ڕەوی .

٧ - لیژنەی مەکینەکاری کشتوکاڵی .

٨ - لیژنەی ڕاهێنان و کرێکاری .

٩ - لیژنەی ڕێکخستن و ئامادە کردنی پلان .

١٠ - لیژنەی ڕاکەباندن .

● ئەوەی شایانی باسە لە لیژنانە نوێنەری هەموو دەستەو دایەروە دامەزراوە کشتوکاڵیەکانی پارێزگای سلێمانی و وەزارەتەکانی ناودێری و کشتوکاڵ و ئەمانەتی کشتوکاڵی ناوچەی کوردستانیان تیابوو .

بڕوانە : ل : ٧

Institut Kurde de Paris

داستانا پەریشكا بەفری

لهەرلایەكی قە كومەلێت هەلی دهاتن و دگەل مە

رۆژەكا بەفربارین ئەز لپشت پەنجەرا ئودا خودا راوەستابووم و تەماشای دەرقە دكر .. پەریشكو گولێیت بەفرێ بسەماو شاهیانەقە دهاتنە خارێ و لسەر هەمی تشتا داداو روونشتن .. لسەر پەرجانێ مالێ ... لسەر دارو درەختا .. سەر دیوارا لبقێن پەنجەرا ... كولینا كادین(١) لمالێ ... لسەر هەمی تشتا روودنشتن و سپی دكرن .. پەریشكەكا مەزن بلایێ پەنجەرێقە هات.. من دەستێ خوە درێژكردە دەرقە دپەنجەرێ راو لبن وێ پەریشكێ من داناو لسەر دەستێ من ب ئارامی نشیا .. چەند جوان و سپی بو .. چ وێنەو شكل لایێت ب ئەندازەو تازە لێ بوون ...

دبن لێڤادا من گوتە خوە ... خۆزی ڤێ پەریشكا بەفرێ زمان هەبا.. داچیروك و داستانا خو بومن بێژیە و ڤەدگێریت . لوی دەمی پەریشكا بەفرێ بزمان هات و گوت !

ئەگەر تە حەز لێ یە چیرۆك و داستان و رابوردیا من بزانی .. گوهێ خوە بدێ دێ بوتە ڤەدگێرم ... پێش چەند هەیڤا ئەز دلوپەكا ئافێ بوم دناڤ دەریا خەزەری دا وگەل ملیارد ملیارد دلۆپیت دیكە... ئەم دچینە وی لای و وی لای ئەم رانەدوەستیاین ... هەر دگەریایین و رۆژێت خوە مەدبوراندن .

رۆژەكا هاڤینێ لسەر رویێ ئاڤا دەریایێ ئەز دگەریام ... روژ گەرم ببوو گەرمایەكا زۆر ددا ... ئەز گەرم بوم و بومە هەلم .. هەزار دلۆپین دێ ببونە هەلم .. لسڤكیا هەروەكێ مە بەرێ پێڤەهاتین ئەم دبردینە وێ لای و وێ لای .. هند ئەم سەركەڤتە تا مە ...

دچەسپان و كومدبونەقە . . . هندەك جارا ژی ئەم دچوین و دگەل كۆمەلێت لمە مەزنتر دبوینەیەك ... دگەل یەك دهاتین و دچوین و دگەریایین . . . بلند دبوین ... دبونە رۆژێ دگرت .. هندەك جارا كومەلێن مەزن تێكدا دهاتینە گفشین ... پێكڤە دچوین.. دویر ..دویر ... مەزنتر دبوین و زێدەتر دهاتینە گفشین ... هندەك جارا مە پێشیا ژی پێشیا هەیڤێ و ستێرامە دگرت . . . شەڤ تاری تردبو ... هندەك دلۆپێن هەلی دگوت ئەم یێ دبوینە عەفر .. بای لمەددا ... وێنەو شكلێن سەیر مە

چێدكرن ... لدەمێ ئەز دناڤ ئاڤا دەریایێ دابوم من عەفر ددیتن وێنەو شكلێت هێشترو مروڤو كەرو زۆر تشتێت دی دروستكرن .

من نەزانی چەند هەیڤا ئەم لئاسمانا ماین دشەپرزەو دسەرسورمانێدا ... دونیا ساردبو ... هەوا هاتە گۆرین ... ئەم گەلەك بلندبوین .. ئەم وەسا چوینە دناڤ یەكداو هاتینە گفشین كو ئەم نەدشیاین دەستو پێست خوە بلقلقینین درێژبكەین ... پێكڤەو كومەل كومەل ئەم دهاتین و دچوین ... من نەدزانی ئەم كیڤە دچین . . . دەورو بەرێت خود مە نەددیتن ... رۆژ دبار نەبو ... مەنەددیت .. ئەم گەلەك مەزن ببوین و كوم ببوینەڤە ... مەهەمی جهەك گرتبو . . . سەد مێر درێژایی و پاناهیا مەبون ... مەحەزدكر ببینە باران بگەرێنەڤە سەر عەردێ .. . من دئەڤینیا عەردیدا دلنەمابو زۆر شەپرزەبوم... ماوەو كاتەك تێپەری . . هند نەمابو ببینە باران ... بێ ئاگاهیامەو لپر را هەوا گەلەك ساردبو ئەم دسەرمادا ڤەدلەرزین ... من تەماشای دەورو بەرێت خوەكرو گوتە هەڤالەكی خوە !

ـ ئەڤە چی یە .. ؟! چ بی یە ..

وەلامداو گوتی : نهو لسەر عەردێ .. . ئەو جهێ بەری نهو ئەم لێ بوین . . زستانەو هەلبەت لهندەك جها دونیا گەرمە ... بەلێ لڤێ پارچا عەردی دونیادا یا سادەو زستانە ئەڤ سرو سەڤەما لپر هاتی ماوەی نادەت كو ئەم ببینە باران ... تەماشەكە ئەز خەریكم ببمە بەفر . . . تەماشای خوژی بكە توژی یێ دبیە بەفر .

هەڤالێ من ئەشیا ناخافتنا خود درێژكەت و لڤسەكرنێ وەستاو بیە بەفرو رێكا خوارێ و زەوی گرتە بەر ... پاشی هندێ ئەزو هەزاران هەزار دلوپ بوینە بەفرو بارینە سەر عەردێ .

لدەمێ ئەم دناڤا دەریایێ دابوین ئەز گەلەكا گران و سەنگین بوم بەلێ نهو ئەزم زۆر سڤك بوم وەكی پەرا ئەز دڤریم . . . من نەدزانی سەرما ژی چی یە ... چونكە من هەست پێ نەدكر سەرمابو پارچەیەك ژگیانێ من ... مەشاهی و سەما دكرن و دهاتینە خارێ .. .

لدەمێ ئەم نزیكی زەوی بوین . . . من دیت كو ئەز بالهیڤین بكەڤمە سەر شارێ تەڤرێزێ ... لدەریا خەزەرێ ئەز چەند دویركەتبوم . لبلندیرا من دیت كو زاروكەكێ ب دارا كەتی یە دیف سەیەكی و سەژی یێ درەویت و عەو عەوێ دكەت و درەڤیت ... وەسا دیاربو ئەگەر هەر هۆسا ئەز بێمە خوارێ یەكسەر لسەر سەرێ وی زاروكی دێ كەڤم و نبشمێم . . . من تكاو رەجا لبای كرن كو من لڤی حالی رزگاربكەت و ببەتە جهەكێ دی . . . بای رەجاو تكایێت من قبول نەكرن و ئەز هەلگرتم و ئینامە ئێرە ... لدەمی من دیتی كو تە دەستێ خوە لبن من راگرتی .. ئەز گەلەك پێ كەیف خوشبوم و لدلێ من خوش هات و ..

لوی دەمی دەنگی پەریشكا بەفری ئەماو هاتە برین .. وەختێ من تەماشا كری دیاربو ئەو پەریشكا بەفرێ یا بی یە ئاڤ ...

كولینا كادین : ئەو كونی لسەر بانی خانو دكرێت بۆ دوكێلا .

چێروكی : صەمەدی بیهرەنگی
وەرگێرانی : د. نافع ناكرەیی

ناونیشان لە چیرۆك دا

حیدر عبدالرحمن

ناونیشان لە چیرۆكدا ، دەورێكی گرنگی ئەدەبی و هونەری دەبینێ ، بەو ناوەی كە چەوهەرو ناوەرۆكی چیرۆكەو كورتەی بابەتەكەی تیادا كۆبۆتەوە . تا ناونیشان كورتتربێت سووكترو مۆسیقی‌تردەبێت ، بەلام ئەو كورت‌كردنەوەی ئێمە مەبەستمانە ناوەرۆك و مەغزای تەواوی چیرۆكەكە بە خۆیەوە هەلبگرێت ، سا ئەگەر ووشەیەك بێت یا دوو وشە ، گرنگ ئەوەیە تەنیا ئەو وشەیە خۆی لە خۆی‌داجیهانێكی فراوان بێت و ژانی نووسەری تیدا تەقیبێتەوە .. هەڵبژاردنی ناونیشان ، هەندێ جار كاتی ـزەمەنی ـدەبێت ، وەكو ـ سپیدەی نێوارە ، دەمەوعەسران ، شەو ، نیوەشەو ـ هەرچەندە ئەم چەشنە هەلبژاردنە لەسەر زەوق و بۆچوونی تایبەتی چیرۆكنووس خۆی دەوەستێت ، هەروەها لەسەر ڕادەی كارتێكردنی ئەوـكاتەـ بەسەر ـذاتی‌ـ نووسەرەكە خۆی ، بەلام مەوزوعیەت لەو جۆرە ناونیشانانە ئێجگار سستە ، لەبەر ئەوەی خوێنەر هەست بە بوونی مەسەلەیەكی گرنگی حەشاردراو ناكات لە ناواخنی بابەتەكەوە ، یان بەتەوژمێكی ڕاستەوخۆی كەرمی بەمێشكدا ڕانابووری بۆ ئەوەی هەستو نەستی بجوڵێنێ و خوێنەر بخاتە دوودڵی و بە دوواگەڕانی شتە وون‌بووەكانی ناونیشانەكە ، لە مێشكیدا دەتوێتەوە و نرخ و بەهای خۆی دەبوكێنێتەوە . هەندێ جاری تریش ناونیشانی ـ كەسی‌ـشخصی‌ـ دەبێت بە ناوی یەكێك لە پاڵەوانەسەرەكیەكانی ناو چیرۆكەكەداو ، خوێنەر لەگەڵ خوێندنەوەی چیرۆكەكەدەبێتە عاشقی پاڵەوانەكان و هەندێكیانی خۆش‌دەوێت و ڕقی لە هەندێكی تریان دەبێتەوە ، ئەو پاڵەوانانەی كە جێگەیەك لە دڵی خوێنەردا بە خۆشەویستی ، یا بە كەسێكی كۆست كەوتە ، یا بە قینێكی ئەستوور پڕدەكەنەوە ، یا ئەو پاڵەوانانەی كە كارەساتی چیرۆكەكانیان بە سەردا دەشكێ لە جێگەی خۆیەتی چیرۆكنووس بەوكاریگەرانە ناونیشانی خۆی لێ بنێ ـ كاڵێ ، خازێ ، نارێ گوڵشەن ، باجی مەنج ، فاتە ـ خوێنەر هەر لەگەڵ چاوپیا خشاندنێكی ساكار دەزانێ ئەو ناوە كارەساتێكی گەورەی لە كۆڵی خۆی هەڵداوە ، تاڕادەیەك لە ڕووی بیرۆكەی چیرۆكەكە حالی دەبێ .

ناو ـ لە ناونیشانی چیرۆكداتەنیا بۆ مرۆڤ نەهاتووە ، بگرە ناوی گیاندارو بێ‌گیان و هەندێ ماددەش هەڵدەبژێرـ درێت كە لەگەڵ ناوەرۆكی چیرۆكدا یەكدی دەگرنەوە ، گرنگ لەو ناوە بخرێتە بۆتەی ڕەمزێكی مەزن ، ڕەگ و ڕیشەی لێ بێتەوە بۆ چەند مەسەلەیەكی گرنگی ناوەوەو دەرەوەی چیرۆكەكە . وەك ـ سنۆرە ، پەنجەرە ، مۆم ، هەتاو ، خۆڵەمێش ، ناوـ نەك وەك گەرەستەیەكی ووشك ، بۆنی هیچ بۆچۆنێكی لێ نەهێت و هەر لەگەڵ یەكەم چاو پیاخشاندندا گەلای بیركردنەوەی خوێنەر هەڵوەرێنێ .

سێ بەمیان ، ناونیشانی (بابەت)ی كە لە جەوهەرو مەداری چیرۆكەوە لە دایكدەبێت ، هونەری دروست كردنی ئەو چەشنە ناونیشانانەلە هەردوو بەشەكانی‌تر بە پێزترو بە كێش‌تەرە ، چیرۆكنووس لە بەرگێكی زۆر تێروتەسەلدا نموونەی ئامانجی خۆی لە نوێشێكی پر دادەڕێژێ ، هەر لەسەرەتاوە دەرگای چوونە ژوورەوەی خوێنەر بۆ دونیای چیرۆكەكە بە كۆمەڵی بیركردنەوەی چڕومەوزوعی دەكاتەوە ، هەوڵی ئەوە دەدا سەرنجو تێڕوانینی موگناتیسیانە بێت بۆ لێك بەستنەوەی ئاونیشان لەگەڵ چیرۆكەكەدا هەروەها بۆ گەڕان بە دووای نهێنی خواستەكانی چیرۆكنووس وەك ـ چەرخ و فەلەك ، باران ، پێیان بڵێ نەمكوژن ، ترس ، گەڕانەوە ..ـهەڵبژاردنی ناونیشان لە هەرسێ لەو لقانەی سەرەوە ، دەمێنتەوە سەر هێڵی چیرۆكو بیرۆكەو دەوری پاڵەوانەكانی ، هەروەها ڕێبازو زەوقو چێژو بۆچوونی چیرۆكنووس خۆی سا ئەگەر چیرۆك هونەرێكی مەزنی ئەدەبی و مرۆڤایەتی بێت ، ئەوا ناونیشانەتەواوكەریەتی ، گەلێ چیرۆك هەن وەكو داری بێ‌بەر بەناونیشانی كرچ و كاڵ ڕووت دەبنەوە ، زۆر چیرۆكنووسیش هەن چەند ئەوەندەی بە دارشتنی چیرۆكیكەوەئازار دەچێژن ، ئەوەندەش بە ناونیشانەكەی ، هەندێكی تریش دوای بگرەو بەردەیەكی زۆری فیكری ناگەنە ئەنجامێكی بێ‌ڕاڕایی ، ناونیشانێك بۆ چیرۆكەكانیان دادەنێن ، بێجگە لەوەی كە لە هەموو چمك و مەوزوعیەتێكی ڕاستەقینەوە خاڵێو هیچ مەسەلەو پەیامێك ناگەیەنێ ، خۆشیان قەناعەتیان پێی نییە .

لە ژمارەیەكی ڕۆژنامەی پاشكۆی ـعیراق‌ـدا ، شێرزاد حەسەن‌ـی چیرۆكنووس ، چیرۆكێكی بەنرخی بڵاوكردەوە ، بیری چیرۆكەكە كێشەیەكی كۆمەڵایەتی یەو باسی سێ خوشك دەكا لە ماڵێكا ، خوشكی ناوەنجی و بچووكیان بە شوو دەدرێن كچی گەورەدەمێنت ، لەبەر ئەوەی قەبرەكچەو تۆزێكیش ناشیرینە ، ئەو كچە دووچاری نەخۆشیەكی نەفسی دەبێت هەست بە كەمی خۆی دەكات وەك مرۆڤێك كە نرخی پێ شێل بكرێت ، زۆر بەتاریكی دەڕوانێتە ژیان ، لێرەدا لەوەنادوێم كە كاك شێرزاد چ هونەرمەندێكی مەزن بووە لەتابلۆكێشانی كارەساتی ئەو چیرۆكەو چلۆن چۆتە دیوی ناوەوەی دەروونی پاڵەوانەكەی ، تەنیا ئەوەندەنەبێ كە چۆن كاك شێرزاد ئەو چیرۆكە مەزنەی ناونابوو ـخوشكەكان‌ـ من بە لای خۆمەوە ئەو ناونیشانەم زۆر بە ـنەشاذـ ی دەهاتە بەرچاو ، بێجگە لەوەی كە خۆی ناساندنی ئەم چیرۆكە بەم ناونیشانەوە ،

بەرواە : ل : ٧

« بابجی »

رۆمانێكی نەمری یابانی یە

رەنگە كەس لە ئێمە ناوی كچە رۆماننووسی یابانی ـ مۆرازاكی شیكیبو ـ ر نەبیستبی و رۆمانە نەمرەكەیی نەخوێندبێتەوە كە بەناونیشانی ـجانجی‌ـ نووسیویەتی ... ئەو رۆمانەی كە بەراستی یەكێكە لە رۆمانە بەناوبانگەكانی جیهان و لەو رۆژەوەی لە چاپدراوە هەتاكو ئەمرۆش هەر دەخوێنرێتەوەو خوێنەران بە پەرۆشەوە باسی دەكەن .

نووسەری ئەم رۆمانە ـ مۆرازاكی شیكیبو ـ ساڵی ١٧٥ لەدایكبوەو ساڵی ١٠١٤ كۆچی دوای كردووەو یەكێكە لە پێشەنگەكانی رۆماننوسانی یابان و لە ئەدەبیاتی یابانـدا پایەی (مەدام دی سیفینی ـ فەرەنسەیی و ـ فرجینباولف ـی ئینگلیزی هەیە .

ئەم كچە رۆماننووسە زۆر زۆر جوان بوەو تۆزێكیشـ غەمبار ... تا بڵێی ناسك و هەستناسك بوەو لە ژیانی خۆی كە لە كۆشكی ئیمبراتۆری‌دا بە سەری دەبرد زۆر قایل نەبوو .

لە بیرەوەری نامەكەیدا لەتیف هەلمەت

لە گۆڤاری ـ الاقلام ـ ەوە كردوویەتی بە كوردی

باسی هۆی نووسینی رۆمانەكەی كە ـ ١٠٠٠ ـ هەزار ساڵ دەبێ نووسراوە كە بەگەورەی ورشەدار یا گەورەی روونا كی ناودەبرێ مرۆڤێكی قۆزو شیكەو هەموو ئافرەت و كچو كارەكەرەكانی كۆشكی ئیمبراتۆر خەونیان پێوە دەدی و ئاواتخوازەی دیداری بوون . ئەم مرۆڤە تەنها (دێن جوان)ێك نەبوو بەسی بەلكو لەگەڵ ئەوەشدا كە هەر ساتەی لەگەڵ ئافرەتێكدا ڕای دەبواردو هەر ساتە ئافرەتێك باوەشی بۆ دەكردەوە ، دڵێكی پڕ لە سۆزو ناسكی هەبوو ئەم مرۆڤەی كە وەكو پەپوولە ئەم گوڵو ئەو گوڵی دەكرد زۆر بە ئەمەكو وەفادارو خاوەن میهربوو لەو هەموو دڵبازی‌یە مەبەستی چەژی ئەوینێكی گیانی‌بوو نەك لەشیی . .. هەمیشە هەموو ئەو ژن و كچانەی لەیادبوو كە پەیوەندی لە گەڵیاندا هەبوو ... كە تەمەنی گەیشتە چل ساڵی زەحمەت توانی كاتی خۆی لە نێوان ئەو هەموو ئافرەتانەدا دابەشكات . . . هەندێ جاریش نەختە نەختە ئازاری دڵخوازەكانی دەداو كەمجاریش پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتی دڵرەقدا دەبەست... جار جاریش هەندێكیانی بە دڵشكاوی و بێ‌دڵدانەوە بە جی‌ی هێشت .

كە رۆمانی ـ جانجی ـ دەخوێنینەوە ئەوەمان بۆ دردەكەوێ كە ئەو كۆمەڵگایانەی ڕێگای هێنانی لە ژنێ زیاتر بە پیاو دەدەن هەمیشە خاڵی‌نیە لەهەستی ڕقەبەری و خۆپەرستی و ئەوین .

دیوەخانی ـ كیوتو ـ لەو سەردەمەدا یەكێ بوو لە كۆمەڵگا هەرە پێشكەوتوكانی دەرەبەگایەتی و خیرو خۆشی و ڕابواردن و شایلۆغانی ئەو كۆمەڵگا بچووكە لەسەر حیسابی چەوساندنەوەو هەزاری و برسیتی هەزاران هەزار جووتیار بنیاتنرابوو . شێتێكی ئاسایی‌یە كە لەو كۆمەڵگایەدا ئافرەتی نووسەر هەڵكەوێ و باسی تاقی‌كردنەوەكانی ژیانی خۆیان لەو بەزم و رەزمەدا بكەن... ـ مۆرازاكی ـ كە خاوەنی كتێبی ـ بیرەوەری و گەورەكان ـ ەو كتێبەكە بۆ گەلێ زمان وەرگێڕدراوە لەوانە زمانی فەرەنسەیی ... هەروەها لەو چەرخەدا گەلێ كچە شاعیریش هەبوون لەوانە ـ لزوومی ـ و (ساراشینا)و ـ نیجو ـ كە جگە لەشیعر ئەڵێ یادگارنامەی خۆیان بەجێهێشتوە كە باسی ئەریت و بەندوباوی ئەو سەردەمەو جۆری ژیانی ئۆرستوقرا ـ تیبەكان دەكات . بەلام سەیر ئەوەیە لەیادگارنامەی ئەم ئافرەتانەدا گەل هیچ جێگایەكی نەبوەو مەگەر بەشێوەیەكی لا بە لاو لە هەندێ تەنگەبەرەوە نابێ باسی لێ نەكراوە .

ئەو ئافرەتانەی ئەو سەردەمە تەنها باسی هاوڕێ و دۆست و دڵدارەكانی خۆیان و بەزم و رەزمی خۆیان نورسیوەو هەرگیز ژیانی ئەوانەی كە زەوی‌یان كێڵاوەو دەریایان پەی كردوەو كاری گرانیان ئەنجام‌داوە لە یادگارنامەی ئەواندا بایەخی نەدراوەتێ و بەزۆری پشتگوێ خراوە .

جیاوازی لە نێوانی ـ برۆست ـ و ـ مۆرازاكی‌ـدا كە نزیكەی هەزار ساڵیان‌بەینە ئەوەیە كە ئەو زەبرو زەنگەی كە لە ـ بدریفوس ـ كرا ـ مارسیل ـ ی هەژان و ناخی بزراند ... بەلام ئەو هەموو زۆڵم و زۆرەی كە لە هەژارانی یابان دەكرا یەك تۆزقاڵێ كە لە هەژارانی یابان دەكرا یەك تۆزقاڵێ كاری لە ـ مۆرازاكی ـ نەكردو نەیبزواند ...

هەر هەزار لاپەڕەكەی رۆمانی ـ جانجی ـ وەكو یابانی‌یەكان خۆیان دەڵێن ـ هەست بە شت‌كردنی بەسەردا زاڵە ... هەروەها زوو لە بیرچوونەوەو هیچ‌وپووچی ژیان و خەونی ناوخەون ... ئاینی بووزی ئەم هەستەی تێڕاوە كردوەو ـ شارهوغنار ـ واباسی دەكات كە (ئەمە ئەو نائومێدی یەیە كە ناسكی گوڵ و جوانە مەرگی كوت‌وپڕی بەهارو زەبوونی مرۆڤ بەرامبەر چارەنووس گەلاڵەی دەكاو پێكی دێنێ) ئا ئەم هەست‌كردنە قوولی‌یەكی تەواو بە رۆمانی جانجی دەدات ... ئەم رۆمانە لە خوێندنەوەی‌دا وامان لێ‌دەكات كەوا هەست بكەین هۆلێكە ، هۆلێكی جوانی پڕ لە جاوەنواریەو هەر تاو نا تاوێ بڕێ ڕێبوار بەجێ‌ی‌دێلن كە خۆشمان ـ دەوێن ... زۆرجار مورازاكی ئەم هەست بەشتكردنەی دەربڕیوە . . . مەزنی نورسەری رۆمانەكە لەوەدایە كە توانیویەتی بە قوولی و بە وێنەی سەرسوڕهێنەر ... وێنەی سروشت و گەشی ئەو شتانەی كە دەیانبینن هەستیان پێ‌دەكەین مەبەستەكەی ڕوون‌بكاتەوە .

لە بەشێك لە كتێبەكەدا ـ جانجی ـ پاڵەوانی رۆمانەكە سەرنجی لێوارەكانی ـ سۆما ـ دەدات و لە بەرخۆیەوە دەڵێ : (هەر كەسێ لە جێگای وادا بژێ .. ئارەزووی هیچ شتێكی دی ناكات) .

كەچی دوای چەند ساڵێك دەبینین ـ جانجی ـ كە لەو شوێنە دەركراوە ... ئەو شوێنەی كە گۆرانی پیاهەڵدەداو ستایشی دەكرد دەبینین خەریكی بەجێهێشتنی جێگاكەیەو هیچ هەتەرێكی جوانی ئەو شوێنەی لەدڵدا نەماوە .

ئەوەی كە ئەمرە لە رۆمانەكەدا ئەو هەستو سۆزو جۆشە دێرینانە نیە كە هێندەی بوونی مرۆڤ كۆنن بەلكو ئەو دارشتنە توندو تۆڵو گێڕانەوە بەنامو چێژو خەونە تازانەیە كە گاڵتەجاریەكی توندوتیژو ناشكراداەكات .

لە هەموشی گرنگتر لەو رۆمانەدا بوونی ڕەخنەگرتنە لەو رۆمانە لەناو خۆی‌دا ... جانجی لە ئەدەبی یابانی‌دا وەكو دۆكێشۆتی ئەدەبی ئەسپانی‌یە ... لە رۆژئاوادا سێرڤینتس یەكەم كەس بوو كە لە نێوانی سەرگوزستەكانی رۆماندا ڕەخنەی لە رۆمانەكە دەكرت . . . بەلام شایانی باسە موارازاكی لەم لایەنەوە چەند سەدەیەك پێش ئەو كەوتووەو مشتومڕو دەخنەكاریی خستۆتە ناو بەشەكانی رۆمانەكەوە بە جۆرێك كە لایەنی گونجاوو نەگونجاوی دەربڕن . . . ئەم رۆمانە كێبی نەتەوایەتی یابانە .

گۆڕی یەكێ لە پاڵەوانەكانی رۆمانەكە لە ـ كیۆتۆ ـ یەو ئەو قەڵەمەش كە مۆرازاكی رۆمانی جانجی پێ نووسیوە هەرماوەو لە پەرستگای ـ سۆمار ـ شدا دارێكی ـ كرزان ـ هەیە پاڵەوانی راستەقینەی رۆمانەكە ـ جانجی ـ چاندوویەتی .

حاڵی حازر لە یاباندا لە ١٠ـ هەزار كێبی ڕەخنەیی زیاتر دەربارەی ئەو رۆمانە بڵاوبۆتەوە . لەم دوایەشدا نامەیەكی هەزارو دوو سەد لاپەڕەیی جانجی لە لایەن مامۆستایەكی یابانی‌یەوە لە لە چاپ دراوە . هەروەها ئەم رۆمانە سەرچاوەی چەندین باسی مێژوویی بوە لەوانە ـ ژیانی پاشا نشینی یابانی كۆن لەسەر دەمی میر جانجی‌دا .

Institut Kurde de Paris

هاوکاری سەرلە بنکەکانی سوپای میللی دەدات

لە بەندەرەی محمەرەوە

لەو ماوەیەی کە هاوکاری‌سەری لە بەرەکانی جەنگداو هێزەکانی سوپای نەبەزمان‌بەسەرکردەوە .. گەشتێکی کورتی بەناو بنکەکانی سوپای میللیدا کرد لەشاری محەمەرە کە شان بە شانی سەربازەدێرەکانمان لەسەنگەردا وەستاونو ئامادەن خوێنی‌خۆیان بڕێژن بۆ بەرگری‌کردن لە خاکی نیشتمان لە هەموجۆرە دەستدرێژییەکی فارسی رەگەزپەرست . . بۆ ئەم مەبەستەش چاوی بە کۆمەڵێك لە کاربەدەستانی‌بنکەکان کەوتو بەم جۆرەی خوارەوە هێنایە قسەکردن :

هاوڕێ محسن علاوی مزعل لێپرسراوی کەرتی سوارچاکانی قادسیەی صدام لە کربلاء وتی : ئەرکی ئێمە ئێستاکە گرتنی شارەکەو پارێزگاری کردنێتی لەو تاقمە بەزیوانەی سوپای فارسیو پاسدارە دڵرەشەکانی خومەینی کە هەوڵدەدەن بەدزی بێنە ناو شارەکە . . هەروەها سوپاسی هەستی بەرزتان دەکەین بە بۆنەی هاتنی رۆژنامەکەتانەوە بۆ بەرەی جەنگو گەیاندنی دەنگوباسی جەنگ بە بڕاکوردەکانمانو .. ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ ئەو گیانە برایانەو بەبوەندە مێژووییانەکە لە دێر زەمانەوە لە نێوان کوردو عەرەب لەم خاکە خۆشەویستەدا هەیەو لەهەمان کاتیشدا لە ڕێگای رۆژنامە خۆشەویستەکەتانەوە جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرۆکی فەرماندەو سەرکردایەتی سیاسیمان دەکەین بە بۆنەی سەرکەوتنەکانمانەوە بەسەر سوپای بەزیوی خومەینی دەجال .

بەڕێز هاوڕێ کاظم عبدالحسین طاهر لێپرسراوی بنکەی ئیمام علی وتی : دیسان دووپاتی ئەوەدەکەینەوە کە جەنگاوەرانمان ئامادەن بۆ ڕاپەڕاندنی هەموو جۆرە ئەرکێك کە لە لایەن سەرکردایەتی‌یەوە پێمان دەسپێردرێتو ئامادەین خوێنی خۆمان بڕێژین بۆ بیروباوەرەکانی حزبی سەرکردەمانو هیوامان بەسەرکەوتن گەلێك زۆرەو چاوەڕوانی ئەو ڕۆژانە دەکەین کە لە لایەن سەرکەردایەتی‌یەوە فەرمانمان پێبدرێت بۆ بەشداری‌کردن لە رزگارکردنی هەموو بستە خاکێکی عەرەبی لە فەلەستینی داگیرکراودا لە دەست زایۆنی دوژمنەوەو ئاواتمان بەسەرکەوتن لە ژێر سەرکردایەتی هاوڕێ تێکۆشەر صدام حسین گەلێك زۆرە .

هەروەها هاوڕێ یونس عبد عون لە بنکەی شەهید خالدەوە وتی :

ئێمە وەك لاوانی شۆڕشگێرانی عەرەب کە

باوەڕی بە کەرامەتو دەستدرێژی نەکردنە سەر دراوسێو دەستێوەردان لە کاروباری ناو خۆی دەوڵەتانو سەربەخۆیی وولاتو نەتەوەدەکەین .. بە ئیشك‌گرێ سنووری نیشتمان دەمێنینەوە تاوەکو سەرکەوتنی تەواو وددەستدێنین .

هاوڕێ مزهر جواد یاربدەدەری لێپرسراوی مەغاویری ئیمام علی بۆ ئێمە دواو وتی : شەڕی قادسیەی صدام شەڕێکە لە نێوان عەرەبو فارسەکانو هەر بۆیەش ناوی کەرتەکەمان بەو ناوە نراوەو شەرەفی بەشدارکردن لە محمەرە لە فارسەکانەوە پاککردنی شاری وەرگرتو چەندەها قوربانی پێشکەش‌کردو خاکی ئەم شارەیان بە خوێنەگەشو پاکەکەیان ئاودا لە پێناوی رزگارکردنی خاکی داگیرکراوی عەرەبو تێکشکاندنی داگیرکەرە دەستدرێژکەرە - کانەوە .

هەروەها هاوڕێ فائق محمد عبدالله لێپرسراوی بنکەی مەغاویری یاساولەکانی ئەو کەشتیبانەی کە لە بەندەری محمەرەوە بەجێماون وتی : هەر لە سەرەتای بەپابوونی شەڕ لە نێوانمانو فارسی رەگەزپەرستی دوژمندا بە پیری بانگەوازی حزبەکەمانەوە چووین‌و لەگەڵ هێزد چەکدارەکاندا بەشداربووین کاتێك کە هەڵبان‌کوتایە سەر بنکەو سەنگەرەکانی دوژمن لەم شارەداو ئێمە گەلێك بەمە دڵخۆشین چونکە بە بەشێك لە ئەرکی خەباتی ئێمەوە ددژمێردرێتو لە هەمان کاتیشدا بەشداربیەکە بۆ بەرگری‌کردن لە وولاتو کەرامەتمانەوە .

بەڕێز هاوڕێ علی رحیم راضی بەم جۆرە بۆمان دووا : لە ٢٨-٩-٩٨٠ ئەرکی بەشدابوونمان لەم جەنگە پیرۆزەدا پێ‌سپێردراو هەر کە گەیشتینە شاری بەسرە شان بەشانی هێزە تایبەتی‌یەکان (القوات الخاصة) هێرشمان بردە سەر محمەرەو هەر کە ئەو هێزانە خۆبان‌کوتابە بەندەری شارەکە ئێمەش بە دوایانەوە چووینە ناو شارەکەو جەنگاوەرەکانمان پێنبرکێیان دەکرد لە ڕاپەڕاندنی هەموو جۆرە ئەرکێك کە پێیان دەسپێردرا بۆپاککردنی شاری محمەرە لەیاشماوەکانی فارسی دوژمن کە خۆبان لە هەندێك خانووبەرە مەڵاس‌دابوو .

هاوڕێ عبداللطیف عبدالساده لێپرسراوی بنکەی مەغاویری شامیە کە لەناوجەرگەی شاری محمەرەوەو لە سووچێکی لای بەندەرەکە بنکەو سەنگەریان دانابوو وتی :

لەلایەن سەرکردایەتی‌یەوە فەرمان بە بنکەکە درا بۆ ئەوەی ئامادەبێتو هەر کاتێك کە ئاگادارکرا بکەوێتە جوولە .. جەنگاوەرەکان بە تاسەوەبوون کە فەرمانێکی بەم شێوەیەپێیان بسپێردرێت . . ئەوەبوو لە ٨-١٠-٩٨٠ بنکەکە ئاگادارکرا بۆ ئەوەی بارەو محمەرە هەنگاوبنێنتو هەر گەیشتینە دەوروبەری شارەکە لەگەڵ هێزە تایبەتی‌یەکانەوە هێرشمان بردە سەر شارەکەو شان بە شانی هێزەکانی سوپامان شالاومان بردە سەر کۆچەو کۆڵانەکانی .. بەم جۆرە بنکەکەمان جێگایەك کە لە لایەن سەرکردایەتی‌یەوە بۆی دەستنیشان‌کرابوو کردەبە بنکەو بارەگای خۆی هەرچەندە ئاتری تۆپخانەی دوژمن بە توندی ئەو جێگایەی هەمیشە دەدایە بەر تۆپو بۆمباردومانی دەکرد. وورەی جەنگاوەرانمان گەلێك بەرزبوو ئامادەن بۆ ڕاپەڕاندنی هەموو جۆرە ئەرکێك کە لەلایەن سەرکردایەتی‌یەوە بێیان دەسپێردرێت .

ئامادەکردنی زادوق وێنە غازی طلوب

بە بۆنەی چوارمانگی جەنگی عیراق و ئێران

گەلەکەمان لە رادەی پاراستنی گیانی سەرکەوتنەوە مەزنە کانیدایە

ئێمە ، هەر لە یەکەم رۆژەوە سەرکەوتین ، بەڵام خوا یاربێت پارێزگاری گیانی ئەو سەرکەوتنە دەکەین.
سەرۆکی فەرمانده صدام حسین

ئەوا چوارمانگ زیاتر بە سەر دەست پێ‌کردنی جەنگی عیراق‌و ئێراندا رادەبڕوڕێ ، ئەو جەنگەی کە وڵاتەکەمان‌و بەپێی بڕیارێکی مێژووی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش لە ٢٢-٩-١٩٨٠ وە کەوتە مەیدانیەوە بۆ بەربەرچدانەوەی چاوچنۆکی حوکمڕا رەگەزپەرستەکانی فارس‌و دوای ئەوەی ئەو تاقمە بەرلەو رۆژەوە ، دەستیان کردبوو بە دەستدرێژی نارەوایان‌و بە تەواوی لە ٤-٩-١٩٨٠ وە کەوتنە بۆردومان کردنی شارو گوندەکانی سەر سنوورمان .

● بەرئەری لە مافی رەواو هاتنە مەیدانی لێهاتوانە

بەم جۆرە ، جەنگەکەمان دژی ئەو تاقمە رەگەزپەرستەی خۆی بەسەر گەلانی ئێراندا سەپاندوە ، جەنگی بەرگری کردنی رەوایە لە مافو سەربەرزی وڵات‌و گەلەکەمان‌و سوپاو گەلی عیراقیش بە مەردانە بۆ جەنگی وا دێنە مەیدانەوە ، ئەم قسەیە بۆ راگەیاندن نیە لە رۆژانی شەڕدا ، بەڵکو میژووی گەلی عیراق چاکترین بەڵگەیە ، کە ئەم گەلە ، هەرگیز ملکەچی نەو دەستەو تاقمانە نابێت دەیانەوێ ملی پێ کەچ بکەن ، هەروەك سەرۆکی فەرمانده ، لە وتە بەنرخەکەیدا لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران دووپاتی کردەوە ، گەلەکەمان هەمیشە رۆڵەی مەیدانی ئازایەتی‌و بەرگری کردن بوە لە سەربەستی‌و سەربەرزی خۆی ، بەڵام زۆر جار رووی داوە لە راپوردوودا ، تەقەللای پوچ کردنەوەی ئەو گیانی ئازایەتیەی لە لایەن ئەو حوکمرایانەوە دراوە کە بە زۆر خۆبان دەسەپاند بەسەر گەلدا .

● شۆڕشی ١٧ - ٣٠ تەموزو تەکاندنی گەردی نەهامەتی

بەڵام کە شۆڕشی ١٧ - ٣٠ تەموزی مەزن لە ساڵی ١٩٦٨ دا بەسەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست بەرپابوو ، شۆڕشی ، تەقەللای شۆڕشگێرانەی بەو لایەنەدا دەدا ، کە گەردی نەهامەتی رابوردووی تاریك نە سەر گەلی عیراق رامال بکات . چونکە دەیزانی ئەم گەلە گیرەوەی ساڵانی نەهامەتی رابوردووی تاریك زۆری سزادا . بۆیە شۆڕش رێ‌رەوی بنیاتانی کۆمەڵی نوێ‌و مرۆڤی نوێی کارامەو لێهاتوی لە عیراقدا گرتە بەرو سەرکەوتوانە ، لەماوەی ساڵانی تەمەنی شۆڕشدا نەخشەی بۆ ئەم مەبەستە کێشاو مرۆڤی عیراق لە سایەی دەستکەوتەکانی شۆڕشدا ، گیانی مەردایەتی‌و سەربەرزی زیاتر هاتەوە بەرو ژیانی رۆژ لە دوای رۆژ رووەو ئاسۆی گەشی بەختەوەری دەچوو . خۆماڵی کردنی نەوت‌و چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی لە ناوچەی کوردستان‌و پتەو کردنی یەکێتی نیشتمانی‌و تبشك دانەوەی رووی گەشی عیراق لە ئاسۆی پەیوەندی‌یەکانی دەوڵەتانداو گرتنی رێ‌رەوی تایبەتی سەربەست لە دۆستایەتی باشی لەگەڵ وڵاتانی دنیاداو یارمەتی دانی بزوتنەوە رزگاری خوازەکانی گەلانی تێکۆشەرو دەوری دیاری عیراق لە بزوتنەوەی وڵاتە بێلایەنەکاندا ، ئەمانە ، کە هەموو عیراقیان بەرەو سەرکەوتنی زیاتر دەبردو دەیبەن لەلای هێزە شەڕ خوازەکان بە خۆشیەوە قبوڵ نەکرا ، بەڵکو قینی رەشیان بەرامبەر بەم سەرکەوتنانەی عیراق هەڵسا .

● پیلانە پوچەکان‌و توانای خۆ راگرتن

بۆیە ، کاروانی شۆڕشی عیراق لە سەرەتاوە تا ئیستا ، بەردەوامیش لە لایەن ئەو هێزە شەڕ خوازانەوە ، کە سەربەرزی‌و سەربەستی گەلی عیراقیان ناوێ ، بەردەوام رووبەرووی پیلانی نارەوایان بوە ، بەڵام لە هەموو رووبەروو بوونێکی شۆڕش‌و ئەو پیلان گێڕانەدا ئەنجام بە سەرکەوتنی زیاتری شۆڕش شکاوەتەوەو کاروان بەردەوام بوەو رێگای سەربەرزی خۆی بێ نوچدان بڕیوە .

● خومەینی‌و ... ئاواتی چاوچنۆکی خۆی‌و دوژمنانی سەربەستی عیراق

کار هەروا ، بەردەوام دەڕۆی ، شۆڕش‌و کاروانی سەربەرزی ، رێگای سەرکەوتن دەبڕێ‌و ناحەزان لە دەردەو ناوەوەهەر پیلان دەگێڕن‌و هەر ئەنجام رووڕەش دەبن . تا هێزەکانی ئیمپریالی‌و زایونی‌و کۆنەپەرستان ، راپەڕاندنی دەستە چەپەڵەکانی خۆیان لە رژێمە رەگەزپەرستەکەی فارسەکاندا دۆزیەوە . خومەینی ، کە بەری رەنج‌و خەبات‌و قوربانی گەلانی ئێرانی دزی‌و خۆی سەپاند بەسەر حوکمی ئێراندا رۆژ لەدوای رۆژیش لە رووی پەیوەندی‌یەکانی نێرانەوە لەگەڵ وڵاتانی دەرو دراوسێ پەردەی لەرووی چاوچنۆکی خۆی دەدڕی کە نیازی وایە لە سەر حسابی دراوسێکانی خۆی فراوانتر بکات‌و ئیمپراتۆریکی رەگەزپەرستی لەسەر حسابی سەربەستی گەلانی ئێران‌و ناوچەکە دروست بکا . لێرەوە ، چاوی قینی رەشی بڕیە عیراقی شۆڕش کەوتە قارس کردنی وڵاتەکەمان ، دەمێ بە پەلاماردانی نامەردانەی بۆ سەرسنووری وڵاتەکەمان‌و بە تانگ‌و تۆپەوە . هێزەکانی ئیمپریالی‌و زایونی‌و کۆنەپەرستان ، وایان زانی ئەم خومەینی‌یە ، خەوەکەیان دەهێنێتە دی‌و بەم داردەستە تازەیە دەتوانن شۆڕشی عیراق لەناوبەرن . بۆیە زیاتر کەوتنە هاندانی‌و فوو تێ‌کردنی کە پەلامارەکانی بۆ سەر عیراق فراوانتر بکات . ئەوەبوو لە ٤-٩-١٩٨٠ وە ئەو رژێمە ئیتر بە تەواوی کەوتە شەڕی نارەوایەوە دژی سەربەستی‌و سەربەخۆی وڵاتەکەمان .

● سەری دوژمن بە دیواری پۆڵایینی عیراق شکا

بەڵام ، سەری دوژمن ، نەیدەزانی بە ردیوارێکی وا پۆڵایین دەکەوێ ، ئەنجام هەپرون‌هەپرون دەبێ . هەرواش بوو ، بە ئارامی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش لە عیراقدا بەرامبەر بە دەستدرێژی‌یەکانی لەوەبەریان ، هەرگیز مانای بێ‌هیزیمان نەبوو ، جا کە دوژمنیش لە خۆی غەڕا بوو ، دەبوایە دەرسێکی وا وا دابدرێ کە بزانی ناتوانێ‌و هەرگیز ناتوانی نە عیراق‌و نە سەرکردایەتی عیراق‌و نە سوپاو گەلی عیراق مل‌کەچ بکا . بۆیە لە ٢٢-٩-١٩٨٠ بریاری مێژووی سەرکردایەتی دەرچوو بە بەربەرچدانەوەی مەردانەو بە راستیش مەردانە بەربەرچی رەگەزپەرستەکانی فارس درایەوە ، کاروانی شۆڕش‌و گەل ... هەر بەرەوپێشەوە دەروا ئەمە عیراقەو ملکەچی نازانێ ، بۆیە هەر لە رۆژانی یەکەمی جەنگدا ، سوپاو گەلی عیراق گەورەترین سەرکەوتنیان لە مێژووی نوێی سەربەرزباندا تۆمار کرد . دوژمن شکاو ئێمە سەرکەوتین دوژمن بە پەند بوو ، ئێمە خۆمان راگرت‌و کاروانمان بەردەوامە .

● پاراستنی گیانی سەرکەوتن

لەم جەنگەشدا سەرکەوتین ، سەرکەوتین چونکە خاوەنی باوەڕو حەقین ، سەرکەوتین چونکە صدام حسین رابەریکی لێهاتوو مەردو بەراست سەرکردەیە ، چونکە گەلی عیراق بەکوردو عەرەبیەوە یەك ریز بەگیان‌و دل وەك سەربازن‌و لە مەیدانی ئازایەتیدا وەستان . هەر بەهەمان گیانەوە ، گیانی سەرکەوتنی جەنگی قادسیە صدام‌و سەرکەوتنەکانی ترمان دەپارێزین‌و بۆ پێشەوە .

Institut Kurde de Paris

● ٦ی کانونی دووەمی هەمووساڵێك یادێکی پیرۆزی گەورە بەسەر گەلی عێراقدا تێپەڕیو هەمووان پیرەوەری دامەزراندی سوپای دلێری عێراقمان ئەکەنەوە

لە یادی دامەزراندنی سوپای دلێرماندا لە سلێمانی چی کرا

ئێمەش لەسلیمانی هەندێ لەو لایەنە ڕەسمی و جەماوەریانەمان بینی کە بەم بۆنەیەوە چالاکیان نواند

● بەڕێز کاك جعفر عبدالکریم حسین جێداری پارێزگاری سلێمانی وتی :ـ

× لەم ڕۆژانەدا بادێکی پیرۆزمان بەسەر برد ئەویش یادی دامەزراندنی سوپای دلێری عێراقمانەو لەگەڵیدا یادی دەست پێکردنی جەنگی فادسیەی صدام تێئەپەڕێت، ئەو جەنگەی کە شەرەفو کەرامەتی نیشتمانی پاراستو مافە ڕەواکانی لە دەست فارسە ڕەگەزپەرستەکان سەندەوە ئەوە ئەم بۆنە پیرۆزەوە لە سەراسەری پارێزگای سلێمانیدا گەلێ ئاهەنگی فراوان ڕێك خراون، بەڕێزوەلید محمود پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت گەلێ پرۆژەی خزمەت گوزاریو پەرەوەردەیی کردەوەو بەردی بناغە بۆدانانو گرنگەکانیان . دانانی بەردی بناغەی پەیمانگای ئیسلامیو بەشی ناوخۆیی بە ٧٥٠ هەزار دینار ، دانانی بەردی بناغەی بارەگای یەکیەتی ئافرەتانی سلێمانی بە دووسەد هەزار دینار . هەروەها دانانی بەردی بناغەی بارەگای دادگای سلێمانی بە چوارسەد هەزار دینار . دانانی بەردی بناغەی بارەگای دادگاکانی پەروەردەی سلێمانی بە سێ سەدو پەنجا هەزار دینار ئامەو ئاهەنگی جۆراوجۆر لە لایەن ڕێکخراوە گەلیەکانەوە کراو لەهەموو ناحیەو قەزاکاندا گەلێ پرۆژەی لەم جۆرە کرانەوەو بەردی بناغەیان بۆ دانرا .

● خوشکە صبحە صالح کریم لەم ڕووەوە ئەڵێ :ـ

× بەبۆنەی یادی دامەزراندنی سوپای دلێرمانەوە گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرکردایەتی حزبو شۆڕشی ئەکەمو لەسەر وهەموویانەوە سەرۆکی فەرمانده هەڤال صدام حسین . هەروەها بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە سوپای پاڵەوانمان ئەکەین و شانازی بە سەرکەوتنەکانیانەوە ئەکەین و شەهیدو بریندارەکانی جەنگی شەرەفمانو پێشکەش کردنی دیاریو خەڵات بۆ بریندارەکانی بوردومانی وەحشیانەی تافمەکەی خومەینیو هاڵواسینی درو دروشمی بەم بۆنەیەوە .

● کاك فارس شلاشی محمد ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری لقی سلێمانی یەکیەتی قوتابیای کوردستان وتی :ـ

× بەبۆنەی یادی دامەزراندنی سوپای پاڵەوانمان گەرمترین پیرۆزایی ئاراستەی سەرکردایەتیو سەرۆکی تێکۆشەر هەڤال صدام حسینو سوپاس عێراقو گەلی عێراق بە کوردو عەرەبەوە ئەکەین و داوای سەرکەوتنی زیاتریان بۆ ئەکەین و بە ناوی قوتابیانی سلێمانیەوە پەیمان تازە ئەکەینەوە کە سەربازی بەوەفای خاکو نیشتمانمان بین و بەم بۆنەیەوە یەکیەتی قوتابیانی کوردستان لقی سلێمانی بەرنامەیەکی قەشەنگی ئامادە کردبوو وەکو سەردانی خێزانی شەهیدو بریندارەکان بۆردوومانی وەحشی فارسەکانو سەردانی خەستەخانەکانو پێشکەشکردنی دیاریو خەڵات بریندارەکانی بۆردوومانی ئەو جەنگاوەرانەی لە معسکرەکاندا ئەرکی خۆیان بە جێئەهێنن و گرتنی کۆری شیعر خوێندنەوەو هەموو هەوڵمان تەرخان ئەکەین بۆ بەهێز کردنی جەبهەی ناوخۆو پشتگرتنی سوپامان.

● کاك کمال محمد امین سکرتێری ئابووریو بەرهەمهێنان وتی :ـ

× لەم ڕۆژانەدا کە یادی دامەزراندنی سوپای دلێرمان تێپەڕیو یادی تێپەڕبوونی چوارمانگ بەسەر دەستپێکردنی جەنگی قادسیەی صدامدا گەلمان بە کوردو عەرەبەوە بە شادمانیەوە پیرۆزبایی لەسەرکردایەتیو سەرۆکی تێکۆشەرمان صدام حسینو سوپای دلێرمان ئەکاتو ئێمەش بەناوی کرێکارانی سلێمانیەوە گەرمترین پیرۆزبایی لێئەکەینو پەیمان پیرۆزبایان لێئەکەینو پەیمان تازە ئەکەینەوە کە ئامادە بین بۆ بەرگری لە نیشتمانو خاکو وڵاتمانو بەبۆنەی یادی دامەزراندنی سوپاوە کرێکارانی سلێمانی بەرامەیەکی فراوانی ئاهەنگی ساز کرد وەکو :ـ

سەردانی بریندارەکان خێزانی شەهیدەکان لە شارەکەماندا.

کەس و کار

شەهیدانی چۆمان

بۆ «هاوکاری» ئەدوێن

نوێنەری ـهاوکاریـ بۆ چۆمان

دەست درێژییەکانی ڕژێمی نۆکەری ڕەگەزپەرست لە تاراندا ، بۆ سەرووڵاتەکەمان ، نیشانەیەکی نری هەڵوێستی ڕووەنانی ئەو ڕژێمە بەدەر دەخات ، کە خۆی لە هەموو ڕەفتارێکی مرۆڤایەتی دوور ڕاگرتووە .. لە شارەکانی کوردستاندا ، وەك شارەکانی تری وڵات ، هاووڵاتیان لە ئەنجامی بۆمبابارانی فرۆکەکانی ئەو ڕژێمە چەپەڵە ، گەلێکیان شەهید بوونو هەندێ بریندار بوون ،

ئەوەتا ـهاوکاریـ ئەچێتە ماڵی هەندێ لەو شەهیدانەو دەنگی ڕقوکینەی هەندێ لەخێزانو کەسوکاری ئەو شەهیدانە تۆمار دەکا ..

● لە ـچۆمانـ ، چوینە ماڵی شەهید ـ وەسمان حمد امینـ و لە چوارچێوەی گفتوگۆی ـهاوکاریـ لەگەڵ خێزانی شەهید کاك محمد وەسمان ووتی :

× لە کاتی هاتنی فرۆکە بێ ویژدانەکانی ڕژێمی تارابلری تاران ، کۆمەڵی هاووڵاتیانی چۆمان بوونە قوربانی ، ئەمەش نیشانەیەی ناشکرای بێ دەمەڵاتی و ڕەگەزپەرستی ئەو ڕژێمە بۆ گەنەیە کە لەوەتی هاتۆتە سەر تەخت گەلانی ئێران بە هەموو شێوەیەکی تاڵو نامرۆڤانە دەچەوسێنێتەوەو بەبێ گوێپێدانی هیچ مانایەکی ڕەووشتی ڕاستەقینە ، بەڵام خوێنی ئەوانەی فیرۆ ناڕواتو ڕۆژێ دادێ دەستەودایەرەی ئەو ڕژێمە تێك و پێك دەشکێ .

● بەڵام هاووڵاتی ـتۆفیق مەلا ـ بەرامبەر بە شەهید بوونی خوارزایەکی ددڵێ :

× ڕژێمی ئێران کە خۆی لە پەنای ئایین شاردۆتەوە ، بێجگە لەوە هیچی تری لە دەست نەهات کە بەوپەری ترسنۆکی خۆی ، فرۆکەی ناردە سەر وڵاتەکەمان و منداڵو پیری بێتاوانی

لەناوبرد ، کەچی سوپای دلێرمان بەرامبەری وەستاوەو هەموو ڕۆژێ چەندەها سەرکەوتن تۆمار دەکاتو وێنەی گەورەترین پاڵەوانیەتی دەگێڕنەوە ، چونکە داوای ئێمە لەسەر هەڵوێستو ڕۆڵەکانمان بەوپەڕی باوەڕی ڕاست دەچەنگو لەسەر وەرگرتنەوەی خاکی زەوت کراوی خۆیان سوورونو ناگەڕێنەوە ، کەچی سوپای ترسنۆکی دەسەڵاتدارانی ئێران هەردەم لە شکاندندایە تا ئەو ڕۆژەی کە بە تەواوی دەروخێو سوپای دلێرمان سەرکەوتنی کۆتایی بە دەست دەهێنێ .

● هەر لە چۆمان ، ئامۆزای شەهیدێك کە « ابراهیم نبی »یە لە وەڵامی پرسیارەکانی ـهاوکاریـ ووتی :

ڕژێمی خومەینی درۆزنە ، باشترین بەڵگەش بۆئەوە ، ئەوەیە ، کە لەپەنای ئایین خەڵك دەڕوتێنێتەوە ، هاووڵاتیان لە سێدارە دەدا بەبێ ئامارە ، بەتایبەتی گەنی کورد کە داوای مافی ڕاستەقینەی خۆی دەکات ، بەڵام ڕژێمی ئێران مافی ڕاستەقینەی ئەو گەلانەی پێشێل کردووەو لەم درایەش ویستی بێ ئابڕوانە دەست درێژی بکاتە سەر وڵاتەکەمانو ئەوەبو لەلایەن هێزە دلێرەکانمانەوە بەوبەڕی نازایی وەڵامی ئەو تاوانانە درایەوە .

«فاطمە»ی ناوە ، ● دایکی شەهیدێك کە لەوەڵامدا ووتی :

× ئاهی منو هەموو دایکانی کوردستان ، ڕۆژێ دادێ ڕیشی خومەینی دەسووتێنێو دەیکاتە پەندی گەورە ، چونکە منداڵی ئێمەو جگەرگوشەکانمان ناشکرایە بێگوناهنو بەرگری لە خۆیان و نیشتمانەکەی خۆیان دەکەن .

ـ شێرزاد عبدالرحمن ـ

وەکو دەزانین دەشتی شارەزور وەك چۆن خاوەنی مێژوویەکی تایبەتی خۆیەتی ، چەشنەش یەکێکە لەو زەویانەی کە لە کوردستانی عێراقدا بە پیتو بەرەکەتی ناسراوەو لە هەموو وەرزێکدا بەرهەمێکی چاکی تیادا هەڵگیراوە ...! بەڵام لەبەر ئەوەی تا ئەم چەند ساڵەی ڕابوردوەش هەرکشتوکاڵی خۆماڵی تیادا کراوەو لایەنێکی شارەزانەبوو سەرپەرشتی بکات بۆیە ئەو بەرهەمەی کە هەیبوو هێشتا بەچاو پێزی زەویەکەوە جێگای ڕەزامەندی نەبوو ... بەڵام ئێستا دەزگای کشتی کشتوکاڵی بارزەوەندی شارەزور ئەم لایەنەی بەسەر کردۆتەوە .

گفتوگۆیەك لەگەڵ کارپەردەستانی کشتوکاڵ لە دەشتی شارەزوردا

دەشتی شارەزوورو بەرهەمی بە پیت

لە چاوپێکەوتنێکی بەڕێز جاسم محمد صاح السعدی بەڕێوەبەری کشتی ئەم دەزگایەدا . سەرەتا وتی لەبەر ئەوەی ئێستا وڵاتەکەمان بە قۆناغێکی زاستدا تێ دەپەڕێ لە ئەویش بەرگری کردنو پاراستنی خاکو ئاوو مافی ڕەوای وڵاتەکەمانە لە چنگی فارسە ڕەگەز پەرستەکان لە لایەکو لە لایەکی کەشەوە لەبەر ئەوەی لایەنێکی کشتوکاڵی بەسەر دەکەینەوە بۆیە هەوڵی سەرەکیمان چەسپاندنی ئەو دروشمەیە کە دەڵێت دەستێك چەك هەڵدەگرێ بۆ پاراستنی ئەم نیشتمانەو دەستێکیش لەپێناوی زۆر کردنو چاك کردنی پەرهەمدا کار دەکات . لەم ڕووەشەوە ڕێ کاروباری دەزگاکەمان زۆر بە چاکی دەڕوات بەڕێزوە بەپێی سکستەمێکی تایبەتی چەند تیپێکی پسپۆڕ لەگەڵ ژمارەیەکی کرێکاران ئامادە کراون بۆ چاندنی «٩» هەزارو ٦٤٥ دۆنم زەوی بەروبومی جۆربەجۆر تا ئێستاش ـ٧ـ هەزارو ٢٥٠ـ دۆنم زەوی کراوە بە گەنمو هەزارو ٥٠٠ـدۆنم ئامادە کراوە بۆ ئەوەی بکرێ بە کولەبەڕۆژەی دێمی کە ئەمەش دەکەوێتە دەرەوەی ناخشەکەمان

دەکەونە دەرەوەی ناخشەی تایبەتی دەزگاکەمان کە لە پێناوی زیاد کردنو چاك کردنو بەروبومی کشتوکاڵو ئاژەڵدا ئامادە دەکرێ و هیوادارم بتوانین زیاتر کادێری لێهاتو لە داهاتودا ئامادە بکەین لەم دوو بوارەدا بۆ ئەوەی بەروبومی وڵاتەکەمان زیاد بکەین و بەرەوپێشەوەی بەرین .

هەروەها دەست کراوە بە دروست کردنی مەشتەلێك بە بانتای ـ٣٢ـ دۆنم لە کانی پانکە لەگەڵ چاندنی ـ٥ـ هەزار فەلەمی ڕەز لە نارچە شاخاویەکاندا . ئەمەو بایەخ پێدانێکی گەورە بە هەنگ کە ٧٥٨ کورە هەنگمان هەیەو بە سەر ـ٨ـ جێگادا دابەش کراوەو بۆ ئەم ساڵیش «٤» چوار تەن هەنگوینمان لێ چنگ کەوتوە . پاشان دەربارەی ئامادە کردنی کرێکارو کادێری لێهاتوو دەڵێ تواتیومانە لە ژۆر لە دەورەی جۆربەجۆر بەڕێ بکەین لەوانە ـ٢٥٠ـ دۆنم زەوی کراوە ـ١٢ـ کرێکاری کورەی هەنگ و ـ٢٠ـ کرێکاری کۆمبایەن لە سیروانو بەهەمان شێوە لەسەر ئیش وکاری فیتەری بە هەموو بابەتەکانی یەوەو ئامو شایانی باسە زەرەرەیەکی کەمان ئامادە کردوە ئەمەو ڕاهێنانی ـ٢ـ سیانی تر بۆ ئەو لە زانکۆی سلێمانی لەگەڵ ـ٦ـ شەشی کەدا بۆ چۆنیەتی بەختێو کردنی شەتڵی میوە لە سەرچنار ... شایانی باسە هەموو ئەم دەورانەش کە باسمان کردن وەرزی کشتوکاڵی زستانەی ئەمساڵدا توانیومانە لە تیکڕای ١٦١ هەزارو ٤٤٠ دۆنم زەوی‌دا زۆر بابەتی بەروبومی کشتوکاڵی وەدەست بێنین لەوانە ١٢٤ هەزار دۆنم کراوە بە گەنمو ١٢ هەزارو ٦٠٣ بە جۆو ٨٥٤ دۆنم بە چەوەندەرو ٦٥٧ دۆنم بە نیستکو ١٠ دۆنم بە پیازو ١٤٧ دۆنم بە باتلەو ٤٩٤ دۆنم بە سەوزەو جەت ئەمانەشی هەمویان لە زەویەکانی هەروەوزو کەرتەکانی تایبەتیدا بوە ، بەڵام لە زەویەکانی دەوڵەتدا سەبارەت بەو بەروبومانەی کە ناومان هێنان جگەلە سێ پەل کە ـ٥٠ـ دۆنمی بۆ کراوە هەر یەکەیان ـ٧ـ هەزارو ٢٥٠ دۆنم زەوی بۆ چێنراوە کە بۆ تێکڕای ئەمانەش شێوەو ڕێگایەکی زانستی بۆ بەکار هاتوە بۆیە بە چاو جارانی شارەزورەوە بەرهەمەکان جیاوازی یەکی گەورەیان هەیەو هیوادارین لەمەودواشی زیاتر هەوڵ بدەین بۆ پێشخستنی ناوچەو وڵاتەکەمان

فریا عبدالله حسین
نوسینگەی سلێمانی

Institut Kurde de Paris

گۆڤار

شیعری : جەمال غەمبار
« بەشی یەکەم »

ئاگری عەشق هەڵیگرتووی ؟
یان ڕەشەبای مەبلێکی سەرد ڕۆیە ،
وات لێ ئەکا
بەرەو کۆشکێ هەنگاو بنێی
خانەخوێ کەی سەرکەشی یە ؟ !

● × ●

حەزم ئەکرد ڕقی دنیام .
لە جامی شیعرێکی خەستا
بڕشتایە بەسەر ئەمامی ڕازێکتا ..
تا هێندەی تر کرمی ئەم ئازارە شێتە
جەرگم نەخوا ..
بەڵام نە ڕق ئەناسم و
نە ئەسزانم وولاتی ڕق ئەکەوێتە کوێی دنیاوە !

● × ●

تۆ ئەتەوێ وولاتێ بی .
هیچ بارانێك ماجت نەکا ..
شەمالی هیچ نەرمە ڕازێك .
لە دەرگای سنوورت نەدا
ئاسمانێ بی .
چی نەستێرەی چاوەڕەش هەیە ،
لەنازی خۆت بێبەشیان کەی !

● × ●

ئەم پەیامە زۆر گەورەیە ..
ئەم پەیامە کۆڵێکی قورس و گرانە
بە ئاسانیی شانی خۆتی نەدەبێتە بەر
درەختێ خۆی لە ڕووباری چاوەکانی
خۆرا نەشوا
خاك ڕەگەکانی ناناسێ ..
گەڵاکان ئابنە میوانی ..
لە باخی مەزنی شەوا ،
سروەباش بۆی
بێ ئاکەنێ

● × ●

« بەشی دووەم »

ـ سەرکەوتن بە کێوا ناخۆشە !
+ ئەزانم ئەتەوێ بڵێی .
بەم کێوەدا سەرناکەوم
ئەم کێوە زۆر جاران .
ئەبێتە ناسنامەیەکی گەورەی ئێسان و
لەسایەیدا بارگە ئەخات .

● × ●

دەستت لەناو دەستما بوو ..
ویستم بەکێوی بەرزی بڕوایەکا سەرت بخەم
تا ئەودیوی هبواکانی خۆت ببینی ..
ئەمزانی تۆش غەریبی سەر ،
شەقامێکی بێ درەختی .!

● × ●

ئێستاش کەڕێم ئەکەوێتە «ئەوێ»
لەدوورەوە هەست بەخورپەی شتێ ئەکەم
دڵم لەخۆوە ئەکاتە .
دوورگەیەکی وشك و برنگ ..

● × ●

ئێستا لێرەم ..
کە بەیانیان تەزووی بێداربوونەوەیەکی خەمناك
لەنامێزی ساردو سڕی خۆیم ئەنێ ،
چاو هەڵئەبڕم ،
لەبری سەرین کۆمەڵێك خەم
لەژێر سەرما کەلەکە بوون ...
ئێستا لێرە ..
کۆمەڵێك خەم ، گەورەو بچووك
گەرما ئەبەخشن بەگیانم ..
هێندە یادی ئێوە ئەکەم ..
وا حەز ئەکەم ،
لەبڕ لە بیرم بچنەوە ..
بەڵام هەیهات ، ئەو یادانە
ناگرێکی ئەزەلین و ، بەربۆنە گیانو هەناوم ..

● × ●

گەر بیرکردنەوە لەئێوە ..
تەنیا شەوێك و دووان بوڕایە
گڕم لەشەوان بەرئەدا ،
هەتا سەحەر هاودەمی بێداریی نەبووم
بەڵام چیبکەم ، نە شەوێکە
نە دووان
نە سێیان
بۆیە لەبادم ناچنەوە ..

● × ●

مۆمێکی کز ..
گیانی تاریکی ژوورەکەم ئەسووتێنێ ،
ئەو شیعرەی لەبەر ڕووناکیی مۆما
لەدایك بێ
خەمی وولاتێکی پێیە ..
گلێنەی چاوی شاعیرە ..!

« عوسمان هەورامی »

یەکێ لە هەنگاوە پیرۆزەکانی ساخکردنەوە و زیندووکردنەوەی کەلەپووری گەلی کوردمان ، کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نادیار و دۆزراوەی شاعیر و نووسەرەکانمانە ، دەربارەی ئەم هەنگاوە بەنرخە و هەڵسەنگاندنی زۆر نووسراوە و گەلێ پەسەند کراوە ...

باگوزاری بدڵدی بدۆکێنری

شاعیری مەزن و هێژای کورد « مەولەوی »ی ئەمر، یەکێکە لە ڕیزی پێشەوەی کاروانی ئەدەبیی هەمیشە پرشتگدارمان و تا بە دوای شوێنەوارەکانیا بگەڕێین و دەربارەی بنووسین هێشتا هەر کەمە .. بۆ ئەم مەبەستەش زانای بلیمەت و هەڵکەوتووی کورد بەڕێز « مەلا عبدالکریمی مدرس » تەمەن و توانایەکی زۆری تەرخان کرد و . ڕەوانی مەولەوی و چاوی خوێنەری کوردی بە دیوانی مەولەوی ڕۆشن کرد ، کە تاقە سەرچاوەیەکە تا ڕادەیەکی زۆر زۆر بۆ ساخکردنەوە وگەڕان بە دوای بەرهەمی مەولەویدا پشتی پێ بەستری ..

بەڵێ شاعیری زۆرمان هەن کەبەرهەمیان بە رچاونەکەوتووە ، زۆریشمان هەن هەندێ بەرهەمیان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانا بڵاوکراوەتەوە ، تاك وتەرایەکیشیان بەختەوەر بوون و لە دەقی دیوانێکا بەرهەمیان بارێزراوە و گەیشتۆتە خوێنەران .... جا سەبارەت بەوانەیان دیوانیان چاپکراوە ، پێویستە لە هەر کەشکۆڵ و دەسنووسێکا هۆنراوەیان بەرچاو کەوت وکەسێ ویستی ساخی بکاتەوە، یەکسەر بگەڕێتەوە سەر دیوانە چاپکراوەکە . جادرای پیاچوونەوە وبەراوردێکی ورد ، ئەگەر هۆنراوەکەی بەرچاو کەوت ، وابانە خۆ ئەگەر تیایا نەبوو جاباسکی لێ هەڵبکا و لە ژێر سەرباسی (ئەوەندە هۆنراوەی بڵاونەکراوەی فلان شاعیر) دا بەرهەمەهەڵدراوەکە بخاتە بەردەستی خوینەر .

یەکێ لەو برایانەی بەیرەویی ئەم هەنگاوە گرنگەی ئەکردووە ، کاك (ابراهیم محمد قادر) ە ... ئەم بڕایە لە گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) دا ، ژمارە (٦٠)تەممووز و ئابی (١٩٨٠) بەسەر دێڕی (سێ پارچە شیعری بڵاونەکراوەی مەولەوی) ، وە ئوای شێواندنی شێوەی فۆرم وئاواز و سەروای زوربەیان ، سێ پارچە شیعری بڵاوکراوەی مەولەوی بڵاوکردوونەتەوە ....

ئەوی تەنیا جارێ دیوانی مەولەوی خوێندبێتەوە ، یەکسەر ئەزانێ (هەر سێ پارچە شیعرە بڵاو نەکراوەکان) لە دیوانەکەدان ، بۆیە ئیتمە پێویست بەو هەموومانددووبوونەی نووسەر وگۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) نەبووە ... ئەمە سەرەڕای ئەوەی نووسەر بە ڕادەیەکی زۆر کەم شارەزای شێوەی(گۆران ـ هەورامی) یە ، بەڵگەش ئەو هەموو هەڵانەی لە ڕوونووسکردنی هۆنراوەکانا هاتووتەتە کایەوە ، ئەمەش وای لە کارەکەی کردووە کە هەندێ بڕگە و تاکە هۆنراوە و زۆروشەی شێواندوون وڵەجیاتی ساخکردنەوە ، هۆنراوەکانی تێك شکاندوون .. . ئەشکرێ ئەم گلەیی یەمان ئاراستەی خاوەنی دەسنووسەکەش بکرێ هەروەها هەڵەی چارە سەرنەکراوی چابیش تا ڕادەیەك خولی خۆی ئەبینێ .. . ئەوەش لە یاد نەکەین کە پێویستە پێش بڵاوکردنەوەی بەرهەمی شێوێنراو ، دەستەی نووسەرانی گۆڤار وڕۆژنامەکان تا ڕادەیەکی زۆر ئاگادار بن و پێویست بەجێ بهێنن ...

جا ئێستاش دوای سەرنجدانی ئەم رستەیەی نووسەر :

« بۆیە وێنەکانی ئەم هۆنراوانە دەخەینە پێش چاو و بە ڕێنووسی ئێستا پێشکەش بە خوێندەوارانی کوردی دەکەین ...) بەڵێ دوای ئەم سەرنجە ، با لەدیوانی مەولەوی و گۆڤاری ڕۆژی کوردستاندا سەرنجی هەر سێ هۆنراوەکان بدەین ودێڕ بە دێڕ بەراوردیان بکەین و ڕاستیمان بۆ دەرکەوێ ..

پارچەی یەکەم لەگۆڤارەکەدا بەم چەشنە دەستپێ دەکات :

« چون ئیحیا نەبۆن نەشۆن و مەردەن »

ئەم هۆنراوەیە لە دیوانی مەولەویدا و، لە لاپەڕە«١٢»دا لە زنجیرەی پینی «ئەلەف»دا ژمارە ٤ ی دراوەتێ و سەرەتاکەی بەم چەشنەیە =

« ئیحیا نەبوون ، سانەشوون مەردەن »

دێڕ	دیوان	گۆڤار
١	نەبوون ، نەشوون . ئەیش کەردەن .	نەبۆن ، نەشۆن . گلەیش کەردەن .
٢	شۆ .	شۆ .
٣	ئەسکەنجەبین ، دەس سوروشتەکەت . زێبا و زوشتەکەت.	ئەشکەنجەبین ، دەست سوروشتەکەت . زیبا وەزوشتەکەت .
٤	بە بادەکەی وێت جام جام وەردەوە . دووریش .	بە بادەکەی وێت جام جام وەردەوە . دووری .
٥	گا وە نازەوە .	گا جە ڕووی نازەوە .
٦	هیجران ویداعت .	هیجرەت ویداعیت . بەیامێت .
٧	دەیما ، خەمبارەکەی. شاد بەر وە دین .	ئیسە ، خەمبارەکەی . شاد بەرەو دین .
٨	تیرەکەی ، وەزامداری ی . بوردەباری .	تیرەکی ، من زامداری . بەردەبازی .
٩	ئەو وەخت پای کاوەەرد دل تەم بۆ . ئەساسەی دووری ئازیزان جەم بۆ .	ئەساسەی دووری ئازیزان چەم بۆ . ئەو وەختە پای هەر دل ئەم بۆ .
١٠	نەبڕیۆ ، مدۆ وە .	نەبیری و ، بدۆ ئەو .
١١	هیممەت وازیشەن . تاقەت شۆن دیابیشەن .	هیمەت خواهیشەن . تەئەمول دیاییشەن .
١٢	مدۆ تێش ئامان . نەوتوول .	بدۆ ، پەیامان ، نازك .
١٣	بەراوەردەمەن . وەشەمال کەردەمەن .	بەرناوەردەی من . شەمال ، کەردەی من .
١٤	مەترسوو ، جەحفظ . مۆچۆ خەزانەی خەیال شەمال .	نەترسوم ، جە لەفزی . نەدەروون سۆچۆ خەزانەی خەیال .
١٥	شەو و ڕۆ، دیدەنت. فتۆمەن .	شەو تا ڕۆ ، دیدەنیت . قەتۆمەن .
١٦	یەند وە یاد . وە دەور سارا وسەرکۆوە .	یەتدۆ یاد . وەدەورساراو سەر کۆوە.
١٧	نمەز .	ئەمی .
١٨	حالەت ، دووریچت .	حالات ، دووریچت .

پارچەی دووەم لە دیوانی مەولەویدا ، لە لاپەڕە (فێ)دا ،، ژمارە ٣ ی . ٣٤٠ دا ، لە زنجیرەی بینی دراوەتێ :

دێڕ	دیوان	گۆڤار
١	مشناسووت ، چەپ کەردەن .	مەشناسۆت ، چەپ کەردەن
٢	چێش مبۆ	پێش مەبۆ
٣	گوش دای .	گوش ڕای
٤	وەس بۆ ، بازەم دل وەشم ، بەر و بوومە .	وەس ، یازم دل وەشەم ،مەرز و بوومە .
٥	پەی فێتکەی دل هەراسانەکەش .	نی یە .

بـروانە : ل ٧

Institut Kurde de Paris

سەرۆکی فەرمانده «پاشماوه»

ئەوەی مەسەلەیەك وابوو لە داڤۆکی کردن لە سەربڵندی‌ی نەتەوەدا لاسایی بکرێتەوە .. بەم جۆرەیش پاڵەوانێك بوو لە پاڵەوانە مەزنەکانی نەتەوەو جێی شانازی‌و ڕێزی هەموو لایەکمانە .

هەروەها خێزانی شەهیدی پاڵەوان لە چاوپێکەوتنەکەدا کە بەڕێز طارق حمد العبدالله ئەمینداری نهێنی‌ی گشتی‌ی نەنجومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش تێیدا ئامادە بوو ستایشی ئەو چاودێری‌یەی دیارەی کرد کە بە خێزانی شەهیدان دەدرێت لە لایەن بەڕێز سەرۆکی فەرماندەوەو دووپاتی ئەوەی کردەوە کە شەهید بوون بووەتە ئاواتی هەموو هاوڵاتییەك چونکە جێگای شانازی‌و ڕێزی هەموو عیراقییەکانە .

ڕاپۆرت «پاشماوه»

لێکۆڵینەوەی لیژنەکانی بەڕێز وەلید محمود بەڕێزگاری سلێمانی بە وەکالەت سەری لێدان‌و دەربارەی چۆنیەتی ئیشوکاریان قسەو باسی لەگەڵدا کردن‌و پێشنیارو ئامۆژگاری‌ی خۆی بۆ باس کردن‌و داوای لێ کردن هەوڵێ دڵسۆزانە بدەن بۆ بەدی‌هێنانی پلانێکی زانستیانەی بێشکەوتوو کە بە گوێرەی خواستەکانی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش بێت‌و بێتە هۆی زیاد کردنی بەرهەم لە ناوچەکەدا .

● کاروباری لیژنەکان نزیکەی سێ ڕۆژی خایاند‌و دوواجار لە هۆڵێ بەکیەتی سلێمانی ئامۆستا وەلید محمود‌و عبدالمنعم بادی جێداری ئەمینداری گشتی گشتوکاڵ‌و چارەسەر کردنی گشتوکاڵی ناوچەی کوردستان ئامادە بوون‌و هەروەها ئەندامانی کۆنگرەکە موناقەشەی بارو پلانەکانی لیژنەکانیان کردو ئەم دانیشتنە نزیکەی ٦ سەعاتی خایاندو دوواجار هەمووان بڕیاری پلانەکانیان زۆر ئامادەی کۆنگرەی دەبەمی دو ئامادەی کۆنگرەی دەبەمی وڵاتیان کرد کە لە بەغدادا ئەنجامدرا .

پ . هاوکاری لە سلێمانی

پەرەسەندنی «پاشماوه»

نێوان کۆمەڵێکی چەکداری بەرهەڵستی‌کەری ڕژێمی فەرمانڕەوایی لە سوریاو لە نێوان هێزەکانی ئاسایش‌دا ڕووی داوە لە ئەنجامدا هاشم خضرر لە کەمپانی سەر بە ڕژێم‌و عبدالوهاب خلوص لە کۆمەڵە چەکدارە بەرهەڵستی‌کەرەکەی ڕژێم .

هەروەها لە هەمان هەفتەدا پێکدا هەڵپژانێکی‌تر لە نێوان هێزەکانی ئاسایش‌و زمارەیەك بەرهەڵستی‌کەران‌دا ڕووی‌دا .

هەروەها ئەوانە ووتوویانە لە هەشتی ئەم مانگەدا لە شاری حمص پێکداهەڵپژانێکی چەکدارانە لە نێوان هێزەکانی ئاسایش‌و کۆمەڵێکی بەرهەڵستی‌کەری ڕژێمی خوێنین لە سوریا ڕووی‌دا لە ئەنجامدا مرقەدەم عبدالکریم الطویل کوژرا لەگەڵ یەکێك لە بەرهەڵستی‌کەرەکان‌دا .

لە شاری حەمایش دزی‌و حەردەبی کردن لە دارودەزگاو بازاڕەکانی شاردا دووبارە بوونەوەو هێزەکانی ئاسایش لە حەوتی ئەم مانگەدا چەند ناوچەیەکی ناوەندی شارەکەیان ئابڵۆقە دار دەستیان بە تەقە کردن کردووە لە هاوڵاتیانی ئەمەیش بووەتە هۆی ئەوەی ئەنجێك لە خێزانی شمطیە گیانی خۆی لە دەست بدات .

کورتە هەوال «پاشماوه»

بامادەبی پیشەسازی‌و دوو ئامادەبی بازرگانی‌و دوویش گشتوکاڵی‌و دوو خانەی مامۆستایان بەکێك بۆ کوڕان‌و ئەوی تر هی کچان‌دا دابەش کراون .

لە قوتابخانە مێشەسازی‌یەکان‌دا ٥٩٣ قوتابی‌ی کوڕو کچ وەرگیراون‌و لە قوتابخانە گشتوکاڵی‌یەکان‌دا ٢٠٥ قوتابی‌ی کوڕو کچ وەرگیراون‌و لە قوتابخانە بازرگانی‌یەکان‌دا ٢٠١ قوتابی‌ی کوڕو کچ وەرگیراون هەروەها ٢٩٢ قوتابی‌ی کوڕو کچ لە هەردوو خانەی مامۆستایان‌دا وەرگیراون .

● لە پارێزگای هەولێر جێگری سەرۆك‌و ئەندامانی نووسینگەی ڕێکخراوی بەکێتی‌ی گشتی‌ی ئافرەتانی عیراق لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی لقی پارێزگاکە سەریان لە خێزانی شەهیدان‌و جەنگاوەران داو دیاری‌ی ڕێزلێنانیان پێشکەش کردن .

هەروەها ٧٤ پێشمەرگە لە ساری هەولێر جوونە ڕیزی دەورەی (قادسیەی صەدام) کە بەکێتی گشتی‌ی لاوانی عیراق لقی پارێزگاکە بۆی ڕێك خستوون بۆ ماوەی دوومانگ تێیدا وانە لە بواری کارەباو دارتاشی‌و میکانیك‌و وێنە گرتنی فۆتۆگرافی‌و زیواری‌و فیزیك فێر دەکرێن .

● ئەو پارەیەی کە هاوڵاتیانی پارێزگای دهۆك بۆ زیان لێکەوتووانی هێرشە دڕندەیی‌یەکانی فڕۆکەکانی فارسی دوژمن بۆسەر گەڕەکە نیشتەجێکانی پارێزگاکە . بەخشیویانە کەیشتووەتە ٩٢ هەزار دینار .

● بەکێتی‌ی قوتابیانی کوردستان لە دهۆك کۆڕێکی فراوانی بۆ لیژنەکانی بەکێتی لە کەرتی ئامێدی ساز کرد بۆ ڕوون کردنەوەی جەنگی قادسیەی صەدام دژ بە فارسی ڕەگەز پەستی دوژمن .

لە کۆڕەکەدا کە سەرۆك‌و ئەندامانی لقی بەکێتی لە پارێزگاکەدا ئامادەی بوون دووپاتی ڕۆژی قوتابیان کرایەوە لە ووشیار کردنەوەو ئامادە کردنی جەماوەر لە پێناوی جەنگدا .

● بەڕێوەبەرانی لاوانی پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە کۆبوونەوەیەکدا بە سەرۆکایەتی‌ی بەڕێز حیدر ایرب بەڕێوەبەری وەزرش‌و لاوان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە هەولێر لەو کۆسپانەی کە هاتبوونە ڕێگای ڕایەڕاندنی نەخشەو پلانەکانی بەڕێوەبەرێتی‌یەکان لە ساڵی ڕابوردودا لەگەڵ چارەسەرکردن‌و باز بەسەر دانیان‌دا لە پلانی ئەم ساڵ‌دا .

بەڕیاریشیان دراوە بەڕێوەبەرێتی‌یەکانی لاوان پلانی نوێی خۆیان لەبەر ئەو نیشانانەدا دانێن کە وەزارەتی لاوان دایناون .. بۆ ئەوەی پێشکەشیان بکەن تاکو لە کۆبوونەوەیەکی ئایندەدا کە لە سەرەتای مانگی داهاتوودا دەکرێت لێیان بکۆڵرێتەوە .

بەڕێوەبەرانی لاوان لە ناوچەکەدا لە کۆتایی کۆبوونەوەکەیان‌دا پەیمانیان دا هەموو ووزەو توانایەکیان بخەنە کار لە پێناوی خزمەت کردنی جەنگی قادسیەی صەدام‌دا .

یەکێتی سوفیەت «پاشماوه»

خۆیەوە دەبینێت کە لە مێژوودا وێنەی نەبووبێت هاروەها هێزەکانی ئەمریکا بە بەشداری کردن لەگەڵ کەنەدادا مەشقی گەورەی سوپایی بە مووشەك ئەنجام دەدەن .

ڕۆژنامەکە ووتوویەتی ئەم مەشقانە هەڕەشەن لە هێزەکانی ئاشتی‌ی جیهانی‌و ئەمەو فرۆشتنیکی ترسناکە ئەنجامی ڕاستەقینەیان دەبێت .

هێزە چەکدارەکان «پاشماوه»

دوژمنیان دۆزی‌یەوە کە لە جەنگەکانی ڕابوردوودا بەجێی هێشتبووە . ٧ کۆژراو .. وێران کردنی کۆمەڵێك تەفەمەنی لە ناوچەی شووش . تێکشکاندنی یەك تانك‌و یەك نەفەربەرویەك ئۆتۆمبیل لە ناوچەی خەفاجییە .

هەروەها پارچەکانمان بە توبخانەو بە هاوەن کۆمەڵێك ئۆتۆمبیلی دوژمنیان لە ناوچەی عەبادان خەربەك کردو .. حەوت ئۆتۆمبیلیان نوێتیك شکاند یەکێك لەوانە ساڵۆن بووە .

بەمەوە سەرجەمی زیانەکانی دوژمن بوو بە ٩٧ کوژراو .. یەك تانك .. ئەفەربەرێکی زرێپۆش . . دەئۆتۆمبیل .. یەك ئۆبهاوێز .. یەك بلدۆزەر .. دوو ئۆتۆمبیلی تەفەمەنی .

هێزە چەکدارەکانمان سەرکەوتنی نوێ تۆمار دەکەن .

هەروەها سەرکردایەتی‌ی گشتی‌ی هێزە چەکدارەکان ڕۆژی ١٩ی ئەم مانگە بەیاننامەی ژمارە (٢٢١) ی دەرکرد کە تیایدا هاتووە بە شانازی‌ی ئەوتوە سەرکەوتنەکانی هێزە نەبەزەکانمان بە سەر هێزەکانی ڕژێمی فارسی مەجووسی‌ی ئەلقە لەگوێدا بەردەوامەو پتر زیانی ماڵی‌و گیانی‌یان لێدەدەن . ئەمەو سەرجەمی ئەو زیانانە نێوارەی ١٨و ڕۆژی ١٩ بەم جۆرە بووە .

زیانەکانی دوژمن : دوو کۆژراو لە ناوچەی سەرپێڵی زەهاو . کۆمەڵێك سەربازی دوژمن لە نزیکی سەنگەرەکانی پارچەکانمان لە ناوچەی گیلانی ڕۆژئاوا بینران بۆیە بە هەمو چەکەکانیان چارەسەریان کردن‌و ناچاریان کردن هەڵبێن‌و نۆزدە کۆژراو لە دووی خۆیان بەجێ بهێڵن . پێنج کۆژراو لە بەرانبەر سەنگەرەکانی پارچەکانمان لە ناوچەی سێف سەعد . چوار کۆژراو لە ناوچەی میهران . سێ کۆژراو لە ناوچەی دیزفوول پارچەکانمان لە تێك‌شکاندنی تاقمەکانی دوژمن لە ناوچەی خەفاجییە بەردەوام بون‌و ئەم زیانەیان پێ گەیاندن : ١٨ کۆژراو . تێکشکاندنی شەش تانك ، ٤ نەفەربەری زرێپۆش . هەشت ئۆتۆمبیل کە لە بەکێکیان سەربازیان تێدا بورد . پێنج بنکەی مووشەك‌و یەك بلدۆزەر . هێزەکانمان لە نارچەی عەبادان ٣ کوژراو‌و تێکشکاندنی یەك ئۆتۆمبیل‌و یەك کۆمەڵ تەقەمەنی سەرەڕای تێکشکاندنی نیستگەیەکی مایکرۆیێف لە هەمان ناوچەدا زیانیان بە دوژمن گەیاند .

بەمەوە سەرجەمی زیانەکانی دوژمن بوو بە ١٥١ کوژراو ، ٦ تانك ، ٤ نەفەربەری زرێپۆش ٩ ئۆتۆمبیل یەکێکیان سەربازی تێدا بووە . پێنج بنکەی مووشەك . یەك بلدۆزەر یەك کۆمەڵ تەقەمەنی‌و یەك ئیستگەی مایکرۆیێف .

زیانی ئێمەیش لە هەموو کەرتەکانی جەنگ ٢٠ شەهیدو لە کارکەوتنی ٣ تانك‌و ٧ ئۆتۆمبیل‌و یەك هاوەن‌و یەك زرێپۆش بووە .

باری تەندروستی «پاشماوه»

خراپی چوو سەرەڕای ئەوەی ناکۆکی لەسەر ناوەندیەکانی دەستەڵاتدا پەرەی سەندووە لە نێوان لایەنگرانی بەنی صەدرو تاقمی خومەینی‌دا کە (حزبی ئیسلامی) نوێنەرایەتی‌یان دەکات .

هەروەها ووتوویەتی ئەو ئاڵوگۆڕەی کە خومەینی‌ی تێدا دەژێت بەهۆی بەڵێنە بەردەوامەکانیەوەیە بۆ گەلانی هەژاری ئێران کە هەڕەشەی سەرەکی‌ی ڕووخاندنی شای ئێران بوون بێ ئەوەی هیچ شتێك لە ڕژێم وەربگرن قسەو بەڵێنی زۆر نەبێت .

هەروەها لە سەرکار وارهێنانی ئەمینداری تارانی پاتەختو لێپرسراوەکانی تر لەم دوایی‌یەدا بە هۆی سەرنەکەوتنی لێپرسراوانی ڕژێمەوەیە کە نەیانتوانیوە هیچ شتێك پێشکەش بە گەلانی ئێران بکەن .. هەروەها گۆڤارەکە ووتوویەتی ڕۆژ نی‌یە ڕاپۆرت نەگاتە تاران سەبارەت بەو زیانە گەورانەی لە پاسدارەکانی خومەینی‌دا کە (حزبی ئیسلامی) نوێنەرایەتی‌یان دەکات .

هەروەها ووتوویەتی ئەو ئاڵوگۆڕەی کە خومەینی‌ی تێدا دەژێت بەهۆی بەڵێنە بەردەوامەکانیەوەیە بۆ گەلانی هەژاری ئێران کە هۆی سەرەکی‌ی ڕووخاندنی شای ئێران بوون بێ ئەوەی هیچ شتێك لە ڕژێم وەربگرن قسەو بەڵێنی زۆر نەبێت .

هەروەها لە سەرکار وارهێنانی ئەمینداری تارانی پاتەختو لێپرسراوەکانی تر لەم دوایی‌یەدا بە هۆی سەرنەکەوتنی لێپرسراوانی ڕژێمەوەیە کە نەیانتوانیوە هیچ شتێك پێشکەش بە گەلانی ئێران بکەن .. هەروەها گۆڤارەکە ووتوویەتی ڕۆژ نی‌یە ڕاپۆرت نەگاتە تاران سەبارەت بەو زیانە گەورانەی لە پاسدارەکانی خومەینی‌دا کە (حزبی ئیسلامی) نوێنەرایەتی‌یان دەکات .

داستانا پەریشکا «پاشماوه»

بەلای منەوە ، خۆپێناساندنێکی سارد‌وسڕبوو ، هەرچەندە ناڕەڕۆکەکەی تەقینەوەیەکی گەورەی تیابوو . من ئەوەو کانە خۆزگەم دەخواست کە ناوی نابوایە ـ گرێ ـ لەبەر ئەوەی چیرۆکەکە بێجگە لە کێشە کۆمەڵایەتیەکە ، چیرۆکێکی ـ نەفسی ـ دەرونی‌بوو .

لەژمارە ـ٦٤ـی گۆڤاری بەیان‌یش کاك ـ صلاح‌شوان ـ چیرۆکێکی هەر لەم بابەتە بڵاوکردەوە . بە ناونیشانی ـ دەمەو عەسرانێك ـ و خۆی ناونیشانەکە (کاتی)یە . کەچی بابەتی چیرۆکەکە هیچ پەیوەندیەکی بەو کاتەوە هەر نی‌یە . چیروك نووسێك لە زوورێکا دەیەوێ چیرۆکێك دابڕێژێ . لە بەرامبەر ئۆرکۆنەیشن‌و پەنجەرەی پلاستیکی گەورە ، بە قەڵەمەکەی پەردەکە لادەبات‌و کزمەڵێك منداڵ دەبینێ بە فرچەی گەرمای نیوەڕۆ لەناو حەوزێکا مەلەدەکەن ، کەچی باغەوانێکیان لێ‌پەیدا دەبێ‌و منداڵە ڕەش‌و ڕووتەکان ڕاودەنێ ، بەکێ لەو منداڵانە جلەکەی بەجێ دەمێنێ تا عەسر چاوەڕوانی دانەوەی دەکات ، ئینجا ئەوەو چیرۆکنووسە بە دەنگە ناسکەکەی زێڕینەکەی بیری تێك‌ئاڵۆزاوی دەبڕێ‌و دەڵێ :

ـ سامان ، نایەی تا ئازاد هەڵنەساوە ، تۆزێ خۆمان بدەینە بەر دوشە سارد‌دەکوە .

من تەنیا ئەوەندە هەقەم هەیە کە بڵێم ئەو ناونیشانە ساکارە ، چ مەرکەزیەتێکی هەیە لە کارەسات‌و ڕووداوی نارچیرۆکەکەدا ، بێجگە لە ناچاری چیرۆك‌نووس ئەبێ بۆ لەکۆڵ کردنەوەی ناونیشانەکەی .

باڵوکراوەی «پاشماوه»

کافی‌یەن تەواف ڕای ئاسمانەکەش .

٦ بێ نەڕەشت ، زووخاوبی ، دەروونم نەچەشت . پەی نەڕشت ، زوخاوی‌بی ، دیدەم پەی نەڕشت .

٨ کەروون گوشدای

٩ ئازیزم ، تەوەن‌نی‌یەنان . ئازیز ، تون .....

١٠ ئایر دان بەو تەورمۆبەت سەرای دل مەیلەکەت مەندەن خجل . نی‌یە .

بارچەی سێیەم ، لە دیوانی مەولەوی‌دا ، لە لاپەڕە(١٥٤) دا لە زنجیرەی پیتی(جیم) دا ژمارە ـ ٥ ـ ی دراوەتێ :

دێڕ	دیوان	گۆڤار
١	فەرمات . تەزبیح .	فەرمایێت ، تەسبیح .
٢	تا سەحەر	هەر سەحەر
٣	وضوو وە هوناو . نەمتە .	ومنوو هوناو ، شوستە .
٤	نبشمتەی .	تەشنەی .
٥	نما و ، سیواکەوە ، مزکی‌ی پاکەوە .	نەما و ، سیواکەن ، نەرگی‌پاکەن .
٦	مەرجانی ، هەرسی ، ڕشتەکەی .	مەرجان ، هورسی ، ڕشتگەی .
٧	ئیشس و نیشس ، تەزبیحم ، پەی چیش .	ئیشی نیش ، تەزبیحەن ، پەیکیش .

لە سەرنجی ئەم بەراوردەدا ، ڕادەی تێکچوونی‌هەندێ تاکە هۆنراوە و ، زۆروشەی ڕەسەنمان بۆ دەردەکەوێ ، ئەمە سەرەڕای زیاد و کەمیی هەندێ وشە ، کە زۆرتر بوونەتە هۆی ئاڵۆسکاندنی هۆنراوەکان .. ... بە باشیشی ئەزانم بڵێم : هەر کەسێ لە هەرزمان و زار و شێوەیەکی‌ئاشارەزا نەبێ ، ڕەوا نی‌یە دەسکاری بەرهەمی ئەوزمان و شێوەیە بکات ، خۆئەگەر داوای یارمەتی لە شارەزایان و پسپۆڕان بکات ئەنجامی ڕەنجەکەی زۆرباشتر ئەبێ ...

ڕیگان «پاشماوه»

چلەمین سەرۆکی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا پاش نەواو بوونی مەراوەی سەرۆکایەتی‌ی سەرۆکی پێنجەو چیمی کارتەر .

ئەوەبوو ڕیگان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی‌دا کە لە چواری کانوونی یەکەمی ڕابوردوودا بەڕێوەچوو لەلایەن حزبی کۆماری‌یەوەدژی سەرۆك کارتەری پاڵێوراوی حزبی دیموکراتی‌سەرکەوت .

هەروەها جۆرج بۆش لەهەمان کات‌دا وەك جێگری سەرۆکی نوێی ئەمریکا سوێندی یاسایی خوارد .

بەهەشتی «پاشماوه»

صەدر بۆی باس کردین .. ئەو بەندپیانە هەموویان وەك بەهەشتی خۆشی دەزانێت ئاشکرایە سیاسین‌و دوژمنانی ڕژیمەکەی بەهەشتین !

بەهەشتی کە لە زانکۆی تاران‌دا ووتەی دەخوێندەوە .. ئەو هەزاران فوتابی‌یەی لەیادچووبووەو لەبیر کرد کە ڕژێم بە کافرو بە شەیتان‌ناویان‌دەبات‌و . . ئەوانەی کە دەستەڵاتدارانی خومەینی‌یان ناچارکرد زانکۆکەیان لەبەردەمدا کاڵەبکەن .. نەك لەبەر ئەوەی ناوانێکیان کردووە بەڵکو لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکیان ڕەوشت‌و زانست هەیەو جادووگەری‌و سەرکوت کردنی خومەینی‌یان ناوێت‌و . . چونکە باوەڕیان بەمافی گەلانی ئێران هەیە لە سەربەستی‌و دیموکراتیەت‌و دادوەری‌ی کۆمەڵایەتی‌دا .

هەروەها بەهەشتی ئەوەیشی لەیاد چووبوو باسی ئەوە بکات کە جەماوەرێکی فراوانی ئێرانی‌یەکان لایەنگری حزبە (کۆماری) یەکەی ناکەن‌و بەڵکو لە ڕیزی حزب‌و ڕێکخراوی شۆڕشگێڕ‌و پێشکەوتنخوازی تیدا تێدەکۆشن کە قورسایی‌یەکی کاریگەریان لە ناو خەڵکی ڕەش‌و ڕووتی ئێران‌دا هەیە.. ئەو حزب‌و ڕێکخراوانەی بەرهەڵستیان کردو دژی‌ردفتارە دیکتاتۆری‌و کارە توندو تیژەکانی ڕژێمی خرمەینی بەرهەڵستی دەکەن‌و، کە قایل نەبوونی خۆیان دژ بە خومەینی ڕاگەیاند کانێك دەستی بەسەر دەستەڵات‌و کاری سیاسی‌دا گرت .

جارێکی تریش ، بەهەشتی هەر سێ ملیۆن عەرەبی عەرەبستانی لە بیر کردو ، هەر چوار ملیۆن کوردەکانی کوردستانی لەبیر کرد .

هەروەها بلووچ‌و تورکمانەکانی لەبیر کرد ، هەموو ئەوانەی لەبیر کرد کە ناچاریکران چەك هەڵبگرن‌و دژی ڕژێم بجەنگێن بۆ داکۆکی کردن لە مافە نەتەوەیی‌و مرۆڤایەتی‌یە ڕەواکانی خۆیان کە ڕژێم قایل نی‌یە ددانیان پێدا بنێت .. بۆ دواجاریش کە دواجار نی‌یە ، بەهەشتی ئەو (کەرتە ڕۆشنبیری‌و سوپایی‌یانەی) لەبیر کرد کە کە ڕەجائی دەربارەیان ووتی‌ئەوانە دژی سەرکردەیی خرمەینین‌و ، دەیانەوێت ڕژێم لەسەر کار لابەرن .

تا بەم جۆرە ئێرانی‌یەکانی‌تر ، کە لە کەمیش کەمتەرن ، لەگەڵ ڕژێمی بەهەشتی‌و خومەینی‌و ڕەجائی‌یە ئەڵقە لە گوێکەیدان .. هەمووو ئەوانەی ئەوە دەگەیەنن کە بەهەشتی بە هۆی نەزانی‌و بێ‌مێشکی‌و دواکەوتوویی‌یەوە ئەبزانیوە باش مامەڵە لەگەڵ ژمارەدا بکات‌و ، ژمێرەرێکی بێ‌فەرە .. زۆریش بێ‌فەرە!!

لە ڕۆژنامەی (الثورە)وە
(نەبەز)
کردوویەتی بەکوردی

جیهان « پاشماوه »

پەرددیان لەسەر ئەوە لادا کەلە ساڵی ١٩٨٠ی ڕابوردوودا بە هۆی پێکداهەڵپژان‌و بەیەکدا چوونی چەکدارانەو تەقینەوە هەزارو هەشتاوئەش کەس لە ناوچەکانی لوبنان‌دا گوژراون‌و گیانی‌خۆیان لە دەست داوە .

● لە سلفادۆر ڕاگەیەنراکە هێزەکانی سوپا هێرشێکی بەرانبەرانەیان بردووەتە سەر هێزەکانی چەپەڕەوە بەرهەڵستی‌کەرەکان ئەویش لەهەوڵدانێك‌دا بۆ سەرکەوت کردنی هەر هێرشێکی نوێی‌ئەو هێزانە .

قسەکەرێکی سوپایی‌و ئەوەی هێزەکانی سوپا هێرشیان بردووەتە سەر سەربازگەیەکی سەربازی بەرهەڵستی کەران لە باتووری پایتەخت‌داو دوو سەربازی کوژراوون‌و سێ‌ی ڕیش بریندار بوون .

پێکداهەڵپژانی «پاشماوه»

سێهەمین کۆنگرەی «پاشماوه»

فەرمانڕەوایی کردن چارەسەر بکات ئەوەتا بەنی صەدر دژی‌ڕژێم بە جەنگ دەدات بۆ وەدەستهێنانی چەند خاڵێك لەو جەنگەبدا دژی ئاپاتەکان ئەرایش وای بە باش دەزانن سوپا لەبەری جەنگ بێت بۆ ئەوەی بتوانن دەسەڵات بەسەر دەستەڵاتداریێتی‌دا بگرن‌لە ناوچەناوخۆیی‌یەکان‌داو سەرکردایەتی‌ی گشتی لە ڕژێم‌دا بەردەوام بوونی جەنگ بە تاکە هۆیەك دەزانێت بۆ چارەسەرکردنی پارچە پارچەبوونی بەرەی ناوخۆ .

گۆڤارەکە لە کۆتایی ووتارەکەیدا ووتوویەتی ئەوەی داوا کراوە ئەوەیە جەند کارێکی بە کۆمەڵ بکرێت بۆ پشتگیری‌کردنی هەڵوێستی عەرەبی بە هەڵوێستێکی ئیسلامی بەرانبەرانە هەروەها بۆ بەردە لادان لەسەر ئەو هەڵخە لەتینەی لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە ئێران تاڵای ئیسلامی هەڵگردووە لە جەنگێکی شعوبی‌ی کینە لە لە سکانەی دژ بە ئیسلام پێش هەموو شتێکی ترەوە .

دوایی مامۆستا محمد صدیق محمود ئەمینداری گشتی‌ی گشتوکاڵ‌و چارەسەرکردنی گشتوکاڵ ووردتاریکی خوێندەوە تێیدا ووتی :

پێویستە هەوڵمان بۆ زیاد کردنی بەرهەمی گشتوکاڵ‌و دانانی نەخشەی ڕێك‌و پێك هاوسەنگ بێت لەگەڵ جانبازی‌و خۆفیداکردنی سەربازە دلێرەکانمان ڕووبەڕووی هێرشی ڕەگەزپەرستانی ئێران .

هەروەها لە کۆنگرەکەدا هاوێ نوێنەری نووسینگەی جووتیاران‌ی سەر بە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لقی ژوورو هەروەها کاك ڕفعت عبدالله جێگری سەرۆکی یەکێتی‌ی گشتی‌ی کۆمەڵە هەرەوەزی‌یەکانی جووتیاران‌و نوێنەری نیقابەی کشت‌و کاڵیەکانی عیراق سەرەڕووتارێکیان خوێندەوە ، پاشان کۆنگرەکە بەسەر چوارەدە لیژنەدا دابەش بوو ئەوەیشی شایانی باسە ئەم کۆنگرەیە سێ ڕۆژی خایاند .

شانۆگەری « پاشماوه »

ئازانسی دەنگ‌وباسەکانیش ڕایان گەیاندووە ئەو دوو فرۆکەیەی بۆ گواستنەوەی بە بارمتە گیراوەکان تەرخان کرابوون لە کاتژمێری هەشت‌و بەنجاو پێنج دەقیقەی سەر لەئێوارە بە کاتی تاران فرۆکەخانەکەیان بە جێ‌هێشت .

دوا هەواڵەکانیش وا دەگەیەنن کە بە بارمتە گیراوەکان گەیشتنە جەزایرو لەوێوە گەیشتنە ئەڵمانیای فیدرال کە حەوت ڕۆژ تێیدا دەمێننەوە پاشان بەرەو ئەمریکا دەکەونە ڕێ .

Institut kurde de Paris

لە پیشانگای قادسیەی صدام دا

لەم دواییەداو بەبۆنەی ئاهەنگەکانی جەژنی دامەزراندنی سوپای عیراقی نەبەزەوە ، پێشانگایەك ، بۆ پیشاندانی بەرهەمی پیشەی میللی لە هۆلی کارو پیشەسازی میللی کرایەوەوماوەی دوو هەفتەی خایاند .

پیشانگاکە بەرێز جێگری وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندنی کردیەوەوژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان و قوتابیانی خوێندنگای کاروپیشەسازی میللی تیابدا ئامادە بوون .

پیشانگاکە ، کە ناوی (پیشانگای جەنگی قادسیەی صدام) ی لێنرابوو نەبەزی ولێهاتویی سوپای عیراقی لە جەنگی رەوای قادسیەی صدامدا پیشان دەدا .

بە هونەری چینی میللی وبتەی سەربازی عیراقی درووست کراوەو چەندان تابلۆی تری هەڵکۆلراو لەسەر مس و بە سیرامیك لە پیشانگاکەدا پیشان دراوە کە لێ هاتووی دەستی هونەرمەندەکان پیشان دەدا . هەروەها هونەری پەیکەر تاشی میللی لەم پیشانگایەدا جێگای خۆی هەبوو . سەرەڕای هونەری خۆش نوسی و چنین و رستن و نەخش و نیگاری شێوەی ئیسلامی کە بە جاری وەرگرتی نەشەنگی بە پیشانگاکە بەخشی بوو .

دیارترین تابلۆ ، تابلۆی جەنگی قادسیەی صدام بوو کە بە گەورەیی پێشەوەی هۆڵەکەی گرتبوو . دیسان جل و بەرگی میللی عیراق بە رەنگە ئاڵ و والاکانیەوە لەم پیشانگایەدا جێی خۆی گرتبوو .

سەرگول تەیمور

لەهونەرلە خزمەتی جەنگدا

لەندێك دوردەشت

● مارف عومەر گول ●

● قوتابیەکی هاوڕێم کە لە دواساڵی خوێندنی زانکۆدایە بۆی گێڕامەوە ، لە درسێکدا مامۆستاکەیان باسی (فرۆید)ی کردووە دەربارەی کەسایەتی و دەروونو ئەو قوناغەی کە فرۆید بە پیروڕای خۆی دانیاوە ، کوڕێکی قوتابی لە تەنشتیەوە داوەنیشێو کچێکیش لە کورسی یەکەی بنتیەوە .. کە یەکەمجار مامۆستاکە ناوی فرۆیدی هێناوە هەردوکیان بەیەکەوەو بەبێ ئاگاداری یەکتر بە سەرسوورمانەوە وونویانە : چی ؟! چی ؟!. ڕا دیاربوو هەتا ئێستا هەر ناوی فرۆیدیشیان بەر گوێ نەکەوتووە ! سەیرە ! ئەوە بەستەز مانانە چەند مانگێکی تر زانکۆ تەواو دەکەونو دەکەونە بەر باری ئیش کردن و دانیرەو ژیانەوە ، سەیرتریش ئەوەدایە ئیشەکەی ئەوانیش زۆر پێویستی و موحتاجی ئەو جۆرە شارەزایانەیە ! ئەو فرۆیدە زەبەللاحە خەڵکێکی زۆری تووشی ئەخۆشی کردووەو خەڵکێکی زۆرینی تووشی سەر ئیشەو بگرەو بەردەو ئەمسەرو ئەوسەر کردوە ، جا مەعقولە هەر ئەزانی چی ورتووەو بیرورای چی بووە وەدربارەی ئافرەت و کەسایەتی مرۆڤ ؟!.

ئەگەر بمانەوێ لەگەڵ بیروڕای نوسەرێك یا شاعیرێك یا کابرایەکی سیاسی دا بین ، خۆ ئەوە دەبێ شتەکانی بخوێنینەوەو لێی بدوێین ، ئاخۆ تا چ رادەیەك لەگەڵی دەبین و چەندیش دژی دەوەستین ؟! ئەگەر بشمانەوێ دژی بوەستین ، دیسان پێویستە شتەکانی بخوێنینەوە تا چاکتر لێی تێبگەین و بەڵگەی چاکترمان بەدەستەوە بێت بۆ ڕەت کردنەوەو دژوەستان . جا فرۆید بێت یا هەر کەسێکی تر . ئەو شتانەش کە پێوەندی و کاری بەردەوامیان هەیە لەسەر مرۆڤ هەر دەبێ تا رادەیەك شارەزایان بین و ئاگاداری خۆیان و دژەکانیان بین . گیروگرفتەکەش لای ئەو جۆرە کەسانە لەوەدایە (بۆ نمونە هەر ئەوە و دوو قوتابی یە دەڵێم) عەقڵ و تێگەیشتن و بیرکردنەوەیان لە ساڵی تەواوکردنی زانکۆدا دەربارەی زۆر شت هەر وەکو ئەو ساڵە وایە کە هاتوونەتە زانکۆ ، بە ماوەی ئەو چوار ساڵە جگە لە دەرسەکانی خۆیان نەیانتوانیوە چەند کتێبێك بخوێنەوەو ئیمان بە پێشکەوتن و گۆڕان بهێنن !! .

دەردی لەوە گرانتریش لای ئەو جۆرە کەسانە ئەوەیە ئەو شتانەی کە ئاسایین و لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی شارستانیەتدا ریاتر سەریان هەڵداوە ئەوانە شتی ئاساین و بە عەڵەو نافامی و ناتەواویی لە قەڵەم دەدەن !!.

لە پەیوەندی و کاری بەردەوامیان هەیە لەسەر مرۆڤ هەر دەبێ تا رادەیەك شارەزایان بین و ئاگاداری خۆیان و دژەکانیان بین . گیروگرفتەکەش لای ئەو جۆرە کەسانە لەوەدایە (بۆ نمونە هەر ئەوە و دوو قوتابی یە دەڵێم) عەقڵ و تێگەیشتن و بیرکردنەوەیان لە ساڵی تەواوکردنی زانکۆدا دەربارەی زۆر شت هەر وەکو ئەو ساڵە وایە کە هاتوونەتە زانکۆ ، بە ماوەی ئەو چوار ساڵە جگە لە دەرسەکانی خۆیان نەیانتوانیوە چەند کتێبێك بخوێنەوەو ئیمان بە پێشکەوتن و گۆڕان بهێنن !! .

دەردی لەوە گرانتریش لای ئەو جۆرە کەسانە ئەوەیە ئەو شتانەی کە ئاساین و لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی شارستانیەتدا ریاتر سەریان هەڵداوە ئەوانە شتی ئاساین و بە عەڵەو نافامی و ناتەواویی لە قەڵەم دەدەن !!.

لە

کەرەوتی ژیانا

● ئەو ئەندازە زانستەی نادەمیزاد لەم پانزە ساڵەی درایبدا دۆزیویەتیەوە ، دووقاتی ئەو ئەندازەیە کە لە سەرەتای شارستانیەتی یەوە تا پانزە ساڵ لەمەوپێش دۆزیویەتەوە .

● نادەمزاد لەوکاتەوە کە پەیدا بووە تا پێنج هەزار ساڵ لەمەوپێش ، ڕێی بە نووسین نەبردبو . تەنها ٥٠٠ ساڵیش بەر لە ئەمڕۆ چاپو چاپخانەی داهێنا . ئەودەمە ساڵی نزیکەی ١٠٠٠ کتێب لەچاپ ئەدرا . لە ساڵی ١٩٦٠دا تێکڕا ڕۆژی ٧٠٠ کتێب لەچاپ ئەدرا . بەڵام ئەمڕۆ ڕۆژی تێکڕا ٢١٠٠ کتێب لەچاپ ئەدرێ . ئەڵێن تا ساڵی ٢٠٠٠ ئیتر ئەلکترۆنیك جێی کاغەز ئەگرێتەوەو کتێب ئەبێ بەتەنها یەکێ لەوشتانە کە کومپیوتەر ڕایان ئەگەیەنێ .

● بەر لە هاتنە دنیای عیسا ، ڕەوڕەوە ، کە لە سەعاتێکدا ٣٥ کم ١٨٨٠دا بەهۆی شەمەندەفەری بە هەڵم ڕۆیشتووەوە ڕادەی پەلەپێی گواستنەوە گەیشتە ١٢٠ کم لە سەعاتێکدا . لە ساڵانی شەستی ئەم سەدەیەدا ئادەمزاد توانی بەهۆی ڕاکێتەوە لە سەعاتێکدا ٦-٧ هەزار کم بڕێ . پاشان توانی بە پاپۆڕی ئاسمانی سەعاتی ٣٠ هەزار کم بڕێ . لە ساڵی ١٩٦٨ یشدا توانی لە سەعاتێکدا ١٤٢ هەزار کم بڕێ و بگاتە مانگ ، واتە بە سەعاتێك بە دەوری هەموو گۆی زەویدا بخولێتەوەو زیاتریش . ئەمڕۆش لە گەشتی بەدوای ئەستێرەکاندا چەند قات لەمە زیاتر ئەبڕێ .

● لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە تا جەنگی یەکەمی جیهان ، بەرهەمی ڕۆژاوا ساڵی ٥٪ی زیاد ئەکرد . لەوکاتەوە تا ساڵی ١٩٦٥ بوو بە ٧٪ لە ساڵدا . تا ١٩٧٥یش بوو بە ١٨٪ لە ساڵدا . واتە ئەو منداڵەی لە ١٩٧٥دا لەدایك بووە لە ئەمەلەیەکدا هاتوەتە دنیاوە بەرهەمی ساڵانەی ٤٠ قاتی ئەو بەرهەمەیە کە لە ١٩١٠دا هێنراوەتە بەرهەم .

● ئەگەر بڵێین ئەو وزەیەی لە سووتاندنی ٣٣ ملیۆن تۆن خەڵووز دێتە دەست ئەکاتە کیلۆیەك ، ئەوا مرۆڤایەتی لە چەرخی عیساوە تا ١٣٠ ساڵ لەمەوبەر تەنها نیو کیلۆ وزەی دەست خستووە ، بەڵام ئەمڕۆ بەو حیسابەی پێشوو ئێکرا هەر دە ساڵ کیلۆیەك وزە دەستدەخات .

محمدی مەلا کریم

لە وتارێکی گۆڤاری (العربی)ی کووەیتی دەرهێناوە

بەسان دەمڕێنەوەو بابەتێ نوێ لە جێگایان دەنوسرێن کە ئەمانەش هەمویان کاری هونەری هونەرمەند - خالد زامدارن ، کە لە بەرامبەریاندا جێگایەکی زۆر بچوکی بۆ خۆی گونجاندوەو ئەوەندە تەنگەبەرە ئەگەر سەرێکی تێ بکێشی بە ئاستەم جێگای هەردوکتانی تیا دەبێتەوە .

ئایا خالد دەبێ ئێستا خەریکی چی بێ ؟ تەنها خۆش نوسین یان بابەتی گەش ؟ لەم ڕووەوە خۆی دەڵێ :

هونەر ئەدوێ و کارەسات و وردەکاری یەکانی ئەم جیهانە لە خۆی دەئاڵێنێ بۆ ئەوەی شیان بکاتەوەو لە شی کردنەوەشیاندا بەرهەمی جۆربەجۆر دێتە کایەوە ....! جا ئەو هونەرە ئەگەر ڕەسەن بێ پێویستە بە ڕەسەنی بدوێ و بڵێ و کاربکا .... وردتر بڵێین ئەو دەست درێژیی یەی دەستەو دایەرە ڕەگەز بەرستەکەی خومەینی بۆ سەر خاك و نیشتمانمان کە زیاتێکی گەورەی بۆ مرۆڤایەتی و ڕۆشنبیری و هەموو لایەنەکانی تری کۆمەڵ هەیە ، نابێ پێنوس و لاپەڕەکانی کەسە پاکەکان لە رووبا کەمتر خەمی بکەن . . کەواتە وێنە کێشانیش ئەبێ بدوێ و چاو لە راستی یەکان نەپۆشێ ... هەروەها دەبێ ئەدەب و وێژەو هەموو بابەتەکانی تری هونەر درێ بدەن و پێش بکەون بۆ دەرخستنی توانای هونەری ئەتەوەکەمان .. سەبارەت بەم تابلۆانەش وەك هەستیارێك و خاوەن ویژدانێك لە قولای بیرمەوە هەڵفولاون .

شایانی باسە تێکڕا هەمویان ناوێنەیەکن بۆ پیشان دانی مەیدانی جەنگ لە نێوان سوپای نەبەزی عێراق و هێزە بەزیوەکانی ڕژێمی تاراندا کە لە نێوانیانەوە گیانی سەرکەوتن بەدی دەکرێ و کۆتای ڕەگەز پەرستەکانی ئێران ئاشکرا دەکات لەگەڵ دوپات کردنەوەی ڕزگارکردنی خاکی داگیرکراوی فەلەستین لە چنگی زایۆنیزمەکان .

نوسینگەی سلێمانی

لە بارێزگای سلێمانی دا ئەوەی لەبەر دەرکی سەراوە بەرەو شەقامی سابون کەران سەرکەوێ ، کە دەگاتە جێگایەکی تایبەتی بە ئەلای دەستی راستدا چەند نوسینێکی سەر دیوارەکان کە بریتین لە دێیرە شیعری فۆلکلۆری و ئەدەبی کوردی سەرنجی بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ کە بە خەتێکی خۆش نوسراون بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك دەمێننەوەو

سەرکەوتنی سوپای دلێرمان و نۆچەدانی دوژمن لە لۆنیست و بەرلەمی ئەم لەونە رەمەندانە دا

چیرۆکی منالان

گوڵ و بە پوولە

نووسینی : فیکتۆر هۆگۆ گۆرینی : جەمال نوری

ـ گوڵێکی جوان بە پەپوولەیەکی گوت ... تۆ ڕامەکە تا بۆت باس کەم جیاوازی نێوانی من و تۆ چەندە فراوانە !

ـ من لە شوێنی خۆما وێستاوم و توانای ڕۆیشتن و جوڵاندنم نیە کەچی تۆ بۆ کوێیەك بتەوێ ئەچیت و لەگەڵ ئەوەدا پەیوەندی نێوانیشمان گەلێ بەتینە .. تا خەڵکی وانەزانن هەردووکمان یەکین !

ـ بەڵام خەتەتێ کە لە دڵمایە ئەوەیە کە تۆ سەربەربەستی و منیش کۆیلەو دیلی زەوی !

ـ ئاخ گیانەکەم ... کە بەم دیلیەم دڵ گرانم !

ـ هاوڕێ .. یەك داخوازیم هەیە .. ئەویش ئەوەیە کە ئەڵێ شاد ئەبووم بەوەی لە ئاسمانا فڕینتم بڕکردایە لە بۆن و بەرامەی خۆش و لە بەرزاییدا بێك بگەیشتینایە ! بەڵام گیانەکەم تۆ ڕانەکەیت و من جێ دەهێڵیت و لە نێوان گوڵی تردا خۆت ئەشاریەوە کەچی منیش هەر لە جێی خۆمامو ئەبێ بڕوانمە سێبەرو هاتوو چۆکەت !

ـ تۆ ڕانەکەیت و ئەگەڕێیتەوە ... بە ئارەزووی خۆت و دڵی خۆت بۆ هەر کوێ بتەوێ ئەچیت و تا بەڕووی خۆرا بڕیت و بریسنکێتەوە ئاسمان پڕ کەیت لە شادی و خۆشی !

بۆیە هەموو بەیانیانێك لە چاوانما دڵۆپە فرمێسکی ئاڵ ئەبینیت !

ـ ئاخ گیانە ! بۆ ئەوەی خۆشەویستی مان درێژە بکێشێ .. داوامە یان تۆش لە زەویدا وەك من بڕوێیت

ـ یان دووبالیش بۆ من بحوازە .. تا منیش وەك تۆ پێیان بفڕم !

هۆنراوەی منداڵان

بەستەی منداڵێکی مەلەبادە

× × × «سۆران»

گوڵی خونچەی نیشتمانم
چقڵم بۆ دوژمنانم
سوێندم خواردووە بە ئینسان
بۆ منداڵی .... هەژاران
پێنووس بم ، جل و بەرگ بم
نازا هاوڕێی تفەنگ بم
هەرگیز خۆم نەدۆڕێنم
میللەتم نەڕەنجێنم
قالبووی بیرێکی تازەم
پڕ ئۆرانی و ناوازەم
خۆلیاو هەستو ڕێڕەوم
بۆی ئەژیم دوای ئەکەوم
پردم بۆی تا بمێنم
بەیامەو بەجێی دێنم
ژینم ناوێنەیانە
پاك و بێگەردو نازام
وەك بووکی شۆخی مەرام
ناوازی تێکۆشانە
وەك بێگەردو نازام
لە ڕێگەی قازی ئەمرم
ڕێزی چوار چرا ئەگرم
١٩٨٠ سلێمانی

چاپکراوی نوێ

چاپکراوەکانی نوێ ی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردی

● دوو چیرۆك بۆ منداڵان

« جارێکیان » و «باپیرەم گوتی » دوو نامیلکەی چیرۆکی منداڵانەن ، لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەرچوون و بە چاپێکی قەشەنگ کە لەگەڵ ئارەزوی منداڵاندا بە رووی ڕۆشنبیری یەروەردەوە دەگونجێن .

● گۆڤاری بەیان

بە بۆنەی تێپەڕبوونی (١١) ساڵ بەسەر دەرچوونی ئەم گۆڤارەوە کە لە دەزگاکەمان دەردەچێ ، ژمارەیەکی شێوە تایبەتی دەرچووە کە لە ناویدا ، تۆماریکی تایبەت لەسەر جەنگی ڕەوای قادسیەی صدام بڵاو کراوەتەوە ، لەگەڵ چەندان باس و بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بەکەلکدا کە ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرەکان بە شداریان تیا کردوە .



● بەفرو خوناو

کۆمەڵە شیعرێکی کاك مجید حمد امین سلیمانە لە چاپخانەی الحوادث چاپکراوەو ئەمە یەکەم نۆبەرەی نووسینەکانیەتی .

● ڕۆژ ژمێری پیرەمێرد

لە ئامادەکردنی مامۆستا نەریمان ، ئەمسالیش ، ساڵی ١٩٨١ ، ڕۆژمێری «پیرەمێرد» دەرچووەو بەچاپێکی خنجیلانەو گەلێ بابەتی زانیاری پێویستەوە

دووەم دیوانی شیعری کاك مکرم طالبانی یە لە دەزگاکەمان دەرچووەو (٤٨) پارچە شیعری بەرهەمی ئەم فۆناغەی شاعیری تیایە .

ڕابەری منداڵ

کۆمەڵە شیعرێکی منداڵانە لە سیلمان دەرچووەو لە شیعری کاك عبدالە کوردی یە.

Institut Kurde de Paris